

# مەرگی سەگ

## کورتە چیرۆك

کورتە چیرۆک



# مەرگی سەگ

مەولود ئیبراهیم حەسەن

هەولێر – ٢٠١٧

ناوی کتێب : مەرگی سەگ
بابەت : کورتە چیرۆك
نووسینی: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن
نەخشەسازی : کۆمپیوتەری هیوا
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم / ٢٠١٧
چاپ :

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (       )ی ساڵی ٢٠١٧ی دراوەتێ

ئەم چیرۆکانە پێشکەشە بە :

## گیانی پاکی چیرۆکنووسی گەورەی کورد

## حەسەن قزلجی

## قاقووم..

خوێندەواری بەڕێز.. ئەگەر كاتو تاقەتی خوێندنەوەی هەبێت، ئەوا دەبینیێ ئەم چیرۆكانە.. چ بە مێژووی نووسینیانەوە چ وەك ناوەرۆك بۆ سەردەمی پێش بەهاری هەزارو نۆهەتو یەك دەگەڕێنەوە.

لەوەش وردتر ڕێك دەكەونە نێوان هەردوو كارەساتی ڕێككەوتنی (١٩٧٥) ئێرانو عێراق لەجەزائیر وپڕۆسەی ئەنفالەكانی (١٩٨٨) واتە دەوروبەری سی (٣٠) ساڵ چاپكردنیان وەك كتێبو پێكەوە دوا كەوتووە، ئەمەش مانای وایە زۆربەی گەنجە خوێندەوارەكانی ئەمڕۆمان.. لەسەردەمی نووسینی ئەم چیرۆكانە هەر لەدایك نەبوو بوون! دوور نییە زۆربەیان شێوازی نووسینو ناوەرۆكی چیرۆكەكانیان بەدڵ نەبێ!

لەوە هیچ گلەییان لێ ناكەم، چونكە ئەگەر ئەمڕۆو لەمانگی ٢٠١٧/٨ەش من ئەم چیرۆكانەم نووسیبا هەر ئاوام دەنووسینو پاش ئەو هەمووساڵە دواكەوتن لەچاپكردنیان.. لەكاتی ئامادەكردنیان و پێداهاتنەوەدا هیچ شتێكم لێ نەگۆڕیون!.

ئەگەر وەك كتێبو – كۆمەڵە چیرۆك– چاپكردنیان زۆر دواكەوتن... ئەوا یەك یەكەو لێرەو لەوێ بە ناڕێكی وەختی خۆی هەموویان بڵاوكراونەتەوە، لەگەڵ بڵاوكردنەوەشیان لەنێو خوێندەواران چپە چپەكیان پەیدا كردووە، ئێستاش كە وەك كتێبو كۆمەڵە چیرۆك بڵاودەبنەوە تۆ بڵێی، جارێكی تر چپە چپ پەیدا بكەن !؟ یان ئەوە تە كپو كپ دەكەون.

دەڵێن ژوژك بێچووەی خۆی پێ لەهەموو قاقومێك نەرمترە.. ئێمەش ئەم چیرۆكو نووسینانەی خۆمان بە بێچو دەزانین.. خوێندەواریش ئازادە چۆنیان دەبینێ. بەڵام دەردی سێ ساڵ دواكەوتنیان بۆمن ئاسان نەبوو.

ئێستا ناوە ناوە دەردەكەوێ باوكو دایكێك كچ یان كوڕی (ئۆتیزم) گرتووی نەخۆشی خۆیان لەماڵ بەستووەتەوەو گەورەن و سەرو سمێڵ و سینگو باخەڵیان پەیدا كردووە،ئەم دایك وباوكانە چەند حەز دەكەن منداڵەكانیان چاك بنەوەو بچنە ماڵو مێردی خۆیان .. منیش زۆر لەوە زیاتر حەزم دەكرد ئەم چیرۆكانە چاپ بكرێن و بچنە كتێبخانەكان.. لەم پێناوەشدا زۆرم هەوڵداو ئێرەو ئەوێم پێ كردن بەداخەوە بەختیان هەڵنەدەقەنا.. دواجار بەدرەنگەوە بڵاودەكرێنەوە،وەك ئەوەدایە ئەو كچو كوڕە نەخۆشانە نەك هەرپەتو زنجیریان لەدەست و پێ بكرێتەوە، بەڵكو چاكیش بوونەتەوە، دەی دەمێكە گوتوومانە.. باران درنگیش ببارێ... هەر بارانە.. لەپەنای ئەم بارانە درەنگ باریوو ئەم چاپكردنە درەنگ كەوتووە، داوای لێبوردن لە روحی چیرۆكەكانو لەخوێندەوارە بەرێزەكانم دەكەم.

**مەولود**
**هەولێر- ٢٠١٧**

# بخوێنە خەمت نەبێ

پاشـی عەسـرێکی درەنـگ بـوو، لەگـەڵ ئـەو بـرادەرە بەجووتـە بـە دەوری قەڵادا دەخولاینەوەو وردە بـاسو خواسمـان هـەڵگێڕ و وەرگێـڕ دەکرد. لە گەرمەی وتووێژدا بووین، برادەرەکەم ئەو پرسیارە قورسەی بە ناو چاوم داداو گوتی: ئەرێ چیت کردووە؟ ئەو برادەرە ئاگـادار بـوو کە ماوەیەکی دوورو درێژ بـوو دەهـاتم و دەچـووم، لـەم دایـەرە بـۆ ئـەو دایەرە، لەم کارگەیە بۆ ئەو کارگەیە، هەر هاتوچـۆ بـوو و نەدەگەیـشمە ئەنجام، بەتایبەتی لە هەوڵدانەکەی ئەم دواییەدا چەند پێویستییەکیـشم لێ پێـــک هێنـــابوو، وەك زۆر جـــاری دی بـــە هـــۆی نـــەبوونی تـــەنیا

((پسوولەیەك)) كارەكەم ئاوەژۆ دەبووەوە. ئەم دەزگا زلەی ئەو كارگەو دایەرانەی كە من بۆم هەوڵدەدان. ئەگەرچی وشتری بەبارەوە لێ دەهاتە دەرێ، كەچی لە ڕووی من هێندە چكۆلە دەبووەوەو وێك دەهاتەوە هەرچەندی خۆم كورژ دەكردەوە... بێ فایدە بوو، مەعیدەیان هەڵی نەدەگرتم و بۆیان قووت نەدەدرام، ئەگەریش دایەرەیەك قووتی دابام زۆر زوو قەی دەكردمەوە.

جا نازانم ئەو برادەرە بە چ نیازێك بوو ئەو پرسیارەی لێ زیندوو كردمەوە؟ كە ئەو پرسیارەش لێم ببووە ((هەورازی سێ)) و لێی بەسەر نەدەكەوتم. كە گوتی: ئەرێ چیت كردەوە؟ بەدوو جۆری جیاواز كاری لێ كردم. یان ڕاست تر بڵێم: دوو جۆر وەڵام بە بیرداهات. یەك: ئەو وەڵامەی كە هەمیشە كۆشاوم خۆی لێ ببوێرم. دوو: ئەو وەڵامەی كە دەبوو بۆ برادەرێكی ئاوها دڵسۆزی دەرببڕم هەر هیچ نەبێ خەمی دڵی خۆمی لەلا بە بادەم. بەهەر حاڵ ڕاست و دروست گوتم: ئەم جارەشیان تۆ خۆش. گوتی: یانی پاشی ئەو هەموو ماندوو بوونە دایان نەمەزراندی؟ گوتم: خۆت دەیبینی. زۆر بە توندی و دڵ پڕ هیواوە گوتی: ئەمڕۆ پێنج شەممەیە، بەیانی نا... هەینییە... ڕۆژی شەممە سەعات نۆ لەلای كاكی خۆت حازربە، ئەو كارە بە من گەیشت، هیچ دڵ دڵ لە دڵ مەدە، تا عەریزەكەش هەر خۆم بۆتی دەنووسم، تۆ تەنیا ئیمزا بكەو بەس.

دەمویست خۆم باوێمە سەر پێڵاوەكانی ئەو دەست و دەمە پیرۆزە ماچ كەم، كە ئەو وشە پڕ هیواو كارە پیرۆزانەیان لێ دەوەشێتەوە

گوتم: یانی هەر لەلای خۆتان؟ گوتی: ئا.. ئا یانی ئەوەندەشمان لەدەست نایێ بۆ برایەکی وەك تۆ. تۆ هەر ڕۆژی شەممە سەعات نۆ لەلای کاکی خۆت حازربە هیچ خەمت نەبێ.

کە دەیگوت: ((ڕۆژی شەممە)) وام بە خەیاڵ دادەهات کە هەر ئەودەم خۆ لە برادەرەکەم بدزمەوەو بچم لە لەنێو دایەرەکەیان لێی ڕاکشێم و تا ڕۆژی شەممە هەڵنەستمەوە. ئاخر پیاو بشمرێ هەر لەڕێ کاریدا بمرێ. کوڕە ناهەق نەبووم. ئێوە وەك و من بێ ئیشیتان نەدیوە؟ دەنا ئێوەش بڕواتان بەم پەندە کوردییەی خۆمان دەهێنا کە دەڵێ ((شەڕ لە بەتاڵی چێترە))، من بە هەر دە پەنجە شایەتمانی بۆ دێنم، کە ئەو پەندە ئەوەندە ڕاستەو ڕاستیشە، خۆ ئەگەر من ئازایەتیشم هەبوایە و ئەو پەندە وەك و بڕوام پێی هێناوە ئاواش کارم پێ کردبا، لەم هەموو ماوەیەی بێ ئیشیما کە بێ کارو دەست بەتاڵ بوویمە، دەبوایە دەگەڵ هەرچی خەڵکی ئەم وڵاتە هەیە بە شەڕ بێم، ئەگەرچی شەڕکەری لەبەر دەبڕاو ماوەی بێ ئیشیەکە هەر نەدەبڕایەوە. کە برادەرەکەم ئەم مژدە خۆشەی پێ دام، ئەو ڕۆژە دنیام بە ڕەنگێکی دی دەهاتە بەر چاو... بەجۆرێکی دی بیرم لە ژیان دەکردەوەو دەستم بە باخەڵم ڕانەدەگەیشت. ئەم ئێوارەیە تا لێك دابڕاین نەمهێشت ئەو برادەرەم دەست بۆ جەرگی خۆی بەرێ، ئاخر پیاو ئەگەر هەواڵی وا خۆش ببیسێ، چۆن ماڵی دنیای کە ((چرکی دەستە)) دێتە بەر چاو هەرچەندە کە برادەرەکەم بیویستبایە خۆ بخورێنێ بە هەردوو دەست تێی ڕوودەهاتم و دەمگرت، وام دەزانی

پارەی شتێك دەدا، هەرچەندە ئەو دەیگوت: ((ئەو سەخاوەتە هەڵگرە بۆ پاشی دامەزراندن))، بەلاَم من بەدەست خۆم نەبوو، ئەو ڕۆژە دەست بلاَوی گرتبوومی وەك زگ چوون بەری نەدەدام، برادەرەکەشم هێندە بەهاری ی بوو لەم وشکە ساڵە گیای هێنابووە چۆکان. ڕۆژی شەممە ئەو ڕۆژە پیرۆزە بوو کە من بێ ئارام چاوەڕێم دەکرد. ئەو دوو شەوەی پێشتر بە بیرم نایێ خەوم لێ کەوتبێ. سەعات هەشتی بەیانی بەنێو بازاڕدا ڕۆیشتم و ((ڕۆشنبیرانە ڕۆژنامەیەکم کڕی، هەرچەندە چاوو هەستم لەسەر هیچ هەواڵێك نەدەگیرسایەوە، بەلاَم زۆر ناڕەحەتانە سەراو بنم دەکرد هەشت و نیو بە هێواشی لە دەرگایەکم داو ڕوخسەتی چوونە ژوورەوەم وەرگرت، کە چاوم بە ژوورەکە کەوت، ژوورێکی ئاوەدان و پڕ، برادەرەکەم لە پشت مێزێك قیت دەچۆوە. دوو کچیش هەر یەك لە گۆشەیەکی ژوورەکە سەر کورسی و پشت مێزێکیان داگیر کردبوو، تەنانەت مێز و کورسییەکی بەتاڵیشی بەر چاو دەکەوت. بەپەلە وام بەبیر داهات هەبێ و نەبێ ئەو مێزو کورسییە بەتاڵە بۆ من ئامادە کراوە، هاتمە سەر ئەوەی لە دڵەوە سوپاسی برادەر – کوڕە برا – براو پشتیوانەکەم بکەم. بەڕاستی لەم دنیایە ئەگەر دڵسۆزی وا نەبێ پیاو دەڕووتێتەوە.

کە برادەرەکەم باڵای دیتم، هەڵسایە سەر پێ و ڕۆژباشەکەی بەگەرمی لێ وەرگرتمەوە، کچەکانیش لەبەر خاتری ئەو برادەرە خۆش هاتنیان لێ کردم.

برادەرەکەم ئەسکەمیلی فەڕاشەکەی بۆ خواستم و لەتەك خۆی

جێی بۆ دانام. فەڕاشەکەشی ڕاسپارد، سەبارەت بە من چیا بۆ تەواوی ژوورەکە بێنیّ. بەڵام کە من نەمدەویست زەرەر لەو بدەم و هیچیشم بۆ نەدەخورایەوە بەتوندی پێشگیریم کردو نەمهێشت، دیارە ئەویشی زۆر ملەی نەکرد.

هەر کە هەوەڵ جار کە لە دەرگا وەپشت کەوتم تا ئەو دەمەش دوو کچە فەرمانبەرەکە بە چاو قەدو باڵاو ڕەنگ و ڕوویان دەخوێندمەوە. ((ئێمەی هەژار لە هاویندا کۆکین، خواو ڕاستان ئەو دەمەش ڕووەو هاوین دەچووین و منیش چینی خۆم لە ژێر کراس و پانتۆڕێکدا شاردبۆوە. ئەو کراس و پانتۆڕەی دەیانپۆشم سبەینان لنگ و پیلی تێ هەڵدەکێشم هەموو مەبەستم ئەوەیە دەمەویّ بڵێم: بە ڕەنگ و بەرگ هەژارانە نەدەهاتمە بەرچاوی کچەکان، لە ڕووی بازاڕیشەوە ئەوە خۆتان دەبینن. بۆ ئەوانیشی هەر ترشی خۆش بکاو لە بەرد نەرمتر بیّ. کچەکان یەکێکیان زۆر چاو بازو دەم گەرم بوو ماوەی نەدام ڕووی لیّ وەرگێرم و لەگەڵ برادەرەکەم بکەمەوە ناوەڕاستی مەبەست. برادەرەکەشم هێندەی سەرگەرمی کاربوو، چاك نەدەپرژایە سەر ئەوەی کە لەگەڵ من وازوو گفتو گۆی ئەو باسە خۆشە بکاتەوە کە من بە عەزریەتەوە بووم.

دەرگاکە وەپشت داهات و گەنجێك وەژوور کەوت بە نەرمی بەخێرهاتنی منی کرد چوو لەسەر کورسی و پشت مێزە بە تاڵەکە دانیشت. هەر لە خۆمەوە ئەودەم هێندەم ڕق لەو کوڕە پەیدا کرد. بڕوا بکەن ئەگەر لە دەستم هاتبا.. هەر زوو پیلم دەگرت و نەك هەر لە

ژوورەکە بگرە لە دایەرەکەشم وەدەر دەنا، تەنانـەت وەڵامەکەشـم وەك پێویست نەدایەوە. کچە چاوبازەکەی پێشتر گوتم تـا دەهـات گـەرمتر چاوو لێوی لێ دەخستمەکار کە دەتگوت: بە دڵێك نـا.. بـە سـەد دڵ بـە تۆڕی ئەشقی منداکەوتووە. هێندەی ئیشارەتی ڕێك و دڵگر دەدامێ مـن پێ ڕانەدەگەیشتم وەڵامی بدەمـەوە. دەمویـست تێـی بگەیـەنم کـە ئـەم ئەشق و چاوبازییە هەڵگرێ بۆ پاشـی دامـەزرانم، جـا کـە دامـەزرام ئـەو دەمە بە ئارەزووی دڵی خۆمان بە پای پیلان بە بـەردا دەکـەوین، بـەڵام هێنــدە کــەم ئــەزموون بــووم هێنــدەی دەمکــردو دەمکۆشــا بــۆم تــێ نەدەگەیەنرا.

برادەرەکـەم سـەری هـەڵبڕی و ڕۆژنامەکـەی لـە دەسـتم وەرگـرت و گوتی: چی تێدایە؟ نەیهێشت وەڵامـی بدەمـەوە تەماشـای مێژووەکـەی کرد. گوتی: ڕۆژنامەی پێرێیە، کە گوتی: ((ڕۆژنامەی پێرێیە)) مردن بـە پارە بوایە دەمکڕی ئەگەرچی دەبوایە پارەکەشی قەرد بکەم.

من نەمدەزانی چۆن مەبەستی ڕاستەقینە بژێێنمەوە برادەرکەشـم وا خۆی لێ بەپشت گرتبووم دەتگوت کوڕەکەی ڕۆژی پێنج شـەممە نییـە. بەڵام هەر چۆنێ بێ پـێم لـە ڕووی خـۆم نـاو گـوتم: زەحمـەت نـەبێ بـرا عەریزەکـــەت نووســـی، یـــان خـــۆم بینووســـم؟ گـــوتی: چـــابوو یـــادت خستمەوە.

من لام وابوو ئێستا دەڵێ: پێشی پێی تۆ خۆ عەریزەکـەم نووسـی و ناردمـە لای بەڕێوەبـەر کەچـی گـوتی: مـن نیـازم وابـوو بـەکرێکاریی لـە دایەرەکـەی خۆمـان داتبمـەزرێنم و هەوڵیـشت بـۆ بـدەم تەنـسیبی لای

خۆمـان بـێ، چـۆن پێویـستیمان بـە یـەکێك هەیـەو تـۆش خـەت و قەڵەمەکـەت باشـە و بەتایبـەت زەوقـی ئەدەبیـشت هەیـە، بـەڵام دا لـە شەنسی خۆم، ئێستا دوو شت بۆ کچەکا ڕوون بۆوە یەك:– کە من هـیچ شەهادەیەکم نییەو دوو:– بێ ئیشم. کچە کە ئەمەی بیـست بـە جۆرێـك تریقایەوە کە دەنگی دەهـات. دەتگـوت تەقـەم پێـوە دەنـێ.. هێنـدەم لەبار ناخۆشی بوو. ئـەو دەنگـەی کـەمێك لەوەوپێـشێ وەك خۆشـترین مۆسیقا دەچۆڕایە نێو گوێچکەم، لە دڵـی خۆشـی نـەکردە مـەرەق کـچە گوتی، بێ ئیشە بۆیە زەوقی ئـەدەبی هەیـە. هـەر بـە گـەرمیش گـوتی: دیارە شیعریشی دەنووسێ – ئا توخوا شـیعرێکمان بـۆ ناخوێنیـەوە – بە دڵ پێم خۆش بوو ئەودەم وەك و ئەجندەی بـسمێڵڵای لێ بخوێنـدرێ لە بـەر چـاوان بـزربم. ئـەو کـچەی تـا ئێـستا بـە دەسـت و بـە چـاو پـێ ڕانەدەگەیشت چاوبازیم لەگەڵ بکا، ئێستا پیکـی گـۆڕی و خەریکـە پـێم ڕادەبـوێرێ. دەمویـست هەسـتم و بـڕۆم، بـەڵام نەمـدەزانی چـۆن خـۆ بدزمەوە. برادەرەکەم ماوەی لە کچەکە خواست کـە ڕێگامـان بـدا ئێمـە باسەکەی خۆمان تەواو بکـەین. گـوتی : ئەگـەر ئێـستا شـهادەی سـێت هەبوایە یەکسەر دامدەمەزراندی: گوتم: ناکرێ بە کـەژوەر دامـەزرێم، تـا ئەو دوو سێ مانگەی کە نیازم وایە ((ئیمتیحـانی خـاریجی)) بدەمـەوە و ئەم ساڵ بەڵکە خواو ڕاستان دەربچم و ئەودەم.. برادەرەکەم لە دەمـی وەرگرتمەوەو گوتی: ئەودەم زۆر باشە تۆ بخوێنە دەرچی، هـەر کارتـت وەرگرت بەر لەوەی بچیتەوەماڵەوە کارتەکەت بێنـە لای کـاکی خـۆت و خەمت نەبێ.

برادەرەکەم ئێستا زۆر لە تێرییەوە دەدوێ . دوو سێ مانگ مابوو بۆ تاقیکردنەوە، ئەم ماوەیە بۆ کوڕێکی هەژار و بێ کار چۆن بەسەر دەچێ؟ دەمویست قسەکانی ڕۆژی پێنج شەممەی بۆ لێدەمەوە، کەچی برادەرەکەم گوتی: بەداخەوە.

کە گوتی: بەداخەوە، داخ بە دڵمەوە نرا! ئاخیر کەس پێشی پێی تۆ عەریزەی هێنا.. کەسی تریان ناوێ بەلاَم تۆ هەر کارتت وەرگرت، بێ مننەت وەرە لای کاکی خۆت. بخوێنە خەمت نەبێ !.

ئەو برادەرە لە خوێندندا شهادەی لە من هەورازتر نەبوو، بەلاَم زووتر بەم دایەرەوە نووسابوو، هێندەشی تێدا مابۆوە ترشابوو، ماڵیشی ئاوابێ ئەگەرچی داشینەمەزراندم، بەلاَم هێندەی بەخۆیدا هەڵگوت کە ئەگەر شهادەم بەدەست هێنا بێ مننەت دامدەمەزرێنێ. منی تووشی خۆشییە درۆزنەکردبوو.

چوار مانگ تێ پەڕی بە هەزار کولەمەرگی لە ( هەورازی سێ ) بەسەر کەوتم و دەرچووم، شهادەکەم هەڵگرت و چوومە خزمەت ئەو برادەرە دڵسۆزە. پیرۆزبایی دەرچوونی لێ کردم و بەلاَم دیسان داخی بەداخەوەی بە جەرگمەوە نووساندو گوتی: خۆزگە ئێستا دەرچووی ئامادەیی بوای، هەر ئێستا بە (مەئمور مەخزەن) دامدەمەزراندی.... بخوێنە بەڵکە ئەویش تەواو بکەی چار چییە؟ لەگەڵ – بەداخەوە – چی دەکرێ؟ نازانم ئەو برادەرە لەکۆڵە خۆی دەکردمەوە، یان بەڕاستی حەزی دەکرد بخوێنم.

سێ ساڵ تێپەڕی لە شەشی ئامادەییش دەرچووم و چوومەوە

خزمەت كۆنە شـێخم. دیـسان پیرۆزبـایی لێ كـردم. ئەوجارەشـی داخـی بەداخەوە بە سەركۆنە داخان چرزەی هات بە جەرگمەوە نووسا. گوتی: خۆزگە ئێستا دەرچـووی كۆلێـژییێك بـوای، جـا هەرچـی كۆلیـژێك بوایـە قەیدی نەدەكرد بەسەر چاو هەر خـۆم ئیـشەكانم دەكـرد و ئەزیەتەكـەم دەخستە سەرشانی خۆم و جێم بۆ دەكردیەوەو دامدەمەزراندی.

ئێستاش سالّی ئەخیرمەو كۆلێـژی ئیـدارە دەخـوێنم و هـەمووی دوو مـانگێكم مـاوە، جـا نـازانم هـەتا ئـەو دوو مانگـە تـەواو دەبـێ لای ئـەو برادەرە جێگا دەمێنی، یان ئـەو جارەشـیان داوای شـهادەیەكی تـرم لێ دەكات و پێم دەلّێ: بخوێنە خەمت نەبێ.

٣/١٩٨٠/ هەولێر

# سەرهەڵدانەوە

نەك بـەم ڕۆژی ڕووناکـە، بـەڵکو چـەندین جـار هـەر بەشـەو، شـەوی تاریك و پڕ باوباران، هەر لەم بەرزییەوە، بێ ئەوەی چ جاران ساتمە لـە بـەردێك بکـا، یـان لـە قۆڵتیـك هەڵـەنگوتێو لاڕی ببـێ.. دەگەیـشتەوە ئاوایی. بەڵام، ئەم جارە، بەم نیوەڕۆیە، ئەوە چەندین جـار لاڕێ ببـێ و هەڵەنگوتێ و ساتمە بکات.

نەهەق نییە بۆ دیتن و ڕۆین. تەنیا چاو بەس نییە؟ هەست و دڵـیش پێویستە. پیاو هەتا هەسـتی ئاسـوودەترو دڵـی خۆشـتر بـێ، چاویـشی تیـژترو زەینیـشی ڕوونـترە. هەستیـشی برینـدارو شـێوێندراوە، ئـەوەتا

هەتا ئێستاش.. گەفەکانی ئەفسەرەکەی بە وەرگێڕانێکی ناڕێك.. وەك کۆمەڵە قەلێك بەسەر سەریەوە دەقیژێنن و دەندووك و جینجڕۆك لە هەستی برینداری گیردەکەن.

– ڕانەوەستی.

– ئاوڕ نەدەیەوە.

– دەستت هەڵنەوەشێنی.

– لەڕێ لانەدەی.

کەلەسەر لووتکەکانەوە لە ئاوایی ڕادەمای و خانووەکانی دێ و دار و درەختەکانی ئاواییت وا دەهاتنە بەرچاو، کە کۆمەڵە بەردێکی نەقاڕی کراوبن و لەم هەورازە غلۆر کرابنەوەو لەنێو دۆڵەکەدا شانیان دابێتە یەك و لە نێو گیاو شینایدا شتلێ بوو بن، کە چاویشت بە نەرمی لە ئاوایی و خانووەکان هەوراز دەبردوو بەقەد شاخو لووتکەکاندا هەڵتدەگێڕا، قان قانی سووتان و ڕەش داهەڵگەڕانی دەشت و کێوەکە لەبەرگی ڕەش و پینە پینەی ژنە کوردێکی هەژار و تازییە داری دەکرد. خانووەکانیش وا شانیان دابووە یەك، کە دەتگوت: مێگەلە مەڕەو هەستی گورگیا کردووە.

لەگەڵ هەر ماڵێك یادگار و بەسەر هاتێکی هەیە، لەسەر هەر دۆڵێك و شاخێك چەندین چیرۆك و بەسەرهاتی بیستووەو دیتووە. ڕێگای ئەم سەر لوەتکەیە تا ئاوایی بیست دەقیقە ڕێ دەبێ، بیست دەقیقە ڕێگەش بەشی ئەوە ناکا، ئەم هەموو یادگار و بیرەوەرییانە وەبیر خۆی بێنێتەوە. چ ئەوانەی لەباب و باپیرییەوە بیستوون و چ ئەوانەی بەخۆی

دیتـوونی و بەسـەری هـاتوون: ناچـار زۆر بەپەلـەو ڕەوهـانی ئـەوەی دەستی پێ ڕاگەیشت.. وەبیر خۆی هێنانەوەو بەسەری کردنەوە.

ڕێگای لەبەر ناچێ. جاران هـەر بـە گـۆرانی گوتنـەوە لـەوێوە خـۆی دەکوتایـە نێـو ئـاوایی، تـا دەگەیـشتەوە نێـو مـاڵ گـۆرانی– هۆکـاکی رێبـوار–ی هونەرمەنـد حەسـەن زیرەکـی دەگـوت، خـودا هـەڵناگرێ جوانیشی دەگوت هـەر جـارەش کـە دەگەیـشتەوە مـاڵ، ژنەکـەی پێـی دەگوت: ((دەنگت پێش ڕەنگت دەگاتەوە ماڵ.))

ئێستاش نەدەتوانێ دەنگ هـەڵبڕێ و نـەدەتوانێ ڕێگـا ببڕێ، ئـاخر چـۆن بتـوانێ؟ ئـەوەتا پیـستەی بـووە بـە قـالبێکی ئاسـن و هێزێکـی دنیاکێشی دەوێ جووڵەی تێدا بکات.

– ڕانەوەستی.

– ئاوڕنەدەیەوە.

– دەست هەڵنەوەشێنێ.

– لەڕێ لانەدەی. لە هەر یەك لەم ئامۆژگاریانە لابـدەی، بـێ سـێ و دوو لە پشتەڕا بەر دەسترێژت دەدەین)).

لە کێوەکان ڕادەماو ئاخی هەڵدەکێشاو دەیگوت:

– ئەم کێوانە مرۆی ئازادیان دەوێ.

– ئەمە ژیان نییە، پیاو نەتوانێ لە پێستی خۆی بجووڵێتەوو.

خۆی وەك شـێر، یـان پڵنگـی زنجـیر کـراو دەهاتـە بـەر چـاو، بـەلاَم زنجیر تـەنیا دەسـت و پێـی ئـەوی نەبەسـتبوو، لـە هەسـت و زمانیـشی ئالاَبوو..

– لەوەتەی ئەو ( ڕەبیە)یانە وەك تەیری شووم بەسەر ئەو لووتكانەوە هەڵنیشتوون، ژیانمان لێ تاڵ بووەو ماڵ و ئاوایی خۆمان لێ بووە بە زیندان.

لەپڕ هاتەوە بیری کە ئەفسەرەکە پێی گوت ((پێویستە ئافرەتێکتان لەگەڵ بێ ! دەنا.. بێ ئافرەت هەر کەسێك لەئاوایی بێتەدەرێ، منداڵ بێ، یان پیر وەبەر دەستڕێژی دەدین.

– من و ڕزگاری کوڕم و گوڵخاتوون.

باشە بۆ ناوو تەمەنی هەرسێکمان نووسی؟ چاوەکانی پڕ جن بوون، ئەو چاو زەقە لچ ڕەشە، نیازی باش نییە.

– نە.. منداڵن، ڕزگار دە ساڵەیەو گوڵخاتوون یازدە ساڵانە..

منداڵن، منداڵ.

هەڵدەچوو، بە تووڕەییەوە دەیگوت: ((هەقیانە، هەقیانەو زیاتریش، دەبێ بۆ چوونە ناو ڕەزیش پرسیاریان پێ بکەین و ڕوخسەتیان لێ بخوازین. ئاخر پیاو کەبێ چەك بوو؟ دەبێتە کەوڵە شێر و لە هەڵمەت دەکەوێ و سامی نامێنێ بەتایبەت بەرانبەر بەکەسانێ، لەهیچ نەگەڕێتەوە چەك نەبێ، چاکیان گوتووە ((مست لە درێشە دەگەڕێتەوە))

ئاااخ خ.. بێ چەکی؟ ئاخ خ چەکدامالێن؟

((چەند کوڕت لە دەرەوەیە؟)) خۆزگە چل کوڕم دەبوو و هەر هەموویان لە دەرەوە دەبوون، هەموو ئەوانەی لە دەرەوەن، کوڕی منن، نا. ژینی واخۆشە؟ بۆ چوونە ناو ڕەزی خوایی پرسیاریان پێ

بکەی و ڕوخسەتیان لێ وەربگری. لەوەش خراپتر وادەو سەعاتیشت بۆ دابنێن.

((لە نۆی بەیانییەوە تا یەکی پاش نیوەڕۆ، یەك دەقیقە تێپەڕی، دەگیرێن و دەکوژرێن. ئاااخ.. بێ چەکی،

ئاااخ خ خ.. چەك داماڵین.

**(٢)**

ڕۆژ لەتاقی ئاسمانێ بوو، عەولاڕەش لەگەڵ ڕزگار و گوڵخاتوون، شەش سەر مەڕو سێ بزنیان دابووە پێش خۆو سەگە قوتەکەشیان بەدوواوەبوو. بەرەو ڕەزی دەچوون. ڕێگا چەند پێچوو هەورازێکی تێدابوو. عەولا ڕەش بیری لە ڕەزەکەی دەکردەوە و لە دڵی خۆی دەیگوت: ((ئەو ڕەزە ئەگەر بەچاکی بەناوبێت ئاواییەکی بێ منەت بەڕێوە دەبا، ئەو سێوو هەرمێ و هەنجیرو باوی و خۆخ و هەنارە بگاتە شار بە عەردی ناکەوێ. بەلام، بەچی دەچێ ئەویش ماڵی ئێمەیە و ئێمەش خاوەنی ماڵی خۆمان نین؟ ئاخر ئەم ڕەزە وەك هەر ئاوایی و ماڵە کوردێك، بەشی خۆی بەسەر هاتووە، دووجار سووتاوەو سەر لە نووێ دامان چاندۆتەوە، جارێکیش ناپاڵمی بەرکەوتووەو بریندار بووە، ئێستاش بەو ناپاڵمە سینەی زامدار و چاڵە. چەندین جار من خۆم و برا پێشمەرگەکانم، کە ڕێمان نەبووایە بچینەوە نێو ئاوایی، لەوێ دەحەساینەوەو لەسێبەری دارەکان ڕادەکشاین و بەرهەمی ئەوانیشمان دەخوارد؟

یەك یەك بەسەرهاتەكانی خۆی لەگەڵ ئەو ڕەزە دەهاتەوە بیر، یان ڕاستتر وەبیر خۆی دەهێناوە، تا گەیشتە ئەو ڕۆژەی، كە یەكەم ژووانی لەگەڵ ((سێوە)) ی خێزانی گرتبوو، هەر لەوێش پەیمانی بە یەك گەیشتنیان بەستبوو، ئەنجامی ئەو پەیمانەش ئەوەتە دووانی لەدەرەوەن و دووانیش مردوون و عەمریان بۆ ئەوانی دی بەجێ هێشتووەو دووشی لەگەڵ خۆیەتی.

بیرهاتنەوەی ئەم بەسەرهاتانەی ڕابردوو ماوەیەكی كورت، بیری مام عەولای لەم ڕۆژە ڕەشەی ئەمڕۆی دزییەوە، هەر هەناسە هەڵهێنانێكی و هەنگاونانێكی مردنێكە بۆخۆی، پیاو لەم هەوارە ئەم هەموو بەسەرهاتە پڕ شكۆیەی دیبێ و بیستبێ: ئێستاش ئاوا باڵشكاو بێ. لەپڕ دەنگی ڕزگاری كوڕی خەیاڵەكەی پچڕاند، كە بەنەرمە غار بەدەوری مەڕو بزنەكاندا دەسووڕایەوە و ئەم گۆرانییە خەماوی یەی دەگوت:

((ئاخ ژ دەردێ ڤێ زەمانێ

هەڤڕا سۆتن ڕەز و كانی))

لەگەڵ ئەوەی شیعرەكە وشەی ((ئاخ)) یشی تێدابوو، كەچی عەولاڕەش لە دەنگ و ئاوازەكەی هەستی بە هاندان و خۆڕاگرتنێك كرد. سەری هەڵبڕی سەگەكەیان لەسەر ڕێگا خەریك بوو بەبەردێك دادەمیزت. چەغەی لە سگەكە كردو ڕووی بەلای ڕزگاردا وەرگێڕاو گوتی: ((ڕۆڵە گۆرانی بەكیژان دا هەر بڵێ، بەم كێوانەدا هەر بڵێ ! چیت داوە، لەم گۆرانییە خەماوییە؟))

ڕزگار بەدەم گۆرانی گوتنەوە وەڵامی باوكی ئاوها دایەوە:

– ئەدی ئەوەنییە بە ڕەزان دا هەر دەڵێم بابە گیان:

عەولاڕەش هەستی بە جۆرە تەریق بوونەوەیەك كرد. ئـاوڕی دایـەوە گوڵخاتوون دواكەوتبوو گوتی: ((كیژم پیێ هەڵینە)).

**(٣)**

لەئاوایی پەنا كـەوتبوون. زۆر نـەمابوو لـە گـا بـەردەكان ڕەت بـن و بگەنە ناو ڕەزی، كەچەند دەنگێك تێكڕا تێیـان ڕاخـوڕین، لـە قـسەكان نەگەیشتن. بەلاَم دەنگەكان هەڕەشەو تیێ ڕا خوڕین بوون.

لەگـەڵ دەنگـەكان سـەر و سـەكوتی چـەند سـەربازێكی دەسـت بـە تفەنگ لەپەنا بەردەكان، قیت بوونـەوە، ڕزگـار پێـی بـەغاریێ وەنـاو بـە تووله ڕێگاكەدا هەلاَت.

عـــەولاڕەش بـــانگی كـــرد: مەترســـە ڕۆڵـــە هەڵمـــەییێ: لـــەم لاوە ســـەربازەكان، ڕزگاریـــان دایـــە بـــەر دەســـترێژ، گوللـــەكان بـــە عـــەردی دەكـــەوتن تۆزیـــان لیێ هەڵدەســـتا و هەندێكیـــشیان بـــەر گـــا بـــەردەكان دەكـــەوتن و چـــزەیان دەهـــات، ڕزگـــار وا هەڵـــدەهات و پێـــچی دەكـــرد دەتگوت خۆ لەبەر گوللەكان لادەدا.

گوڵخاتوون بە گریانەوە خـۆی گەیانـدە بـاوكی و دەسـتی لـە قـەدی ئالاَند، عەولاڕەش چاوی هەر لە ڕزگار بوو، دەسـتی بەسـەر گوڵخـاتوون داهێنـاو گـوتی: ((مـەگری كیـژم مـەگری. مەترسـیێ)) لەگـەڵ تەقـەی سەربازەكان مەڕو بزنەكان خڕبوونەوە، سەگەكەش سەربازەكانی داگرت و نەیهێشت بێنە پێش، ئەفسەرەكە لوولـەی دەمانـچەی تێكـردو لـەنێو

چەوانی ئاگردا، بەگوللەی یەکەم سەگەکە هەرگەرم بوو و دەچووپێش. بەلاّم لەگەڵ دووەمین گولله بەلاداهات و حەپەی بووه نووسکه نووسك و خوێنی لەبەر ڕۆیشت. کەوتە پەڵ وەشاندن و هەتا دەهات پەڵ وەشاندنەکەی بێ هێز دەبوو، له خۆڵ و خوێنەکه ڕامابای دەتزانی ئەو بەستەزمانه چەند جاری پەل وەشاندوه تاگیانی دەرچووه.

عەولاڕەش لەم ماوه کورتەدا هەموو ژیانی ئەم بەستەزمانەی هاتەوه بیرو وای بەبیرهات، ئەو بەسته زمانەش مادام لەم وڵاته دەژی و سەگی ئاوایی و بەر دەرکی ماڵه کوردانه، دەبێ ئاوا بکوژرێ و خوێنی لەبەر بڕوات.

دوو فرمێسك لەچاوەکانی عەولاڕەش خزانه سەر ڕوومەتی و هەتا نێو مووه بڕەکانی سمێڵی گیرنه بوون.

یەکێ له سەربازەکان ڕووی کرده عەولاڕەش و لێی خوڕی کەدەست بڵندکا، عەولاڕەش تێ نەگەیشت سەربازەکه بەلوولەی کلاشینکۆفەکەی وای له عەولاڕەش کرد دەست هەڵبڕێ. دەنگی گریانی گوڵخاتوون بەرز بۆوه.

ئەفسەرەکه ڕووی کرده سەربازێك و پێی گوت کەدوو سەر مەڕی قەڵەو به پێشەخۆی بدات و بیبا مەڕو بزنەکانی دیشی لاڕێ کردن و بەردەسترێژی دان. بارەو باعەی مەڕ و بزنه برینداره‌کان دۆڵەکەی پڕکرد.

عەولاڕەش بەدەست هەڵبڕاوی دەسووڕایەوەو دەیویست شتێك بڵێ ، نەچی بۆ دەگوترا نەکەسیش گوێی لێ دەگرت، گریانی گوڵخاتوون

لەگەڵ باعەو بارەی مەڕو بزنە بریندارەکان تێکەڵ دەبوو، مەڕو بزنەکان تا دەهات ناڵەو بارەو باعەیان کپ دەبوو، دەنگی گریانی گوڵخاتوونیـان تـەنیا دەهێـشتەوە، بەسـتە زمانـەکان هـەموو کەوتبوونـە عـەردی و خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت.

عـەولاڕەش دەیویـست بزانـێ هـۆی چـیە؟ سـەری لێ دەر نـەدەکرد. لەپاشدا لەدڵی خۆیدا گوتی: ڕەنگە ئـەوە جەماعەتەکـەی دوێنـێ نـەبن. کەمن ڕوخسەتم لێ وەرگرتن، بەڵام، کەچاوی بەئەفسەرەکە کـەوت زوو ناسیەوە، ویستی بە پاڕانەوەو گلەیی بدوێ، مشتە کۆڵەیەك نێـو دەمـی پڕ خوێن کرد.

گوڵخـاتوون زریکانـدی و باوەشـی لـەباوکی وەرهێنـا. دوو سـەرباز لەعەولا ڕەش ڕوو هـاتن و هەریەکـە دەسـتێکیان گـرت. ئەفسەرەکەش دەسـتی گوڵخـاتوونی گـرت و بـۆ لای خـۆی ڕاکێـشا، گوڵخـاتوون بـە گریانـەوە خـۆی بـەلای بـاوکی داپـچڕیەوە، بـەڵام ئەفسەرەکە زۆر بـێ بەزەییانەوە پەلکێشی کرد.

عەولاڕەش تەواو لە مەبەستیان تێگەیشت، بەتوندی خۆی پچڕیەوەو سـەربازەکان تـەواو عەولاڕەشـیان پـێ بـەرزەفت نـەدەبوو بـە قۆنداغـە تفەنگ شانیان کوتیەوەو لوولەی کلاشینکۆفەکەیان خستە سەر سنگی. ئەفسەرەکە بەتوندی دەستی بەسەر گریان و خۆپچڕینەوەی گوڵخاتوون داگرتبـوو. ئیـشارەشی بـۆ سـەربازەکان کـرد کـە عـەولاڕەش لـەدار بەڕووەکەی لاڕێ ببەستنەوە.

عــەولاڕەش کــەگوێی لــە گریــانی گوڵخــاتوون دەبــوو و دەیــدیت

ئەفسەرەکە زەنگەی گرتووەو دەست بەڕووی دادێنێ و بەری نـادا، وەك پڵنگی زنجیرکـراو دەینەڕانـدو هـەوڵی دەدا خـۆ لەدەسـت سـەربازەکان ڕزگار بکات. بەڵام،

سەربازەکان لەچوارلاوە دەیانکوتیەوەو ڕایان دەکێشا.

گوڵخاتوون کەدەیدی سەربازەکان ئاوا دڵڕەقانە بەربووینەتە گیانی باوکی و زۆر بێ بەزەییانە لێی دەدەن. بەکۆڵ تر دەیزریکاندو خۆی لە عەردی دەکوتا، ئەفسەرەکە تونـدتر بـەرزەفتی دەکـردو پێـی دەگـوت: مـــەگری مـــەگری، ئـــەمڕۆ ڕۆژی بووکێنیتـــە ! گوڵخـــاتوون لـــەزمانی ئەفسەرەکە نەدەگەیشت، هـەر دەگریـا، خـۆ ئەگـەر تێگەیـشتبا زیـاتر دەگریا و زۆرتر دەترسا و پتر ڕقی لێیان ئەستوور دەبوو.

عـەولا ڕەش جەمەدانیەکـەی لـە ملـی هـەڵابوو. خـوێن سەروچـاوی سـوورکردبوو. سـەربازەکان ڕایـان کێشایە لای داربەڕووەکـەی لاڕێـی و پژدێنەکەیان کردەوەو کـردەوەو لـە دارەکـەیان بەسـتەوە. عـەولاڕەش دەپاڕایــەوەو تــەکانی دەدایــە خــۆی. هەرچــەند بــە هێزتــر جووڵابــا، سەربازەکان توندترو کاری گەرتر دەیان کوتایەوە.

ســەربازێکیان لــەکاتێ کــە عەولاڕەشــی بەپژدێنەکــەی خــۆی لــەدار بەستایەوە گوتی: کوڕی سەگانە کندڕی خۆیـان لەگـەڵ خۆیانـە، چـەند درێژە درێژ عەولاڕەش هەردەجووڵایەوەو پەلی دەکوتا، سـەربازەکانیش هــەر لەگۆزینگــەوە هــەتا ملــی بەپــژدێن لەداربەڕووەکــەیان شــەتاند. دوودەستیشی لەگەڵ دوولکـەدار بەسـترایەوە کەهـەر لـە شـێوەی لـەدار دانـی مەسـیحی دەنوانـد، یـان ڕاسـتر عەولاڕەشـی کـورد بـوو لـە(خـاچ

دەدرا):

عەولاڕەش دەست و پێی بەسترابوو، جوولەی بۆ نەدەکرا، بەلاّم هێشتا زمانی دەگەڕا، بەتووڕەیی و پاڕانەوە داوای بەردانی گوڵخاتوونی دەکرد.

سەربازەکان کەتەواو مام عەولاّیان جوولە بڕکرد، پەرت بوون. ئەفسەرەکە دووانی بانگ کرد کەیارمەتی بدەن. چۆن گوڵخاتوون هەر دەگریاو خۆی دەپچڕپەوە.

ئەفسەرەکە دەستی بەڕوومەتی گوڵخاتوون دادەهێناو دەیگوت.

– ئەو چیاییە سەگباوکانە ئافرەتیان چەند جوانن، حەیف ئەو ئافرەتە جوانانە بۆ ئەو سەگبابە کێویانە بن ! حەیف ئەم ناوچە جوان و ئەو ژنە جوانانە بۆ ئەم یاخی وەحشیانە بن! سەیرکە چەند ئافرەتەکانیان جوانن؟ پیاوەکانیان سەد ئەوەندە لامل و کەللە ڕەقن.

عەولاڕەش کە بەبەر چاوییەوە ئەفسەرەکەی دەدی دەستی بە ڕوومەتی گوڵخاتوون دادەهێنا، خۆی ڕادەتکاند ! بێ فایدە بوو، حەزی دەکرد بمرێ، بەلاّم نەدەمرد چواردە ساڵ ژیانی پێشمەرگایەتی. چەند جار لە کەمینی دوژمن کەوتن و لە مردنی مسۆگەر ڕزگار بوون، بۆ چ نەکوژرا، تا ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆی ببینێ؟

– ئاخ خ چەك فرێدان.

گوڵخاتوون دەتگوت مەسیحە لە خاك دراوە نەك، لەخاچ. جوولەو خۆ پچڕینەوەی نەمابوو، بەلاّم، دەنگی گریان و زریکە زریکی هەر دەبیسترا.

ئەفسەرەکە فـەرمانی دا دەمیـشی ببەسـتنەوە، کـە دەنگـیش بـڕا، عـەولاڕەش بـەدەم دەیهاڕانـدو ئـاگری لـەدەم دەبـاری، بـەلام، تـەواوی هەولّ و پاڕانەوەکەی بەرهەمی نەبوو چونکە کە دەیگوت:

– خاتر ئەللاّ !

سەربازەکان وایان وەلاّم دەدایەوە.

– الله موجاز !

عـەولاڕەش هـەر تـەنیا دەمـی مـابوو شـتێکی پـێ بکـاو پـێ بلّـێ، دەیهاڕاندو جوێنی دەداو دەپاڕایەوە.

ئەفـسەرەکە لــە ســەربازێکی خوڕییــەوە: ((بــێ دەنگــی کــە)) سـەربازەکە قەممـەی کلاشـنکۆفەکەی هەلّنیایـەوە لێـی چـووە پـێش. عەولاڕەش چاوەکانی زەق بوونەوەو بێ ئەوەی هەست بەوە بکـات، دوا چاو هەلّێنانیەتی ! خیـزی دەمـی خڕکـردەوە، کـە دەمـی پـڕ خـوێن و خیزبوو. هەتا هێزی هـەبوو تفێکـی خوێنـاوی لـەناو چـاوی سـەربازەکە کردو بەڕقەوە گوتی: ((بێ شەڕەفینە))

سەربازەکە تەواو لێی چووە پێش و بـە ڕق و تووڕەییـەکی زۆرەوە، بەهەموو هێزی خۆی، کلاشنکۆفەکەی هەلّبڕی و لە سنگی مـام عـەولای کوتـا، قەممەکـەی لەپـشتی دەری کـردو کـەمێکیش لـە دار بەڕووەکـە چـەقی. عــەولا ڕەش نالّــەی بــەرزبۆوە. ســەربازەکە قەممەکــەی ڕاکێـشایەوە، بـەلام، وا بـەهێز کوتـابووی نەدەهاتـەوە دوو دەسـتی، بەهـەردوو دەسـت کلاشـنکۆفەکەی ڕاهەژانـد، کـە قەممەکـە برینەکـەی گـەورەتر کـرد، دووجـاری تـریش هەربـەم ڕق و هێـزەوە سـەربازەکە

قەممەكەی لە سنگی عەولاڕەش كوتی. خوێن لە دەم و برینی مام عەولاَ فیچقەی كرد.

(٤)

ئەفسەرەكە لە گوڵخاتوون ڕادەماو لچو لێوی خۆی دەلێسیەوەو دەیگوت:– بووكێكی جوان و ناسكە كراسەكەی گوڵخاتوونی لە دامەنییەوە هەڵزڕاند و لەسەر سنگی لێك بۆوەو دوو لەت بوو، ئەو سنگە سپی و مەمكە تازە هاتوانەی گوڵخاتوون، لیكاویان لەدەمی ئەفسەرەكە گیر نەدەكرد. شێتانەو بەپەلە ئاوەڵكراسەكەی ڕاكێشاو لە گۆزینگانەوەی گیرمان.

ئەفسەرەكە دەستی لە مەمكە چكۆڵەكانی گوڵخاتوون دەگێڕا. گوڵخاتوون دەجوولاَو پێچی دەكرد. بەلاَم، شەتینرابوو كە دەستی ئەفسەرەكە بەر مەمكە تازە هاتووەكان كەوت، یەكەم دەست بوون مەمكۆڵەكانی دەگوشین، ئەوڕۆژەی هاتەوە بیر، كە دایكی، هەستی كردبوو، بنی مەمكی داناوە جارێك لەكاتی سەر شوشتنا پێی گوت:

كیژم دوو كەس هەقیان هەیە دەست لە سینەو بەرۆكت بگێڕن، یەك: ئەو كەسەی هەموو گیانی تۆ دەبێتە حەلاَڵی ئەوە دوو: كۆرپەكانت.. دوا ڕۆژ كەدێنە دنیا. گوڵخاتوون ئەو ڕۆژە لەشەرمان كوڵمەی پڕ خوێن ببوو بەشەرمەوەش سەری داگرتبوو.

ئەفسەرەكە زۆر بەبرسییەتی و دڕندانەوە دەستی دەگواستەوە. ئەو لچ و لێوە ئەستوورو سمێڵە دڕانەی لەڕوومەت و لێوی گوڵخاتوون

دەگێڕاو هەڵمی هەناسەی بەر ڕووی دەکەوت، ئەو چیرۆکەی هاتەوە بیر گوڵخاتوون کە زۆرجار لەدایك و داپیرو پیرە ژنانی ئاوایی بیستبوو.

ساڵێك ئافرەتێکی جوان، پاش ماندووبوونێکی زۆر لەنێو ڕەزی لەژێر دار گوێزێك خەوی لێ دەکەوێ، کاتێك هەست دەکا، هەڵمێکی گەرم، بەڕووی دەکەوێ شتێکی نەرمیش ڕووی دەلێسێتەوە، کەچاو دەکاتەوە دەبینێ ورچە، دەزریکێنێ و لەهۆش خۆی دەچێ.

ئێستا.. ورچ نا، دوژمنێك لەورچیش دڕەندەتر کەلەوەتەی گوڵخاتوون هەیەو دەبیسێ هەر زوڵم و زۆرو سووتاندن و کوشتن و ماڵوێرانی لەمانەوە بەدیاری دیوەو بیستووە ئێستا ئەوانە بوون ڕزگاریان دایە بەر دەستڕێژ، ئەوانە بوون، سەگەکەیان کوشت، مەڕەکانیان کوشت، ئەمانە بوون باوکیان دایە بەر قۆنداغەی تفەنگ و لەداریان بەستایەوە. ئەوەتە خۆشیان بەستاوەتەوەو بەرگیان لەبەر دادڕیەوە. زۆر بێ دەسەڵات و بەدەم بەستراوەیی دەگریا و دەپاڕایەوە، ئەفسەرەکە هێندەی دی خۆی بەدەسەڵات تر دەهاتە بەرچاو، بێ ئابڕوانە تر بۆی دەنەوییەوە، ئەفسەرەکە بۆ ئەوەی چیتر دەنگی گریان و نووسکەی گوڵخاتوون نەبیسێ، توند تر دەمی بەستایەوەو هەناسە بڕی کرد. خۆی بۆ سازداو بەسەری دا درێژ بوو، گوڵخاتوون دەم و لووتی وا بەسترابوو بەجارێ هەناسەی نەدەهات، زەلامێك !! نا، کێوێکیش بەسەری دا کەوتبوو هەڵی دەگلۆفت.

ڕق و تووڕەیی و ترس و خەمی نامووس چوون و براو باوك کوژران، خزابوونە نێو هەستی پاك و منداڵانەی گوڵخاتوون و هەموو یەکیان

گرتبۆوەو دەماریان توند دەکرد. دەجووڵاو پێچی دەکردو دەجووڵا..

ئەفسەرەکەش هەر دەژنی و بەرزو نزم دەبۆوە. گوڵخاتوون لەدوا پلە دەمار توندی چاوەکانی سووراو سپی بوون ملی خوار بۆوەو لە جووڵە کەوت.

ئەفسەرەکە توندتر و بەپەلەتر دەستی بەژەنین کردو هانکە هانکی پێ کەوت و.. خاو بۆوە.

سەربازەکان لە دوورەوە لیکاویان لە دەمی دەهاتە خوارەوەو بەپەلە چاوەڕێی نۆرەی خۆیان دەکرد.

ئەفسەرەکە هەڵسایەوەو سورێکی داو جارێکی تریش نیشتەوە سەر لاشەی بێ گیان و دەستی بەژەنین کردەوە. بەڵام، لاشەکە تەواو سارد هەلگەڕابوو.

عەولاڕەش خوێنی لەبەر ڕۆیشتبوو لە دەڵینگی شەڵوارەکەی ڕا بەنێو کلاشەکانی داهاتبووە خوارێ و لەژێر دار بەڕووەکە گۆمیلکەیان بەستبوو مەیبوون و سەریشی بەسەر سنگیدا شۆڕ ببۆوەو چاوی بەلای گوڵخاتووندا سووڕابوو.

ئەفسەرەکە کشا بووەو سەربازەکانیش یەکەیەکە لە لاشەی ساردو بێ جوڵەی گوڵخاتوون دەژنین و مریەمە لەخاک دراوەکەیان دەلێستەوەو بە مردوویی.

هەموویان هەڵسابوونەوەو دەوری لاشەی بێ گیانی گوڵخاتوونیان دابوو و لێی ورد دەبوونەوە.

گوڵخاتوون دەم بەستراو خەو لێ کەوتوو، سینەو دامەن ڕووت، چوار

پەل بەستراو دەرپێ لە گۆزینگ ماو ئاساری درِندانەی بەسەرەوە دیار بوو.

ئەفسەرەکە دەمانچەی دەرهێناو گوللەیەکی بەنێو دەمی وەناو کەللەی گوڵخاتوون شەق بوو مێشکە ناسك و سپیەکەی بەو ناوەدا پەرت بوو.

چەند گوللەیەکی تریشی لەسینەو بەدەنی دا. گوللەکان دەتگوت: لە تۆپە لاستیکێکی شلك دەدرێن، کون دەبوون و زەرداویان لێ دەهات، پاشان دەستووری بە سەربازەکاندا، ئەوانیش هەریەکەو رِستێکیان لەلاشەی بێ گیان و لەخاك دراو بەتاڵ کرد.

ئەفسەرەکە بەچاوی پرِ خوێنەوە جارێکی دی ئاورِی بەلای ئەو دارە دایەوە کە عەولاڕەش لێ بەسترابۆوەو لەدار درابوو زەردە خەنەیەکی تاڵی بۆ کرد و بەرِێ کەوت.سەربازەکانیش لەدوایەوە، پەرت بوون.

خەریك بوون لەلاشەی مەرِو بزن و سەگەکە رِەت دەبوون، دەنگێکی منداڵانە گوتی:

((ئەوەتەن... وا خەریکن دەگەرِێنەوە))

ئەفسەرو سەربازەکان بەلای دەنگەکە ئاورِیان دایەوە، لەو جێیەی دەنگەکەی لێوەهات هەر لەوێ و لە دوولا درانە بەر دەسترِێژو هەموویان بەلاداهاتن و پێ رِانەگەیشتن دەست بکەنەوە، دەنگی هاوار و ئاخ ئاخ و یابە یابە دۆڵەکەی پرِ کرد.

هاوینی – ١٩٨٣
هەولێر

## ئايشە گوڵ !!

له سێبەری ڕەشماڵۆکەکەدا کلاّشەکانی لەپێ کردەوەو چوارمەشقی لێی دانیشت و پلّی لە قەیناغەکاندا دەرهێناو هەسانەکەی چەور کردو نووکی داسەکەی خستە سەر بەردێك و بە دەم داس سووینەوە بە دەنگێکی پڕ سۆز و نەرم ئەم حەیرانەی هەڵدا:

((فەلەکە براینە فەلەکە، لەبەحرانم دەسوڕێتەوە گەمی یە، لە چۆمانم دەگەڕێتەوە کەلەڵەکە،

ئەو ساڵە کە بەویێ بوهاری، لە خەڵك و عامێ گوندێ مە دەڕۆییەوە یەختەیەشەکە.

بەلاّ، لە منیّ خانە ویّران بە تـالاّن دەچـۆوە، بەژنـەکیّ بلّنـد و وەلـلا دوو چاویّ ڕەش و دەبەلّەکە))

ئایشە گولّ تازە لە هەلگرتنەوەی سوارەکان ببۆوەو خەریك بـوو لـە کوندەکە تێنوێتی خۆی دەشکاند، لەبەر خۆیەوە گوتی:

((دەك لەبــەر ئــەو دەنگــە خۆشــەت مــرم بابــە)) مــام وەسمــان هەسانەکەی داناو، پەنجەی لە دەمی داسەکە خشاندو گوتی:

((مووی دەکاموو... وەللاهی لە ملی بەرازی نێی گرێی ناکـاو ئاگـای نادا )).

سەری هەلّبڕی و بانگی کرد:

((دە ئـەو نـان و دۆیـە بینـە کیـژم، وابـزانم ئـەوڕۆ تـەڕە پیازەکـەی دوێنی مان نییە؟))

ئایشە گولّ کۆتکە دۆیەکەو نوردییە نانەکەی هێنا بەردەمی باوکی و گوتی:

((فەرموو.. بابە گیان))

مام وەسمان بسیملای کردو هێندە بـەتام و ئیـشتیا لـە نانـە ڕەق و دۆیەکەی خوارد، هیچ لەوە نەدەچوو کـە نـانی وشـك دەخـوات. بـەدەم نان خواردنەوەش کەوتە دوانـدنی تاقـە کـچەکەی و خـەریك بـوو هیـوای دەخستە دلّی.

((کچم هەر ئەم جارە سوارەی ئامۆزات مادۆنی وەرگری و بێتەوە... ئیشی ئێوەش دەبڕێنمەوە.))

ئایشە گولّ لەشەرما سوور هەلّگەڕاو سەری دانەواند.

((کچی خۆم، هەرچەندە سوارە برازامەو لێ هاتووە، بەڵام تۆبێ و گۆڕی ڕەحمەتیەکەی دایکت، ئەگەر ڕاستم پێ نەڵێی؟ پێت چۆنە؟ خۆ ئەگەر برازام نەبێ کوڕی شاشبێت، تۆ پێی سەرگران بی و بە دڵت نەبی ئەوا پیاو نییە تۆبزی لە تۆ بکات، ئەتۆ لەجیاتی کچ و کوڕمی.. هەرگیز دڵت ناشکێنم و بێ ئارەزووی تۆ ناکەم.))

ئایشە گوڵ گوتی:

((بابە چییە؟ تۆ دەڵێی لە من بێزاری، ئاخر من پێم خۆشە هەتا مردن خزمەتت بکەم.

چۆن، تۆ لە جیاتی براو باوك و دایکمی.))

مام وەسمان گوتی:

((نا.. کچم نا، من لە تۆ بێزار نیم: بەڵام، ناشمەوێ تۆ بەدیار خۆمەوە پیر بکەم و خوانەخواستە ئەتۆ بە قوربانی خۆم بکەم، ئاخر منیش لەم دونیایە چاوم، هەر بەتۆوە ڕوونەو بەختەوەری تۆم دەوێ.

تۆش هەڕەتی شووکردنتە. زۆر کەس یەخەم دەگرێ و پێم دەڵێن: ((کچەکەت بۆ خۆت بەژن بدە.)) بەڵام من هەرگیز کاری وا ناکەم. ئێستاش، پێم بڵێ و شەرم مەکە، تۆهەر جارێك مێرد دەکەیت و مێرد کردنیش شوانی و جوتیاری نییە، بە شەرت بێ و هەر چۆنێك بێ پیاو ئەو شەرتە بگوزەرێنێ، ڕاستم پێ بڵێ:

((سوارەت پێ چۆنە؟))

ئایشە گوڵ بە شەرمەوە:

((هەر چۆنێك بێ، سوارە ئامۆزای خۆمە، بەڵام بابە گیان تکات لێ

دەکەم، هێشتا زووەو لەمێژ نیە دایکم مردووە. بە گریانەوە — چۆن دەبێ منیش بڕۆم و تۆ بە تەنیا جێ بێڵم.))

مام وەسمان گوتی:

((کچەکەم ڕاستە تەنیا دەمێنم. ئەوە کاری خوایە، چ لەگەڵ کاری خوای ناکرێ: دەنا دایکت هێشتا زووی بوو، بۆ ئەم سەفەرە.))

ئاهێکی ساردی هەڵکێشاو گوتی:

((گۆڕەکەی پڕ لە نووربێ و ئەو دەمەی لە هەموو دەمان خۆشتربێ.))

ئایشە گوڵ سەری هەڵبڕی و ئاوڕی دایەوە، گوتی:

((بابە.. بابە ئەوە هێسترەکە بەرەللا بووە))

مام وەسمان گوتی:

((ئەوە دیسان مێخزنجیرەکەی بە ددانی هەڵکێشایەوە، زریکەی لە چاوی دا وەللاهی هەر بچینەوە جۆخینان دەیفرۆشم و لە کۆڵی دەکەمەوە. دیسان وەك جاری پێشوو داخوا بە چ زەحمەتیەك دەگیرێتەوە.)) هێسترەکە ڕستەی لە دوو دەخشاو چاوی دایە گۆمێ مامزان.

ئایشە گوڵ گوتی:

((ڕەنگ بێ تێنوو بێ.))

مام وەسمان گوتی:

((کچم تۆ دانیشە، من دەچم دەیگرمەوەو هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.))

هێسترەکە بە نەرمە غار بەناو تەباراندا رستی لە دوو دەخشاو.. مام وەسمانیش بە گورگە لۆقە لەدوایەوە لە چاوی ئایشە گوڵ بزر بوون.

* * *

عەلی بەگ و غولامەکەی بە هیوای ڕاو ئەو ئاقارەیان دەکوتیەوە، لە دوورەوە کۆگەی مام وەسمانیان بەدی کرد.

عەلی بەگ گوتی:

((مراد ئەو پەرێزە هەی کێیە؟))

مراد گوتی:

((ئەوە پەرێزی مام وەسمانە، خۆی کچەکەی دروونەی دەکەن.))

عەلی بەگ گوتی:

(( ئەدی ئەوە مام وەسمان نییە بەدوای ئەو – هێستره غار دەدات.)).

مراد گوتی:

((بەڵێ قوربان هەوە.))

عەلی بەگ گوتی:

((کەواتە ئایشەی کچی تەنیا ماوەتەوە؟))

مراد گوتی:

((بەڵێ قوربان، کە مام وەسمان لەوێ نەبێ، ئایشە گوڵ تەنیایە. چونکە هەر ئەو دووەن.))

عەلی بەگ گوتی:

((تۆ بچۆره بن ئەو کەندەلآنە، ئەورۆ چ نێچیرمان هەڵنە ستاند،

بزانم کەمێکی ئەو کار مـامزە نـادوێنم. بـەڵام هـەتا بـەخۆم نەگەڕێمـەوە نەهێیتە دووم.))

مراد گوتی:

((زەردە... زەردە، چـاو ڕەش)) ویـستی تاژییـەکان لەگـەڵ خـۆی ببات.

عەلی بەگ گوتی:

((لێیان گەڕێ، مامز گرتن، بێ تاژی نابێ، با لەگەڵ خۆم بن.))

* * *

ڕەشماڵۆکە کە سێبەری هاتبووە بن زگی و ئایشە گـوڵ لـە ژێریـەوە چاوی بڕیبووە ڕێی هاتنەوەی باوکی لە پڕ دوو تاژی بە دەوریـا کەوتنـە کلك بادان، کە بەپشت دا ئاوڕی دایەوە، عەلی بەگ کوڕی ئاغای گوندی، پێیەکی لە ڕکێبێ مابوو خەریك بوو دادەبەزی.

عەلی بەگ جەڵەوی ئەسپەکەی خستە سەر ملی و ڕووەو نـاو تـەبارە لێ ی خوڕی:

تاژییەکان لە دەوری کوندەو دۆدانە کە کەوتنە مرومـۆ، ئایـشە گـوڵ بە ترسەوە لێی خوڕین:

((توتە توتە ئاوەگڵیان نەکەن))

عەلی بەگ گوتی:

سەلام و عەلەیکوم.. ئایشە گوڵ))

ئایشە گوڵ لە دڵی خۆیا ترسی پەیا کرد، بەڵام ناچار بوو بـە زمـانی نەرم وەڵامی بداتەوە، لەسەر خۆ گوتی:

((عەلەیکومە سەلام کاکە عەلی، بەخێر بێی.))

عەلی بەگ گوتی:

((ئایشە گوڵ، مەڵێ کاکە))

ئایشە گوڵ گوتی:

((گەورەم کاکە عەلی... ئاخر.. ))

عەلی بەگ کەمێ بەتوندی:

((دیسان گوتت: کاکە، دەزانی من لەو گوندەی خۆمان هەرتۆم کەوتۆتە بەر دڵ، تۆش خەریکی بە ( کاکە ) ئازارمان دەدەی))

ئایشە گوڵ دەمی تێکگیراو هیچی بۆ نەگوترا.

عەلی بەگ گوتی:

((مەترسە سۆرە گوڵ مەترسە: خۆت دەزانی من تاقانەی دایك و باوکم و تۆش هەروەها تاقانەی باوکتی.. کچ و کوڕی تاقانەش، بەناز بەخێو دەکرێن، من دڵنیام هەر کچێکی دەستی لەسەر دابنێم، بابم بۆمی دەخوازێ ، کە تۆش تاقانەی باوکتی بڕواناکەم.. مام وەسمانیش هێندە دڵڕەق بێ و بێ دڵیت بکا. خۆ ئەگەر ناڕازیش بوو، ئەوا لە ڕاستی بابم چی پێ ناکرێ؟))

ئایشە گوڵ گوتی:

((قوربان کاکە عەلی: ڕاستە چی پێ ناکرێ: بەڵام کچە کرمانجێکی هەژاری وەك من چ حەددی هەیە، لایەقی ئەوەی بێ پێ لە سێبەری ئێوەی بەگزادە بنێ، تۆش کوڕە ئاغای و کچە ئاغاش زۆرن لایەقی جەنابت.))

عەلی بەگ گوتی:

((نا ئایشە گولێ نـا.. کارمـامزێکی وەك تـۆ هـەر لایـەقی ئەوەیـە لـە کۆشك و بەرهەیوانیماڵە بەگو ئاغان بسوورێتەوە، دڵنیاش بە هـەر بـۆ خۆمی و پیاو نییە لە خۆم زیـاتر سـەر بـە بـاڵی تـۆ بکـا واش دابنـێ لـە ئێستاوە هەردوو حەڵاڵی یەکترین.))

ئایـشە گـولێ وەك هـەموو ئـافرەتێکی گیـشەکەر وا دەمـامکی خـۆی دابوو، هەر چاوەکانی بەدەرەوە بوون و ئەنگوچیکیشی لە باسکی خۆی لول دابوون.

* * *

هێسترەکە بە نەرمە غـار گەیـشتە گـۆمێ مـامزان، مـام وەسمـانیش دوور بە دووری بەدوایەوە. هێسترەکە گەیشتە سـەر گـۆمێ و دەمـی تـا کونەلوتی لە ئاو نوقم کرد و بـە تەریفـەیی کەوتـە ئـاو خواردنـەوە. مـام وەسمان لە ئاوی نەکردو لەسەر خۆ دەستی گەیاندە ڕێشمەکەی و لێـی چووە پێش و دەستی هاویـشتە سـەر بـژی هێـسترەکەش هـەر کەسـەك دەستی گەیاندبایە مـلێ و بـژی ئـیتر جووڵـەی نـەدەکرد، هێـسترەکە بـە تەریفـەیی هێنـدەی ئـاو خواردبـۆوە.. پـەلی پـێ نەدەهاویـشترا، مـام وەسمان گوتی:

((بەخوای هێندەی ئاو خواردۆتـەوە تـازە بەڕەللاشـی بکـەی نـاڕوا، بـەڵام تـا دەسـنوێژەکە هەڵـدەگرم، باسـکە زنجیرکـە داکـوتم بـەردێکی کەوتە بەر دەست و مێخزنجیرەکەی داکوتی.

* * *

عەلی بەگ گوتی:

ئایشە گوڵ ، تێنومە چۆڕێ ئاوم نادەیتێ؟))

ئایشە گوڵ لە عەلی بەگ دڵنیا نەبوو، دەترسا بۆیێ، دەستی هیچ کارێکی نەدەگرت گوتی:

((قوربان دەستی خۆم بڕیوە، ناتوانم دەرکابێندەکە بترازێنم، زەحمەت نەبێ، خۆت بیخۆرەوە))

عەلی بەگ گوتی:—

((ها.. سوورە گوڵ، یان سەرگرانی بەوەی ئاو بدەیتە دەسگیرانی خۆت؟ قەیناکا دەزانم شەرم دەکەی.))

عەلی بەگ چووە نزیك كوندەکەو کەمێك کوندەکەی لە نێوگیشەی ڕاکێشاو دەرکی چکۆلەی کردەوەو دەمی پێوە نا.

ئایشە گوڵ بە هەڵی زانی و دەستی گەیاندە داسەکەی بابی و خستیە بن بەرامپیلەکەی.

عەلی بەگ ئاوی خواردەوەو ڕووی بەلای ئایشە گوڵ وەرگێڕاو دەستی لە ئاوەزێنەی دەمانچەکەی گیر کردو گوتی:

((ها ئایشە گوڵ، چۆنم؟ ڕات لێمە؟ بەخوا جوانێکی وەك تۆ هەر لایەقی کوڕە ئاغایەکی وەکو منە.))

بەدەم قسە کردنەوەش هەر لە ئایشە گوڵ دەچووە پێش.

ئایشە گوڵیش لەسەر خۆ دەکشایەوە.

عەلی بەگ گوتی:

((وا دابنێ هەر لە ئێستاوە حەلالی یەکدین.. وەرە پێشەوە، با

کاتمان بەخۆڕا نەڕوا)).

ئایشە گوڵ گوتی:

((تکات لێ دەکەم. کاکە عەلی.. وازم لێ بێنەو ئابڕووم مەبە ! ئاخر ئێمە چین؟ کوڕە ئاغایەکی ماقووڵی وەك تۆ خۆ بەدوای ئێمەوە ماندوو بکات.))

عەلی بەگ گوتی:

((نا... نا ماندووبوون، هەر بەدوای ئەو چاوانەوە خۆشە.)) عەلی بەگ دەستی برد، بە توندی چەفیەکەی لەڕووی ئایشە گوڵ لادا، کە ڕووی ئایشە گوڵ تەواو بەدەر کەوت عەلی بەگ گوتی:

((تەه ماشەللا.. چ سوورە گوڵێك لەژێر ئەو پەڕۆیە ڕەشە شاردرایتەوە؟))

ئایشە گوڵ توند کشایەوە و گوتی:

بیکە بە خاتری خوای وازم لێ بێنە: رجات لێ دەکەم وازم لێ بێنە؟))

ملهوڕی و هەوەس وا هۆشی لە کەللەی عەلی بەگ بڕی بوو.. چ ترسێکیشی شك نەدەبرد. چەندیش ئایشە گوڵ دەپاڕایەوە، ئەویش هێندەی تر دەسەلاتی خۆی پێ ئەستوور دەبوو و بەژنی پێ هەڵدەکشاو... ئایشە گوڵیشی بێ دەسەلات ترو جوانتر دەهاتە بەرچاو..

دیسان گوتی:

((بەخوا هەتا تەوافت نەکەم، ئایشە گوڵ وازت لێ ناهێنم.))

ئایشە گوڵ بە گریانەوە گوتی:

((بیکە لە ڕاهی خوای عەلی بەگ یەخەم بەردە؟ خوام هێنایە رجایێ یەخەم بەردە؟))

عەلی بەگ زۆر بە بێ باکی گوتی:

((بۆ؟ لات وایە دەتخۆم؟ تۆش وەك من پێت خۆشە؟!

مەترسە باوکت حەددی نیە پێت بڵێ: لە پشتی چاوت دوو برۆیە))

ئایشە گوڵ دەستی بەداسەوە لەبن بەرامپیلەکەی دەرهێناو بە تووڕەییەوە گوتی:

((بکشێوە.. دەنا وەللاهی بەو داسە ورگت دەدڕم)) عەلی بەگ پێکەنی:

((هەه هەه بۆ لات وایە لەداسی تۆ دەترسێم؟

داسەکەت فڕێدە، شەڕ بۆ جوانێکی وەك و تۆ نەهاتووە ئەو دەست و پەنجانەت هەر بۆ دەسبازی چاکن.))

تاژیەکان بە دەوری عەلی بەگ و ئایشە گوڵ چەرخەیان دەکرد.

عەلی بەگ گوتی:-

((چ دەڵێی، وشتە لە تاژیەکان بکەم، وەك مامزێ لە تۆزێت وەردەن؟))

عەلی بەگ زیاتر لە ئایشە گوڵ چووەپێش و ویستی داسەکەی لەدەست دەربێنێ.

ئایشە گوڵ بەتوندی داسەکەی ڕاوەشاندە عەلی بەگ و لەکەلەکەی چەپی گیرکردو لەلای ڕاستییەوە دەرهات و بەتوندی داسەکەی بۆخۆی ڕاکێشاوە، وەرگ و ڕیخۆڵەو کراس و کورتەك و قایشی دەمانچەکەی عەلی بەگ بە یەکجار هەڵبڕی عەلی بەگ چاوی سپی هەڵگەڕاو گیانی شل

بوو بەسەرنێکی دا بەربۆوە. ئایشە گوڵ کە چاوی بە خوێن کەوت، زریکاندی و داسەکەی لەدەست بەربۆوەو بە پشت دا وەرگەڕاو لە هۆش خۆیەوە چوو.

مراد لەبن کەندەلانەکە ڕاکشابوو، چاوەڕێی گەڕانەوەی عەلی بەگی دەکرد. گوێی لە زریکەیەك بوو، لە دڵی خۆی گوتی:

((دەست خۆش ئاغا.. ئەم نیشانەشت پێکا، خوا ڕزقی لەمەولای ئێمەشی دا.))

* * *

مام وەسمان وەك دڵی ئاگای بدات. یان گوێی لە چریکەیەك بووبێ، توندتر لە هێسترەکەی خوڕی لەدوورەوە...

ئەسپێك دیاربوو، لەنێو تەبارە دەلەوەڕا، هێندەی تر بەتوندی لە هێسترەکەی خوڕی، هەتا دەهاتە پێشتر.. دڵی تەنگ تر دەبوو. لەدوورەوە بانگی کرد:

((ئایشە گوڵ کوڕم ئایشە؟))

دەنگ نەبوو بەگورجی خۆی لە پشتی هێسترەکە فڕێداو دیسان بانگی کرد:

((ئایشە کیژم ئایشە؟))

هاتە پێشتر دیتی تاژییەکان وا خوێنی ئاغاکەیان بۆن دەکەن ئایشە گوڵیش کەوتووە. سەری ئایشە گوڵی ڕاست کردەوە بینی چاوەکانی هەڵنایێن.. خۆی گەیاندە کوندەکەو دەرکی کردەوەو ئاوی بەسەرو چاوی ئایشە گوڵدا پرژاندو ئەوجارەش بانگی کرد:

((ئایشە گوڵ گیان چاوت هەڵێنە، من باوکتم کیژم))

ئایشە گوڵ لەگەڵ ڕاهەژاند و ساردی ئاوەکە بەخۆ هاتەوەو لەسەر خۆ چاوە نەرگزییەکانی هەڵێنان کە باوکی دیت.

گریاو خۆی نووساندە باوەشی باوکی و باوکیشکی بە توندتر لەباوەشی گرت و نێوچەوانی ماچ کردو گوتی:

ڕۆڵە مەترسە.. دەستت خۆشبێ، چاکت کرد.

بەڕاستی من بەهەڵە نەچووبووم، کەتۆم هەر وەك کچ تەماشا نەدەکرد، ئێستا هەموو کچ و کوڕێکی مەرد.. کچ و کوڕی منن، ئایشە گوڵ نەك هەر ئایشە، بەڵکو نێرینە یەکێ جەوهەردارە. هەستە کچم، هەستە، هەتا زووە بادەربازبین و ئەم وڵاتە بەجێ بێڵین.

مام وەسمان دەستی برد دەمانچەی ئاغای لە کیفکە بە خوێنەکەی دەرهێناو نایە بەر پشتی خۆی و گوتی:

((ئەو دەمانچەیەش ئێمە لەجیاتی ئاغا پاسی خۆمانی پێ دەکەین.))

بەدوو پشتەکی سواری هێسترەکە بوون و پشتیان لە دێیەکەی خۆیان کردوو ڕووەو ئاوارەیی کوتایان.

عەلی بەگ وا ڕاکشابوو جارێکی تر هەڵنەستێتەوە، ئەسپەکەش تا دەهات بەلەوەڕ لە لاشەکەی دوور دەکەوتەوە تاژییەکانیش بە جووتە لەژێر سێبەری ڕەشماڵۆکە وەرکەوتبوون و زمانیان بەلالغاویان دا شۆڕببۆوەو هێنکە هێنکیان دەهات.

١٩٨٠- هەولێر

خــــاچ

ئەمڕۆ دواجار لەم شەرم و دڵە دڵ و ترسە ترسە رزگارم بوو، یەك دڵ هاتمە سەر ئەو ڕایەی کە ئەم چیرۆکەتان – یان ڕاستتر – ئەم بەسەرهاتەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە، جا ئێوە چۆنی تێدەگەن و چۆنی لێك دەدەنەوە. کەیفی خۆتانە، چ باکم بەوە نییە بە خەیالاوی و شێتم بزانن یان چیرۆکەکە بە درۆو هەڵبەستەی خۆم تێبگەن.

ئەوەش بەو هۆیەی کە ئەمڕۆ – بیست و پێنج– ساڵی تەواو بەسەر ئەم بەسەرهاتەدا تێدەپەڕێ، ئاخر منیش وەك زۆر ولات یاسایەکم بۆخۆم پەیدا کردووەو لەمەودوا لەسەری دەڕۆم، ئەویش ئەوەیە هەر

کارو بەسەرهات و نهێنییەك، کە بیست و پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕی، بێ شەرم و ترس بۆ خەڵکی دەیگێڕمەوە، جا با ئەو کارو بەسەرهاتەش عەیب و زیانی خۆشمی تێدابێ، تازە من لەهەموو ترسان چویمەتە دەرەوە، ژن گوتەنی ئاردی خۆم بێژت و کەپەکی خۆم ڕێژت.

لەسەرجادەکە ڕاوەستابووم چاوەڕێی هاتنی پاسم دەکرد درەنگ داهات، درەنگ داهات، هیچ پاسێکی ئەو وەختەی کە من بۆی دەچووم بەدەر نەکەوت، بە ناچاری و بێزارییەوە چاوم لە تەکسیەك گێڕا، بۆ بەختی من ئەو دەم تەکسیش قاتی بوو تا دەهات درەنگ دادەهات و هیچ هۆیەکیش دیار نەبوو کە من بتوانم لە کاتی دیاریکراو واتە کاتژمێر پێنجی ئێوارە، بگەمە لای کەنیسەی ڕۆژهەلات، کات زۆر تیژ تێدەپەڕی، پاس هەر نەدەهات، تەکسیەکیش چنگ نەکەوت. بەپێش دەبوایە چل دەقیقە ڕێگا ببڕم، ئەویش ئەگەر بە نەرمە غار ڕۆیشتبام:

ئەوسا دەکەوتمە ژێر ئاو و ئارەقە –ئەوڕۆژەش– بەتایبەت من نەمدەویست خۆ ماندوو بکەم و دەقی جلەکانم تێك بچێ و تۆزم لێ بنیشێ و بکەومە ژێر ئارەقە. ئاخر ئەو ڕۆژە یەکەم جارم بوو لەژیان ئاوا بە دڵ و داو لەخۆ بخەفتم، هەر لە بۆیاخی پێلاوەکەم و شانەکردنی قژو بۆن و تا دەگاتە ئوتو کردنی پانتۆڕو کراس و بەستنی ملپێچە، ئەو ڕۆژە وام لەخۆ خەفتی بوو، بە ئاشکرا لە هەموو ڕۆژەکانی تەمەنمی جیادەکردمەوەو خەڵك زوو هەستیان پێ دەکرد، هەر لەبەر ئەمەش بوو هەر ناسیاوێکی دەیدیتم، زوو زەردەیەکی بۆ دەکردم و پلارێکی تێ دەگرتم " کوڕە ژوانی هەیە ! " " خێرێکی پێوەیە شەڵڵا" "دڵی خۆشە

کاکم! !" زۆرم لەو نەرمە پلارو توانجە ڕەق و قسە بە تویکلانە بیست، بەلاّم ئەوەی ڕاستی بیّ من هەر لەبیری سەیارەیەك دابووم، کە دەس کەویّ، ناچار دەستم لە زۆر ماشێنی تایبەت ڕاگرت کەسیان ئاوڕیان لیّ نەدامەوە بە درێژایی ئەو ماوەیەش دەستم هەر لەسەر خاچەکە بوو ئاگرم کەوتبووە دلّ و ژێر پێم خڕ ببوو، ئەو دەم ئەگەر ماشێنێك یەکسەر منی ببردایە لای (کەنیسەی ڕۆژهەلاّت) جا مەگەر لە وەختی دیاری کراو گەیشتبامایە جیّ ژوان.

زۆر بە شێتانەو پەلە پەل، دەستم لە ماشێنەکان هەلّدەوەشاند، هەندێکیان کە دەگەیشتنە لای من، پێیان لیّ دەناو، تیژ بۆی دەردەچوون. وەك ئەوەی خۆ لەدەست بەلاّیەك ڕزگار بکەن، هەندێکیشیان بە تیز پێکردنێکەوە هۆڕینێکی بیّ مانایان لیّ دەداو تێدەپەڕین.

نەمزانی چۆن بوو، ماشێنێکی تایبەت ڕایگرت، بیّ پرس و ڕا لێوەرگرتن، دەرگای پێشەوەم کردەوەو سوار بووم و گوتم:

"بازۆ! !" گوتی: "بۆ کویّ " کە دەنگی هات زانیم ئافرەتە، کە ئاوڕم دایەوە، بە خاچەکەی سەر سنگی، تێگەیشتم ئافرەتێکی فەلەی تەمەن چل و پێنج سالّ دەبوو، چاویلکەیەکی لەچاو بوو، لە ڕەنگ و ڕوویدا جوانییەکی پڕ لە هێمنی و مێینەیی دیار بوو، گوتم: " بۆلای (کەنیسەی ڕۆژهەلاّت) " زەردەیەکی کردو گوتی: " منیش هەر بۆ ئەو ناوە دەچم " ڕێککەوتێکی باش بوو، لە دلّەوە گوتم دیارە روحانیەتی "مەسیح"یش ئاگاداری ئەو ئەشقە پاکەی منە، بۆیە ئەو ژنە ئیماندارە

فەلەیەی لەو وەختە پێویستە ناردۆتە یارمەتیم، دەیـەوێ ئەشـقەکەمان سەر بگرێ، یەکەمجار بوو لە دڵەوە هێنـدە شـاد بم و ببیـنم کـە بـەختم یارە. دەستم لەسەر خاچەکە بـوو، دڵـم لـە کوتـە کـوت و چـاوم هیـچی نەدەبینی، هـەر تـەنیا بـیرم لـەو کـچە دەکـردەوە کـە ئێستا چـاوەڕێم دەکات.

ئافرەتەکــە گــوتی: " چــۆنە وا بەپەلــەی" کــە ئــاوڕم دایــەوە نەمناسـیەوە، چـاویلکەکەی داکەنـدبوو، دە سـاڵ لەتەمـەنی پێـشووی بچووکترو زۆریش جوانتر هاتە بەرچاو، زۆر سەیر بوو، کە ئافرەت لەچاو قوچانێکدا ئاوا بگۆڕێ، بەڵام من بیری ئەو کچەی کە چـاوەڕێی دەکـردم وەك قەیماغی چەور بـەر دڵـی گرتبـووم و جێگـای هـیچ ئـافرەتێکی دی تێدا نەدەبۆوە، گوتم: "چاوەڕێمن".

زەردەیەکی بۆ کردو چاوەکانی بروسـکیان دا، کەچـی هێنـدەش بـە وردی و چاوی کڕیارییەوە سەیری دەکردم، وەك ئـەوەی بمناسـێ، یـان بەکەسێکم بشوبهێنێ.

چـەندم حــەز دەکـرد شـەقامەکە ئـەو دەم تـەنیا بـۆ مـن تـەرخان کرابوایە: وەك ئەو دەمانەی بۆ پیـاو مـاقوڵان تـەرخان دەکـرێن، بـەڵکو دەمتوانی زوو و بێ گیرو گرفت بگەمە لای ئەو کچە.

سـەیرێکی تـری ئافرەتەکـەم کـردو ویـستم تکـای ئـەوەی لێ بکـەم، کەمێك پەلە بکا، کەچی بینیم بووەتە کچێکی بیست ساڵانەو زۆر ناسك، سەرسام بـووم. حەپەسـام. زۆر بەپەلـەو بـڕوا نـەکردەنی ژنـە دەگـۆڕا. دەستم هەر لەسەر خاچەکە بوو، هیچم بۆ نەگوترا.

دەستێکی لەسەر سووکانەکە بوو بە دەستەکەی دی خاچەکەی بەر گەردنمی گرت و گوتی: " جوان و پیرۆزە" تەماشایەکی پێشە خۆم کرد، سەیرەکەم لەو شەقامە تێپەڕیوە کە دەچێتە کەنیسەی ڕۆژ هەلآت، گوتم: لە کەنیسەکە ڕەت بووین " پێکەنی و خۆشتر هاژوتی، گوتم: بۆ کویێ دەچی؟ وەلآم نەبوو.

ترسم لێنیشت: بە ترس و تووڕەییەوە هاوارم کرد: " بۆ کوێم دەبەی؟! چیم لێ دەکەی؟! پەنجەیەکی خستە سەر هەردوو لێوم، تەزوویەك بە هەموو گیانم داهات و ئیتر دەنگم نوسا، هەرچی دەمویست هاوار بکەم و خۆ پچڕمەوە نەدەجوەلآم و نە دەنگم دەردەهات، هەستم دەکرد دەمارەکانم شل و خاو دەبنەوەو خەو دەمباتەوە، کاتێك بەخۆ هاتمەوە لەبەردەمی کۆشکێکی ڕاگرتبوو — بەپەنجە ئیشارەتێکی بۆ کردم، کە دوای کەوم بە ئەقڵ و دڵ دەمویست خۆ ڕزگار کەم و لە دەستی هەڵێم. کەچی وەك ئەسپێك کە جلەوی بەدەست سوارەوە بێ بەنابەدڵ و سەرگران بەدوایدا خشیم، دواجار لەنێو هۆڵێکدا روخسەتی دانیشتنی پێدام و بەخۆی چووە ژوورێکی دی.

کە هاتە دەرەوە، چ هاتە دەرەوە؟ بەرگێکی پەریانەی لەبەر بوو، ئەو بەرگانەی لە چیرۆك و ئەفسانە کۆنەکان پەری دەیکەنە بەر، هێندە جوان و ناسك و دڵگیر بوو، هەر لەپەری دەکرد، پەری تەواو، من ئەگەر مەستی ئەشق و شەرابی کچەکەی دی نەیگرتبام. ئێستا لەبەهەشت دابووم، ژوورێکی نیشانی منیشدا کە بچم خۆ بگۆڕم هەستم کرد جلەوم کەوتۆتە دەست ئەو هەرچی بیەوێ بە نادڵیەوە دەبێ بیکەم، بەرگێکی

لەو بابەتەی پیاوانە لە ژوورەوە بوو، منیش کردمە بەر کە هاتمە دەروە تەماشـایەکی خاچـەکەی سـەر سـنگمی کـردو پـشتەکەی خوێنـدەوەو گوتی: ماریا، منیش ناوم ماریایە. خاچـەکەی لـە مـل داکەنـدم و کردیـە ملـی خـۆی، خاچـەکەی خۆشـی کـردە ملـی مـن. بـە ئـاوازێکی نـەرم و دڵنشینەوە گوتی:

"وەرە با خاچان وەگۆڕین

وەرە با ماچان وەگۆڕین"

ویستم بڵێم: ناتوانم، ئەم خاچە بگۆڕمەوە ئەمانەتە، کەچـی دەبیـنم هەرچی بمەوێ لەبارەی ئـەو کـچەوە بـدوێم کـە ژوانم لـە گـەڵ گرتـووە، یەکسەر دەنگم دەنوسێ.

گوتی: دەزانی بۆچی تۆم هێناوەتە ئێرە؟

– بۆچی

– تۆ زۆر لە دوو کەسی زۆر خۆشەویستی من دەکەی.

– یـەکیش نـا دوو؟ ئـەو خۆشەویـستانەی تـۆکێن کـە مـن لـەوان دەکەم؟

پێکەنی و خۆی هاوێشتە باوەشم و کەوتە ماچ کردنی مـل و گـەردنم و گوتی:

تۆ زۆر لە مێردەکەم دەچی، هەر لەتەمەنی تـۆدا بـوو، لـەڕەنگی تـۆ بوو.

گوتم: ئەی چی بەسەر هات؟

– لەساڵی چل و هەشتەوە بێ سەرو شوێنە، کە ئـەو دەمـە تەمـەنی

بیست و یەك ساڵ بوو، وەك تەمەنی ئێستای تۆ.

– ئەی ئەوەکەی دی کێ بوو؟

– گریاو منی گرتە باوەشی خۆی و گوتی: کوڕەکەم، کە ئەویش زۆر لەتۆ دەچوو لەتەمەنی تۆ بوو؟

گوتم: ئەی ئەو چی لێهات؟

گوتی: نۆزدە ساڵ پاش باوکی لەتەمەنی بیست و یەك ساڵی و تەمەنی ئێستای تۆ، ئەویش تا ئێستا بێ سەرو شوێنە.

زۆر سەیر بوو، کە دەیگوت، تۆ لەمێردەکەم دەکەی، دەبووە کچێکی بیست ساڵانەو پێدەکەنی و خۆی دەهاوێشتە باوەشم و زۆر بە ئەشق و هەوەسەوە ماچی دەکردم، کە دەشی گوت: تۆ لە کوڕەکەم دەچی، دەبۆوە دایکێکی چل و پێنج ساڵەو ئامێزی تێوەردێنام و دەگریا.

زۆر بەسۆز، بەلاّم بە سۆزی دایکانە ماچی دەکردم بەری نەدەدام، دەمێك دایکم بوو دەمێ خێزانم.

دەمێك مێردی بووم. دەمێك کوڕی. دەمێك دەگریاو بەردی دەتواندەوە. دەمێك پێدەکەنی و بەردی بەسەما دەخست.

زۆری خواردن و خواردنەوە لەپێش دانام، قەت و قت خواردن و خواردنەوەی وا خۆش و بەتام نەخواردبوو

لەوەنەدەچوون دەستاوی ئادەمیزاد بن، لێم تێر نەدەخواردن.

چەند ئەو کچەم دەهاتەوە یاد کە یەکەم جار ژوانم لەگەڵدا بەستبوو، دەمویست لەبارەیەوە بدوێم و داوای ئەوەی لێبکەم،

بمگەڕێنێتەوە لای ئەو، کەچی دەنگم دەنوساو نتقم لەبەروەنەدەهات.

دەنـا لەهـەر باسـێکی تـرەوە دوابـام، دەم و زمـانم هـیچ عـەیبێکی نەبوو، کە چاوم بە خاچەکەی کچەکە دەکەوت لەسەر سنگی ئافەرتەکـە بوو، هیچ تامێکم لە جوانی و خۆشییەکە نەدەکرد.

ژنە هەردەگریاو پێدەکەنی. خۆی دەهاوێشتە باوەشم و لەباوەشـێی دەگـرتم، هەرماچـی دەکـردم و داوای لێـدەکردم ماچـی بکـەم پاشـان بردمیـە ژوورێـك، لـەوێ دوو وێنـە، وێنـەی کـوڕو مێردەکـەی هەڵواسـرا بوون.

بەڕاستی منیش کە وێنەکانم بینی، هەردوو وێنەکان بە وێنـەی خـۆم تێگەیشتم و ترسم لێنیشت. ماوەیەکی خۆش بە کڕی و بێدەنگیەوە لـە وێنـەکان ڕامـاو هیـچی نـەگوت، منـیش بـە سەرسـامیەوە لـە وێنـەکان ڕادەمام و لەخۆم دەپرسی؟ من بەم بەرگ و شێوەیە لێرە چی دەکەم؟ دواجار دەستی گـرتم و بـۆ سـەر کۆشـکەکەی بـردم، کۆشـکەکە لەسـەر ڕۆخی رووباری دیجلە بوو، گوتی:

– رووبارت خۆش دەوێ؟

– گوتم: بەقەد پەرستن ! !

– گوتی: کەواتە وەرە سەر ڕۆخی کۆشك و چاوت بنوقێنە.

بە ترسەوە گوتم: بۆ؟

گوتی: مەترسە، دەستی لە قەدم وەرهێنـاو گـوتی: تـۆش تونـد مـن بگـرە: بـەترس و لـەرزەوە تونـد گـرتم، گـوتی: لەگـەڵ مـن بڵـێ: "بەناوت ! ! "

هەردووك بە جووتـە لەكۆشـكەكە خۆمـان هاوێـشتە خـوارەوەو پـێم وابوو لەگەڵ خۆی منیش دەكوژێ، كەچـی زۆر لەسـەر خـۆ وەك لەسـەر باڵی پەریان بین كەوتینە سەر ئاو، ترسام مەلەم نەدەزانی: لەدڵـە خـۆم گوتم:

لەرووباردا دەخنكێم، كەچی زۆر بە سووكی كەوتینـە سـەر ئاوەكـە، رووبار لەژێر پێمان دەتگوت نەرمانە قومە، بەئاستەم ژێر پێم تـەڕ بـوو، هەستم بە فێنكاتیەك كرد، لەسەر ئاوەكە كەوتە سەماو گـۆرانی، جـارێ بـە مێردەكـەی داهەڵـدەگوت و پێدەكـەنی و جـارێ بـە كوڕەكـەی دا هەڵدەگوت و دەگریا، لەهەردوو باریش منی ماچ دەكرد، ئەوەنـدەش لـە دڵەوە دەگریاو پێدەكەنی، منیـشی ناچـار كردبـوو وەك ئـەو گـرژو خـاو ببمـەوە، پێبكـەنم و بگـریێم، خـۆ باوێتـە باوەشـم و لەباوەشـی بگـرێ، ماچی بكەم و ماچـی بـدەمێ، دەمێـك وەكـو كوڕەكـەی و دەمـێ وەكـو مێردەكەی لەگەڵی بكەومە سەما، ئەو لـە نێـوان گریـان و پێكـەنین، زوو زوو تەمەنی دەگۆڕا، جارێك دەبووە دایكێكی چل و پێنج ساڵەو جارێـك دەبووە كچێكی بیست سـاڵان، بـەڵام مـن هـەر لـە تەمـەنی خـۆم بـووم، ئەگەر چی دەمێك كوڕ بووم و دەمێكیش باوك.

نازانم! چەند جار گریاین و پێكەنین؟ چەندیشمان سەما كردو چـەند جاریش یەكتریمان ماچ كرد؟ چەند ڕۆیـشتین و كـەی گەڕاینـەوە، بـەڵام دەزانم شەو و ڕۆژێك بیست و چوار سەعات، من لەگەڵ ئەو ژنـە گریـام و پێكەنیم، ماچم كردو ماچی كردم، خواردمان و خواردمانەوە.

ئەگەر بۆم ناكرێ بزانم، چەند گریـاوم و چـەندیش پێكـەنیوم؟ بـەڵام

لێم ڕوونـە کـە بیـست و چـوار سـەعات مـن لەگـەڵ ئـەو ژنـە بـووم، یـان ڕاسـتتر لەگـەڵ ئـەو – دایـك– و –ژن–ە. گریـاوم و پێکـەنیوم؟ بـەڵێ شەوو ڕۆژێك بیست و چوار سەعاتی تەواو.

ڕۆژی پاشـتر لەهـەمان کـاتی ڕۆژی پێـشترو لەهـەمان شـوێن منـی دانایەوە، سەیری سەعاتەکەو دەورو بەرم کرد هەمان سـەعات و هـەمان ڕۆژی پێـشترە، هـەر ئـەو ڕۆژەیـە کـە ژوانم لەگـەڵ کـچەکە گرتـووە – دیسان لەسـەر شـەقام ڕاوەسـتام و چـاوەڕێی تاکسیێ پاسـێ دەکـەم، بەڵام چەند دەستم بۆ خاچەکەی سەر سنگم دەبەم و خاچـی ئـەو ژنـەم دەکەوێتەوە بەر دەست کە لەخاچی کچەکە گەورەترو لوس تر بـوو، لـە حەژمەتان دڵم پڕ ژان دەبێ، زۆر دڵتەنگ و شـەرمەزار دەبم، لـێم ڕوونـە وەکو ناوی خۆم، خاچەکەی ئەوم لەکن ئەو ژنە بەجێ ماوە، ئای چـەند شەرمەزارم. ئێستا لای ئەو کچە چـی بڵێم؟ بۆچـی دواکـەوتم؟ چـیم لـە خاچەکە کرد؟ چۆن وەڵامی بدەمەوە؟ دیسان نەپاسێ دێ نە تاکسیێ، نە ماشێنێ بۆم ڕادەگرێ هەر هـەمان رۆژە ڕۆژی ژوانەکەمـە. ئـەی چـی لەم (شـەوو ڕۆژە ) بکـەم، لەگـەڵ ئـەو دایـك و ژنـە جارێـك کـوڕی بـووم جـارێ مێـردی. چـەندی دەمکـرد بـۆم لێـك گـرێ نـەدەدرا، خـەون نەبوو؟خەیاڵ نـەبوو؟ ئـاخر ئەوەتـە، خاچـی ژنەکـە، ئـەو ژنـەی شـەوو ڕۆژێك بیست و چوار سەعات لەگەڵ خۆی منی گرژو خاو کردەوە.

چیبکەم؟ چۆن بگەمە لای؟ ئاخر چۆن ڕووم بێ بەبێ خـاچ بـچمەوە بەردەمی، دوێنێ نـا پێـرێ پێـرێ نـا دوێنـێ، ئـەو ئـەو خاچـەی زۆر بـە ئەمانەتەوە دا پێم، منـیش گفـتم دایـێ کـە وەك چـاوی خـۆم بیپـارێزم،

کەچی ئێستا وا بەئاسانی ئەو خاچە پیرۆزەم چواند؟ ئاخر کە خاچ ڕۆیی هیوای ئەشقێکی پاکیش لەگەڵ خۆی دەبا، سووتانی عەشقێکی سێ ساڵ و یەك لایەنەو بەکرپیم بەخۆڕا دەچێ.

ئەوە ساڵی سێیەمە لەگەڵ ئەو کچە هاوکلاسین و پێکەوە لەیەك بەش دەخوێنین، سێ ساڵە نە ئەو تێکەڵ کوڕێ بووەو نە من پەیوەندیم لەگەڵ هیچ کچێك پەیدا کردووە؟

هەردوومان لەبەشێك دەخوێنین و هاوتەمەنین، بەلآم ئاینمان جیایە.

زۆر جار ئەو کچەم کڕو تەنیا دەدی، حەزم دەکرد بیدوێنم، سەرم دەبردە بن گوێی بەنەرمی دەمگوت "هەر کەس سەر دیناخۆ تۆ یارمنێ! پێدەکەنی و زۆریش پێدەکەنی و توندیش ڕەتی دەکردەوەو دەیگوت: نە نە... نەنا هەر بەهۆی هاوکلاسیەوە... دەنا چیتر نا. زۆر جارم دەمدواندو دەمگوت:

– بۆچی کڕی؟

– هەروا.

– بیر لەکێ دەکەیتەوە؟

– یەکێ.

: ئەو یەکە بەختەوەر کێیە؟

وەلآمی نەدایەوەو پێدەکەنی.

دوێنێ، نا، نازانم، ڕەنگە پێرێ بووبێ، گوتم:

– ئەوەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە، دوورە، یان نزیك؟

: دوورەو نزیکیش.

– خۆشت دەویٚ؟

: لەهەموو کوڕی دنیام خۆشتر دەویٚ.

– ئەوە چ بەختەوەریٚکە، وا دڵی لەتۆ ساندوە؟

: پیٚکەنی و گوتی: نازانی ئەم بەختەوەرە کیٚیە؟

– گوتم: نەخیٚر.

گوتی: ئەو بەختەوەر ە (مەسیح)ە مەسیح.

کە گوتی: مەسیح. زۆر کەیف خۆش بووم، چۆن ئەگەر ناویٚکی دی گوتبا وەك خۆشم ئادەمیزادیٚکی ئاسایی بوایە، هەرگیز بۆم تەحەمول نەدەکرا، چۆن دڵم بەرایی دەدا، کە ئەو کچە ببینم لەگەڵ کوڕیٚکی دی دڵداری بکات و بە بەرچاوی منەوە کەسیٚکی دی خۆش بویٚ، هەرچەندە ئەو زۆر بە توندی دەستی بە ئاینەکەی خۆی وەرگرتوەو تا ئیٚستا ڕووی ئەوەی بەمن نیشان نەداوە کە شتیٚکی تایبەتی لەگەڵ مندا هەبیٚ ئەوەی هەیە هەر تەنیا هاو کلاسییە.

ئەویش زۆر بەتوندی دەستی بە ئیمانەکەی خۆیەوە گرتووەو بەری نادا، بەلاٚم من تەواو لەسەر ئەو ڕایەم کە خۆشەویستی ڕاست و پاك، لەسنووری دین و خێن و چین ناگەڕیٚتەوە، لەڕەنگ و زمانیش سەنگرە ناکا، کەچی ئەو وانە بووە کەناوی (مەسیح)یشی هیٚنا ئەگەرچی لەهەوەڵەوە زۆر دڵخۆش بووم، بەلاٚم دیسان ترسی ئەوەم لیٚنیشت کە نەکا بەڕاستی بیٚ و دەست لەدنیا هەڵگریٚ و ببیٚتە رەبەنی دیٚریٚ.

دویٚنیٚ. نازانم؟ پیٚریٚ بوو، کە خاچەکەی دامیٚ.

گوتی: شەوو ڕۆژیٚك بیست و چوار سەعات لات بیٚ سبەینیٚ کەهاتی

مـن لـەلای "کەنیـسەی ڕۆژهـەلآت" سـەعات پێنجـی ئێـوارە چـاوەڕێت دەکەم، پێکەوە دەچینە سەر رووباری دیجلە، رووبارت خۆش دەویٚ؟

گوتم: بەقەد پەرستن.

گوتی: منیش هەروا کەواتـە دەتـوانم دوو سـەعات کـاتی خـۆم بۆتـۆ تەرخان بکەم، چۆن منیش رووبارم زۆر خۆش دەویٚ.

لەخۆشـیان عـەردو بـەرد بـەخۆی نـەدەگرتم، خاچـەکەم هـەردەم لەدەسـت بـوو دەترسـام لـەم هـەولٚ ژوانـە کارێـك، ڕێککـەوتێك پـێش هاتێك، شەرمەزارم بکا، بۆیێ زۆر خۆم دەپاراست، هەتا بۆ چـوونەکەش سەعات و نیوێك زووتر بەخۆ کەوتم.

هەرچەندە ئەوە منم بەتەنیاو لەخۆوە بە ژوانی نـاو دەبـەم – چـۆن ژوان هەر بۆ دلّدارانە – دەنا ئەو کچە هەر بەهۆی هاو کلاسیەوە لەگـەلٚ من دەهاتە دەریٚ,

چۆن کە پێم گوت: بەیانی پاش نیوەڕۆ چی دەکەی؟

گوتی: بۆ؟

گوتم: دەکریٚ بەیەکەوە پیاسیەك بکەین؟

گوتی: بەچ بۆنەیەك و لەسەر چ بناخەیەك؟

گوتم: هەر غەریبی و هاوکلاسی لەم شارە.

گوتی: ئاوا چ قەیدی دەکا.

گوتم: دەترسم نەیێیی؟

گوتی: دلّنیابە.

گوتم: چۆن؟

گوتی: ئەم خاچەت لابێ، بەڵام ئاگادار بە نەی چوێنی.

خاچەکەی لە مل داکەندو زۆر بە پیرۆزی و ڕێزەوە لێم وەرگرت و ماچم کردو پشتەکەم خوێندەوە ناوی ئەوی لەسەر نوسرابوو(ماریا).

ئاگام لەخۆم نەبوو چیم دەکرد لەسەر شەقامەکە، زۆر شێتانەو بێ ئاگا دەهاتم و دەچووم، خەڵك و ڕێبوارەکان زۆر بە سەیری و پێکەنینەوە بەلامدا ڕادەبرن.

درەنگ داهات، پاسێك نەبوو تەکسیەك نەبوو، ماشێنێکی تایبەت ڕاینەگرت، وەخت بەسەر دەچوو، سەعاتێك بەسەر کاتی ژوانەکە ڕابردبوو، نا شەوو ڕۆژێك و سەعاتێك. بۆم لێك نەدەدرایەوە، ئەو کچە دوێنێ بوو قسەی دامێ و خاچەکەی لەمل کردم؟

یان پێریێ بوو؟ من ڕۆژێکە لێرە ڕاوەستاوم، یان دوو ڕۆژە؟ نازانم، هەر هێندە دەزانم سەعاتێك بەسەر وەختی ژوانەکەدا ڕابردووە. خاچەکەشم پێ نەماوە. بەم درەنگ و بێ خاچیە چی بکەم؟ کێوە بچم؟

بەرە بەرە درەنگتر دادەهات، ناچار بە دڵساردی و خەمبارییەوە، چوومەوە بەشی ناوخۆ، ئەو شەوە خەوم لێ نەدەکەوت. جا چۆن خەوم لێ بکەوێ.؟

بەیانی بە دڵە دڵ و ترسەوە، بە شەرمەزاری و زمان کورتییەوە بەرەو کۆلیژ ڕۆیشتم، لەبەر دەرگا کچەم بینی، وەکو ڕۆژان بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێ، هیچ تووڕەیی و بێزارییەك بە ڕوویەوە دیار نەبوو، زنجیرە ئالتوونییەکەی لە مل بوو، پەنجەی لە

خاچەکە وەردەدا، هەمان خاچی کە پێریێ لەملی خۆی داکەندو دایە من. دوێنێش ئەو ژن و دایکە لە ملی منی کردەوە لەگەڵ خاچەکەی خۆی گۆڕیەوە. حەپەسام و زمانم گیرا، نەئەو پرسی ئەوە بۆ نەهاتی؟ نە منیش زاتی ئەوەم کرد لێی بپرسم: ئەوە خاچەکەت لەکوێ پەیدا کردەوە؟

ئێستاش بۆم ئاشکرا نەبووە و لەم نهێنییە نەگەیشتووم، کە ئەم شەوو ڕۆژە زیادە چی بووە؟ چۆن هات؟ چۆن رۆیشت. خاچەکە چۆن گەیشتەوە دەس کچە؟ خاچی ئەو ژنەشم هەروا لەکنە، نەدڵم پێی خۆشە، نە ئەوەتە دەستم لێی دەبێتەوە و بیچوێنم و لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە، خاچیش وەك نهێنییەکە، بۆتە مۆتەکەی سەر سنگم تەوق ئاسا کەوتووتە گەردن و دڵم.

هەولێر–١٩٨٤

# لەسەرت دەنووسم

بێ ئیشی هەر بەڵایەکی نییە. مەگەر هەر ئەوانەی وەك خۆمن، بزانن بەڵای ئەم بێ ئیشیە چەندە؟

بـێ ئـیش و بـێ کـار لـەم بـازاڕە هـەزار بەهـەزارەی دەسـوەڕامەوە، بۆخۆشم نەم دەزانی کێوە دەچم و بەدوای چیدا دەگەڕێم، هێندەم زانی وەکی ئەجندەی لێم بەدەرکەوت بە گەرمی گوتی:

– ها برا.. چۆنی چاکی... دیارنی... دیار؟

: خۆشبی.. بژیت.. وەڵڵاهی بڵێم چیی!

هێندەی کتێبی ئەستوور لەبن باڵ بوو بەستەزمانەی بەلادا دەهـات،

پاش کەمێك بەڕێگادا ڕۆیشتن بەو نیازەی کـەمێك بـاری سـووك بکـەم و یارمەتی بدەم گوتم:

– زەحمەت نەبێ ماوە بدە یارمەتیت بدەم و کەمێ لە.

گوتی: نانا قەی ناکا.. نابێ بەخوا هەر خۆم هەڵیان دەگرم.

ئەو دەم تێگەیشتم کتێبی زۆر ئەستوور هەڵگرتن کاری هەموو کەس نییە.

گوتی: ئەرێ ئێستاش هەر دەخوێنیتەوە؟

– بەخوا بەپێی ماوە.

گـوتی: راسـتە کـە بـەخوا مـاوەی خوێندنـەوە زۆر کەمـە، مـن هـەر رۆژەی هەفت هەشت سەعات دەخوێنمەوە... ماوەم هـەبێ هێـشتا پـتر دەخوێنمەوە.

بەدەسـت خـۆم نـەبوو پێکـەنینم هـات، بـەڵام کردمـە زەردەخەنـەو گوتم: راست دەکەی ئەم هـەموو کتێبـە ئەسـتوورە وانـەبێ چـۆن تـەواو دەبێ.

گوتی: جا تۆ چیت دیوە، کتێبخانەکەم ببینی سەرت سوڕدەمێنێ؟

ئەوەشــت پــێ بڵـێم لای کـەم ڕۆژێ دوو تــا ســێ ســەعاتیش هــەر دەنووسم، خۆ بەخۆت ئاگـاداری لـەم دوای یـە ئـەو ڕەخنـەو نووسـین و لێکۆڵینەوەو وتارە دوورو درێژانەم بڵاو دەبێتەوە.

گوتی: ئەرێ رات بەرانبەر رەخنەکەی ئەو دوابیە چۆن بوو؟ هاتـەوە بیرم کە لەم دواییـە چـۆن کەڵـە نووسـەرێکی شوشـتبۆوە و رەخنـە لـێ گرتبوو، ڕەخنە چ ڕەخنە، هەر پڕی جوێن و شەق و تف و چەقۆو کۆڵـە

مـست بـوو " لەوەتـەی ئـەو ڕەخنەیـەم خوێنـدبۆوە، نـەك هـەر زاتـی نووسین کە لـەوەو بـەریش هـەر نـەم بـوو، بـەڵکو ئـارەزووی ئـەو کەمـە خوێندنەوەشم لەدەست دابوو کە جار جـار لـەبێ ئیـشیەوە خـۆم پێـوە خەریك دەکرد" وەکی ئەوانەم هاتنەوە بیر بەراسـتی سـامم لێ نیـشت و زاتم نــەکرد بیــدوێنم و دوانەکەشــم بــەدڵی ئــەو نــەبێ. کــوروە ئــاخر کەسانێکی کەلە نووسـەرێ وا بـشواتەوە، ئەمنـەکی کۆڵـەوار ئەگـەر بـە مگێزی ئەو نەدوێم چما هەر مار کوژم ناکا ئەگەر ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـانی لەو کابرایە پڕ لە (ڕەخنە) کرد، با ئەو بازاڕەش لەمن پڕ لە کۆڵە مـست و شەق نەکا: بەترسەوە گوتم:

: بەڕاستی بێ وێنە بوو.

گوتی: نەوەڵلاّ هەر کەسەکی وەك بۆق خـۆی پـف بـدا.. بـەخۆڕایی. ئاوای دەکوتمەوە.

بەساردییەوە گوتم: ئەدی چییە ئەرێ وەڵلاّ...

دەمویست لێـی دابـڕێم و ڕێ گـۆڕی بکـەم، کەچـی کـاکی ڕەخنـەگر گوتی: منیش هەر واوە دێم.

پاش کەمێك بێ دەنگی دیسان بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

: ئەرێ بزانم تۆ بۆ نووسینەکانی خۆت بلاّو ناکەیتەوە؟

پــێم وابــوو هــەر ڕەپ و ڕاســت قەشمــەریم پــێ دەکــا... دامــام... دامام... دوایی گوتم:

نووسینی چی؟

گوتی: خۆت گێل مەکە چاکت دەناسم، وەك بیـستومە دەنووسـی.. زۆریش دەنووسی.

گوتم: بەخوا برا دەترسم بەهەڵە چووبی؟

بەدڵنیاییەوە گوتی بەهەڵە نەچوویمە.... وەك و بیستومە ئەگەر نووسینەکانی خۆت بلاّوبکەیتەوە (زەجە)یەکی ئەدەبی پەیدا دەکات؟

گوتم: لەکێت بیستووە برا؟ بەخوا ئەو کەسە ئەگەر بەتۆی ڕانەبواردبێ، ئەوە بێ شك قەشمەری بە من کردوە؟

گوتی: نا برا... نا هێندەش خۆت بەکەم مەزانە هەرچەندە ئەم خۆ بەکەم زانینەش یەکێکە لە لە نیشانەکانی گەورەیی و زانایی نووسەران.

سەرم لێ دەرنەدەکرد، ئاخر چ خوا گیرەك ئەو تەڵەیەی بۆ ناومەتەوەو دەیەوێ لە هیچ و خۆڕا ئەو چەوریە لە سمێڵی من هەڵسوێ، گوتم بەخوا برا بڕوابکە نەك نووسین نە تەڕەسازیش نانووسم.

گوتی: پێویست بە شاردنەوە ناکا، ڕۆژی بلاّوکردنەوەیە... بێنە کام ڕۆژنامەو گۆڤاری دەڵێی من بۆتی دەبەم و دڵنیاش بە بۆ بلاّوکردنەوەو کەم شتەکیش پارەی تێدایە.

ماڵی پارەم بەقوڕ گرتبێ هێندە زوو تەقەلی پیاو شل دەکاتەوە، خەریك بوو لەدەمم دەرچێ و ئەو بوختانە بەخۆم بکەم و دەنگ هەڵبڕم و بڵێم: ئەرێ وەڵلا دەنووسمو هەیتم.

بەلاّم چابوو ماڵی ترس ئاوابێ زوو هێنامیەوە سەرخۆ؟

گوتم: کوڕە بڕوابکە... بەخوا هیچ نانووسم... سەریش لەم بەزمە دەرناکەم.

گوتی: نەوەڵلا وەکی من بیستوومە شتی چاك دەنووسی.. بنێرە با بلاّوبکرێتەوە، هەتاکەی؟

من لام وابوو دەیەویٚ کەتنەکم پیٚ بکاو لەدوایشدا بەسەر لکی داریٚـم وەبکات و بەدەردی کابرام بەریٚ و بمشواتەوە.

دیسان گوتی: نەوەڵلاٚ تۆ هەر بلاٚویان بکەوە، ئەگەرچی ناشزانم چی دەنووسی، بەلاٚم بزانە کاکی خۆت چۆنت لەسەر دەنووسم.

کە گوتی: "لەسەرت دەنووسـم " لەترسـان چـۆکم لـەرزی و خـەریك بوو لـەخۆ بمیـزم، نەمـدەزانی چـۆن ئـەو پـەڕەی ئـاو دیـو بکـەم خـۆی لەدەست بدزمەوە، لام وابوو بیٚ دەنگی چاکترین ڕیٚگایە کەچـی دیـسان هەڵی دایێ و گوتی:

: نەوەڵلاٚ تۆ تەنیا چیرۆکێك، کوڕە شیعرێك...هەرچی بیٚ، هەر بـلاٚو بکــەوە، جــا بزانــە کــاکی خــۆت چــۆنت پــشتگیری دەکــاو لەســەرت دەنووسیٚ:

بیستوومە دەڵێن مێش بن باڵەکی دەردەو یەکیٚ دەرمان، جـا نـازانم ڕۆژ لەکام لا هەلاٚتبوو، کـە ئـەو ڕەخنـەگرە بـەلا بـاڵی خێـر وەلای منـدا وەرگەڕا بوو.

گوتم بە نەرمی پێك نایێ ئەو هەر بە سۆرە سۆر قەشمەریم پیٚ دەکا بـا کـەمێك بـە تونـدی لەگـەڵی بئـاخڤم بەڕاسـتیش هاوسـەنگی خـۆم لەدەست دابوو، ڕووم تیٚ کردوو بە گرژی یەوە گوتم:

: کوڕە نابیٚ پیاو بی.. من دەڵێم نانووسم: نازانم شیعر رووی لـەکام لایە گرێی دۆخینی چیرۆك ها لەکویٚ؟ .

ئـاخر دەوازبێنـە، دەمزانـی ئەگـەر ببێتـە شـەڕە مـست دەرەقـەتی نایەم، بەلاٚم تازە لە دەمم دەرچـوو بـوو بـۆم نەدەگەڕایـەوە و قیڕوسـیا

چی دەبێ با ببێ، من چاوەڕێی شەق و مست بووم کەچی لەسەر خۆ گوتی: کوڕە براکەم.. ئاخر تۆ دەنووسی نازانم هۆی چییە.. دەیانشاریتەوە؟

هەرچەندە جارەکی دەیگوت "دەنووسی" ئەو جارەم دەهاتەوە یاد کە ویستم نامەیەکی بەکەیفی خۆم بۆ برادەرێکی دوور بنووسم، سێ ڕۆژ خۆم هێناو برد نەمزانی لە کوێوە دەست پێبکەم و ئەوەی دەمەوێ چۆنی  بۆی بنووسم، ئاخر ئەو ڕێگا دوورەم بڕی و ئەو مەسرەفە زۆرەم کردو چووم بۆلای، هەر لەبەر ئەوەی نەمتوانی یەك نامەی بەدڵی خۆم بنووسم، ئێستا ئەو هەموو نووسینەی ئەم کوڕە باسی دەکا لەکوێم نووسیوە... نازانم؟ هەنووکە کارەکە هەر بەوەندەی ببڕابایەوە.

کە گوتبام وەڵڵا بابە هەیتم و زۆریش دەنووسم، کوڕە شتی چاکیش دەنووسم، قیڕوسیا ئەو درۆیانەم دەکرد، پیاو وەختی وا ڕێی لەو وردە درۆیانە دەکەوێ،لام وایە کەسیش بەدرۆیەکی ئەوتۆی ناژمێرێ، بەلاّم لەوە دەترسام کارەکە لەوسەر لەسەرم گران بووەستێ و لەبن نێمەدەر... خراپتر لەباشتر بێ، سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕەخنە گرەی من هێندەی لێ دەترسام، ئەو بە زبانێکی چەورو شلك خەریك بوو لەو ساکە گۆڕەی، کوڕە لەو بێ ئیشەی بمکا بە شاعیر و چیرۆکنووس. هێندەی پێ نەچوو وەك بیەوێ بەتەواوی لەگەڵم ساغ بکاتەوە دیسان رووی دەمی تێکردم و گوتی:

ئەگەر بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیشیان نانێرێ، بیان کە دیوان و کتێب و چاپیان بکە.

هەرچەندە ئەو زبانی خۆش دەکردو نـەرم دەدوا مـن لام وابـوو تونـد تر قەشمەریم پـێ دەکـا، واش پـشووی تـەنگ کردبـووم بـەر پێـی خـۆم نەدەدی و نەم دەزانی لە چ جێگایەکی ئـەو بـازاڕەم، خـۆم پـێ نـەگیراو هاڕاندم بەسەریا:

هەنووکــە تــۆ یەخــەم بــەرنادەی؟ چ نووســین نووســینت لــەمن دامەزراندیە، کوڕە بەلأی خوای، کەچی ئەو لەسەرخۆ وەك نـەبای دیبـێ نە باران گوتی:

ها؟ دەمارەکی شێتیشت تێدایە، ئـەوەش هـەر نیـشانەکەیە لـەوەی کە نووسەرو شاعیری چاکی:

کە گوتی ((دەمارەکی شێتی)) خـەریك بـوو لەپـەنای ئـەو (دەمـارە شـێتییە ) وەری گـەڕێمێ و سـەرو گێلاکـی چـاك بکوتمـەوە، بـەلأم ئـەو جارەش ترس هێنامیەوە سەرخۆ، چ جار هێندەم بەخت یار نەبووە، کە سەرم هەڵبڕی لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورەی شار بووین، هاتەوە بیرم کە دەمێکە تەنگاوم، گوتم: ڕێگا هەیە هەتا...

گـوتی: فــەرموو... فــەرموو، بــەلأم تــۆ پــێم بڵــێ: کــەی بلأویــان دەکەیتەوە، چ وەختەك چـاپیان دەکـەی؟ دۆخیـنم گرتـە دەسـت و بـە پەلە خۆم کوتایە ئاودەسێ، لام وابوو ئەو کاتە وازم لێ دێنێ و لای کـەم ماوەم دەدا وەك پیاوان دانیشم... کەچی لەو دیوی قاپیەکـەوە گـوتی: ئەرێ کەینێ چاپیان دەکەی؟

هێندەم ئاودەس لا خۆش بـوو پـێم وابـوو قـەتو قـەتی لێ دەرناچـم بۆیێ گوتم: ئەو دەمەی لە ئاودەس هاتمە دەرێ..

# سەگەکەی ستەنیک !!

جاری یەکەمم بوو، لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانیدا کار بکەم، کە ناونووسیان کردین و دامەزراین، ئێمەیان پەڵکێشی لای ئەو (ستەنیك)ە کرد، کە لەمەیدانی کارکردندا پلەی (فۆرمەن) ی هەبوو، ستەنیك کابرایەکی کورتە باڵای لەڕ بوو، سەرێکی چکۆڵەو ملێکی کورتی هەبوو، لەڕەنگ سوورەی موو زەردی چاوشین بوو، لای ئێمە ئەو جۆرە کەسانە پەسەند نین، بەمندالێ وامان بیستووە، تۆبلێ، لای ڕۆژئاواکانیش هەروابێ، چەنگە مووەکی بەسەر چەنەگەی وەنوسابوو، لەگەڵ سمێڵە داچۆڕاوەکەی تێکەڵ دەبوو.

هەردەم چـاویلکەیەکی لەچـاو دەکـرد و (کاسـکێتێکی لەسـەر دەنـا (قەمسەلەیەکی ) لەبـەر دەکـرد، کـە لـە پـشتڕاش زەیـن دەدایـێ، پێـت وابـوو کـەمێك قـەمبوورە، کاسـکێتەکەش وا دەنووسـایە قەمـسەلەکەی هەستت بەوە نەدەکرد، لـەنێوانی شـان و سـەری دا مـل هـەبێ، ئـەوەی زۆر زەحمەت بوو بۆت نەدەکرا. ئـەوەبوو: قـەت نەتـدەتوانی لـەڕەنگ و رووی ستەنیك مەزەندەی عەمری بکەی.

ستەنیك تەنیا نەبوو وەك لەبیرم مابێ، توولە سەگێکی هـەبوو نـاوی ((داوۆ) بوو لەگەڵ داوۆ هێندە خۆیان دابووە یـەكو متـوی یـەك ببـوون کەلێك دابڕانیان نەبوو، لەوەش سەیرتر زۆرچاك تێکدەگەیـشتن وە لێـك حاڵی دەبوون.

دەست گەمەو زار گەمەی زۆریان لەگـەڵ یـەك دەکـرد، کـە سـتەنیك دەستی لە تووکی سەگەکەی وەردەدا و لاملیان لێك هەڵدەسوی، ئێمـە موچڕکمان بەلەشی دادەهات و ئـەو غـەیرە دینـەمان تـەواو بـە ئاوەگـڵ دەزانـی لەهەوەڵـەوە زۆر خۆمـان لێ دەپاراسـت و لاتـەریك دەگـرت، تـا بەڵکـە ئێمـەش ئاوەگـڵ نـەبین بـەلام بـەم دواییـە نـەك هـەر خۆمـان لەسـتەنیك نەدەپاراسـت، بەڵکـە وردە وردە لەگـەڵ داوۆش دەسـت گەمەمان دەکرد و تەواو لەم ئاوەگڵییە ڕاهاتبووین ! !

من لەوەتەی دەستم داری گرتووە دەڕەتێم، هەر ئیشێکی بە شان و پیـلو دەسـت کرابـێ و عـەیبی تێـدا نـەبووبێ کردوومـە پێـت وانـەبێ بەهەوای هەوەس کارم کردووە، نەوەڵلا برسیەتی پێی کردووم.

کارکردن لە کۆمپانیا بۆمن دونیایەکی تازە بوو، چۆن هەتا ئـەو دەم

هەر لەگەڵ وەستاو خاوەن کاری خۆمانە کارم کردبوو، هـەر کـارەی لـە جێگایەك و هەر ڕۆژەی لەگەڵ خاوەن کارێك، کـارکردن بـە ڕۆژانـە بـوو، جگە لەوەی هەموو ڕۆژێکیش کارمان نەدەبوو، زۆریش ماندوو دەبووین، چۆن هەر وەستاو خاوەن کارێك زانیبای کە کرێکارێك بەتەواو خۆناداتـە ئیش، یان ئەوەندەی لەباری دایە دادی ئەو نادا، ئەوا ئێوارە دەردەکرا، زۆرجاریش خاوەن کار هەر لەنێو کاردا گوێی یەکێکی لێ دەگرتین و ڕێی ماڵـەوەی پـێ نیـشان دەدایـن، کەرەسـتەی ئـیش کردنـی خۆمانـە هـەر خاکەنازو قەزمـەو بێـڵ و عارەبانـە بـوو، بـەڵام لـە کۆمپانیـا هەمـەجۆرو جیـاو تـازە بابـەت بـوو، تـەواو دەگـۆڕا، جگـە لـەوەش بـە مانگانـە دامەزراین، یانی ڕۆژانی هەینی و عەتەلـە کـاریش ناکـەین و ڕۆژانـەشمان حسێبە، ئەمانە هەمووی لەسەریەك بۆ من دنیایەکی نوێی بوون.

ئیشی ستەنیك، یانڕاستتر ئەو ئیـشەی سـتەنیك بـە ئێمـەی دەکـرد، قیت کردنەوەی شێلمان و بەستنی بوو، کارێکی ئاسان نیەو زۆریش پـڕ مۆڵەکەیە، بەکەمترین هەڵە گیـانی هـەمووومان دەکەوتـە مەترسـی، هـەر کـارێکی کـەمێك هونـەری تێـدابا، سـتەنیك ئێمـەی وەلادەنـاو پـشتی تێدەکردین و خۆی بەدزی دەیکرد، قەتی ڕێگە نەداین و وەی نـەدەکرد، لەبەر دەستی ئەو شتێك فێر بین و پێەك بچینە پـێش، خـۆ ئەگـەر هـەر کارێك ڕێك هاتباو بەرێوەبەرو ئەنـدازیار ڕایـان لێ بوایـە، ئـەوە سـتەنیك خۆی کردبووی و ئافـەرین هـەر بـۆ ئـەو بـوو، هـەر ئـەو کـارەی خۆشـی ئەگەر ڕێك نەهاتباو بەدڵی لێپرسراوان نەبوایە ئـەوە هـۆی نـەزانی ئێمـە بوو بەسـانایی شـەیەکەی لەسـەر ئێمـە دەشـکاندو تێـشمان بـەردەبوو،

هەزار قسەی ساردو سووکی پێ دەگوتین، ئێمە لە زمانی ستەنیك نەدەگەیشتین، بەڵام قسەی ناشرین بەهەر زمانێك بکرێ هەر ناشرینەو دیارە، ڕووی تووڕەو ترشاویش هیچ ڕەنگێك نای شارێتەوە.

زمانی ستەنیك فەڕەنسی بوو، ئێمە کرێکارەکان هەر لە هەوەڵ ڕۆژی دامەزراندنمانەوە، ئەوەی کوتە خوێندەوارییەکمان هەبوو زوو خۆمان گەیاندە کتێبخانەکان و سەرو کتێبی (چۆن فێری زمانی فەرەنسی دەبی) مان کڕی و کەوتینە ئەزبەر کردنی وشەو ڕستان، بەتایبەت (بۆنژ ووغ) و (بۆن سوار) و ئەو ناوانەی ئیشمان پێیان دەبوو، زۆر بە توندی و ڕشتی هەوڵی فێر بوونی زمانی فەرەنسیمان دەدا، لەوە خراپتر خۆشمان نازانین چۆن بوو، کەوتبوونە سۆراغی دەنگ و باسی فەرەنسیان و هەرچی لە فەرەنسا ڕووی دەداو. ڕادیۆکان شەو بلاویان دەکردەوە، ئێمە بەیانی وەکو تووتی دەمان گوتەوە، لە سینەماو تەلەفزیۆن هەرچی پەیوەندی بە فەڕەنساوە هەبوایە بە دیاریەوە دادەنیشتین و دەبوایە تێی بگەین ناوی ئەکتەرەکان و گۆرانیێژە فەرەنسیەکانمان لەناوی ئەکتەرو گۆرانیێژو خزم و کەسەکانی خۆمان چاکتر لەبەر کردبوو، زۆر چاکمان دەناسین،هەربەوەشەوە نەوەستاین بەدوای ناوو دەنگی پیاوە ناودارو ناسراوەکانی فەڕەنسا کەوتین و ئەوانەی لەسەدان ساڵ لەوە پێش ژیا بوون چ پیاوانی ڕامیاری و سەربازی، یان ئەدیب و زانای لێ هاتوو، ئێمە زۆرمان لەبارە خوێندنەوە، زۆر شتمان لەبارەوە زانین، بەکورتی ئەوەی لەو ماوە کەمەدا لەبارەی فەڕەنساو خەڵکی فەرەنسامان زانی بەهەموو

ژیانمان ئەوەندە لەبارەی گەل و ولاّتەکەی خۆمان فێرنابین، بەوەی چاك بوو ئەم کارکردنەم درێژەی نەکێشاو زوو لەگەڵ ستەنیك لێك ڕاست هاتین و سەگمان پیٚ حەپی و (ئەڵێ) م لیٚ کرا، دەنا ئەگەر هەتاسەر وا مابایناینەوە لەسەر ئەم بەزمە ڕۆیشتباین تەواو دەگۆڕاین و شێوەی خۆمان لەدەست دەدا، نە ئەوەتە بەوان دەچووین و نەلەسەر ڕەسەنی خۆشمان دەماینەوە.

ستەنیك بیست و دوو ساڵ بوو لەگەڵ کۆمپانیاکانی فەڕەنسی کاری دەکرد، لەسەر قسەی خۆی چواردە ولاّت گەڕابوو، هێشتا لە زمانی فەڕەنسی بەولاوە مەلاّشۆی بەهیچ زمانێکی دی نەدەگەڕا و وشەیەکی لەهیچ زمانێکی دی نەدەزانی بەتەنیا لەنێو ئەو هەموو کرێکارە کوردە هەولّی نەدەدا وشەیەکی کوردی فێربیٚ، کەچی ئێمە هەموومان پاش ماوەیەك وامان لیٚ هاتبوو بەیانیان نەك هەر لەگەڵ ستەنیك و سەگەکەی بگرە لەنێو خۆشماندا هەر بۆنژۆو ئێوارانیش بۆن سوار و کە لێکیش دادەبڕاین هەر (ئۆرغوڤواغ) بوو.

زۆر جار ستەنیك داوای شتێکی لە ئێمە دەکرد، تیٚی نەدەگەیشتین، جگە لەوەی زمانی ستەنیکمان چاك نەدەزانی ستەنیکیش زمانی زۆر ڕەوان نەبوو، جا سەرەڕای ئەوەش ئەگەر هاتباو بە تووڕەییەوە دوابا... جا تۆ بێژە چ وەختان هەبوو تووڕە نەبیٚ! کە ئێمە لێی حاڵی نەدەبووین ڕووی دەکردە سەگەکەی، بانگی دەکرد داوۆ..داوۆ.. پاش ئەوەی داوۆ گوێی مووچ دەکردەوەو وشت دەبوو ستەنیك جریوە جریوێکی دەکرد، داوۆ زوو لە سپانەیەك گازێك چەکوچێك گوورە

ئاسنێك ڕوو دەهات و بەدەم هەڵی دەگرت و لەدەست ستەنیكی دەنا، ستەنیك زۆری كەیف بەمە دەهات و لەخۆشیان تێی ڕوو دەبوو نێو چاوی ماچ دەكردو ڕووشی دەكردە ئێمە دەستی بۆ چاوی خۆی دەبرد كە بەوە وای دەگەیاند تەماشاكەن.. خۆ كۆرە نین؟ پەنجەیەكی بۆ داوۆ ڕادەناو پەنجەیەكی بۆ سەری خۆی درێژ دەكرد، لەوەش وا دەردەكەوت كە دەڵێ: داوۆ سەگە، سەگ لەنگۆ ئاقڵترو بە مێشكترە.

داوۆ بەو هۆیەوە كە لەگەڵ ستەنیك وا زوو لێكك حاڵی دەبوون، موویان بە بەینێ وەنەدەچوو زۆر بە خزمەت و لە خۆشی دابوو، جار جار كەلەسەر ئیش ستەنیك خواردنی دەدایە داوۆ چ خواردنێك؟ نەك وەكو سەگە بەستە زمانەكانی خۆمان ئێسكی ڕناوەو خواردنی بەرماوە.

نا..نەخێر، بەڵكو نەرمە گۆشتی وای دەرخواردی داوۆ دەدا، كە ئێمە هەموو ژیانمان قەپمان لە نەرمكی وا نەداوە جگە لەوەی هێندە خواردنی دەدایێ كە ئێمە هەر ناویشیان نازانین و دەشمرین تامی ئەو خواردنانە ناكەین؟

هەفتەی دوو جار ستەنیك داوۆی بە (شامپۆ) دەشوشت و جوان و ڕێك شانەی دەكرد، كە ئێمە نەك كاوورو دابەستی بەڵكە منداڵە ساواو كۆرپە خۆشەویستەكانی خۆشمان واجوان ناشۆین، كە لە شووستنی داوۆ دەبۆوە، داوۆ لێی دوور دەكەوتەوەو گورج خۆی ڕادەوەشاند و دەچوو لەسەر كورسییەك جێگایەكی بەرز هەڵدەكوتاو لا كەڵەكەی دەدا هەتاوێ... هەتا كزر دەبووەوە جا خۆی وەردەگێڕاو لاكەی تری ڕووەو هەتاو ڕادەگرت داوۆ هەر لەكن ستەنیك وا بەحورمەت و خۆشەویست

نەبوو، بـەڵکو لـەلای هـەموو ئیـشکەرە فەرەنـسیەکان، بەتایبـەت لـەکن بەرێوەبەرو ژنەکەی زۆر جێـی بڕوابـوو — حەپـەی — ببـوورن — قـسەی دەڕۆیشت و کەس نەبوو بتوانێ دەست لەبەر دەستی داوۆ هەڵدا.

ستەنیك هـەر لەگـەڵ سـەگەکەی خـۆی وا بەسـۆزو دڵ نـەرم نـەبوو، بەڵکە کـەرە بەرەڵایـەکی وڵاتـی ئێمـەش، ئەگـەر بەهەڵـەش لـە سـیمی کۆمپانیا هاتبا ژووری، کێ زاتی ئەوەی دەکرد لێـی بخورێتـەوە، ئـەوە خۆ هەر کەس تواناى ئەوەی نەبوو چەغە لە داوۆ بکات، ئەو ستەنیکەی کە زۆر جار لە هـیچ و خـۆڕایی وای خـۆ لـە ئێمـە تـووڕە دەکـرد و لێـی دەخوڕینەوە کە ئەگەر پێستی ڕوومان چەرمە قاڵتاغ بوایـە دەبـوو سـێ ڕێز ئارەقەی شەرمی لێ بچوڕێتەوە. نازانم چۆن بوو، هەر ئـەو سـتەنیکە لەگەڵ بەسـتەزمان و ئـاژەڵان ئـاوا دڵنـەرم و لەسـەریان هێنـدە بەشـیر بوو. بیـستوومە لـە وڵاتـانی ڕۆژئـاوا ڕێکخـراوی واهـەن لەسـەر ئـاژەڵ و پـــەرەوەلان بـــەدەنگ دێـــن و ئـــەو کەســـەی دەســـت درێـــژیان بکـــاتێ، ڕووبەڕووی یاسا ڕای دەگرن و سزاباری دەکەن.

لەوەدەچـوو سـتەنیکیش هـەر لـەو بەسـتەزمان دۆسـتانەبێ کـە بەڕاستی دیـارە پێـشکەوتوون؟ پێـشکەونەکەشیان لـەوەی هـەڵبواردوە ئاوڕ لە مرۆڤ بدەنەوە، کە مرۆڤ بووەتە شتێکی کـۆن بەتایبـەتی مرۆڤـی ڕۆژهەڵاتی کە بەلای ئەوانەوە ڕزگارکردنی گیانی پیرۆزی گـوێ درێـژێك، سەندنەوەی مافی پەرەوەرێك، ڕاگرتنی نـازی توولـە سـەگێك سـەد بـار لەوە چێترو مرۆڤانە ترە کە ئاوڕ لە مرۆڤێکـی نـەزان و پاشـکەوتەی بـێ ڕەزا بدەنەوە.

ستەنیك قەمەرەیەکی چکۆڵەی هەبوو، هاتوچۆی پێدەکرد، کە ئێمە لەنێو خۆمان بە قالۆچە ناومان دەبرد، لە داوۆ زیاتر کەسێکی دی پێی بەسەر نەدەکەوت، لەگەرمای هاوین بوایە، یان لەبەفرو بارانی زستان، کە ئێمە بەشی زۆری کرێکارەکان لەگەڕەکێکی هەژارانی لاپەڕی شار رووماندەکردە کۆمپانیا، لەڕێگا تووشی هەریەکێمان هاتبا با دەرنگیش بوایە کەسی هەڵنەدەگرت و جێگای داوۆی تەنگ نەدەکرد. داوۆش زۆر ماقووڵانە، یان لە پێشەوە لەتەك ستەنیك هەڵدەتوتکاو زەق و زیق لەخەڵکی ڕادەما، یان ئەوەتە لەدواوە ڕادەکشاو لمۆزی دەهاوێشتە سەر هەردوو لەپی.

ئێمە کە لەهەوەڵەوە بیستمان ستەنیك (فۆرمەن)ە پێمان وابوو داخوا چ کارزان و دەست ڕەنگینێکە ! بەلأم نەك هەر وانەبوو بەڵکە درزو فێلأویەك بوو، قەتی هەوڵ نەدەدا کار بەڕاستی و پاکی بکات، بەڵکە هەموو هەوڵی ئەوەبوو بەفێڵ و چاوبەستی پێکی بهێنێ، هەرئەوەندەی دەویست لە لێپرسراویەتی ئەو تێپەڕی جا خوای دەکرد پاشان بەسەر یەك دادەتەپی ئێمە لەهەوەڵەوە زۆرمان لەبار ناخۆشی بوو، پێمان ناپاکی بوو بەدەنگ نەیەن و چاوپۆشی لێ بکەین، ئاخر ئەوانە پێنج و دوو ڕۆژێکە دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و پارەی خۆیان دەبەن.

ئەوەی بەجێ دەمێنێ ملکی ئەم گەل و وڵاتەیە، لەنێو خۆمان پرتەو بۆڵەمان دەکرد، کەچی دوایی بەدەرکەوت لێپرسراوەکانی خۆشمان کەس گوێ لەدەنگی ئێمە ناگرێ و بڕوا بەدەنگە هەق بێژەکەی ئێمە ناکەن؟ ئەوەی ئێمەش بیکەین، وەك ئەوە وایە بەدەستی خۆمان نانی

خۆمان ببڕین و وابکەین داوۆمـان پـێ بحـەپێ، دواجـار بـەرە بـەرە وەك ئاوەگڵێیەکە لەوەش ڕاهاتین و تەواو بووینە شاگردی ستەنیك.

زۆر هۆ پاڵـیان دابـووە یـەك و وایـان کردبـوو کـە ئێمـە لـە سـتەنیك بترســین ئــاخر ســتەنیك (ئــەلێ Allez ) لەهەرکەســێك کردبــاو بەهەرکەسێکی گوتبا (فنیش) ئەوە بێ سێ و دوو نانی دەبڕاو لەسـیمێ وەدەر دەنـراو پیـاو نـەبوو بیگێڕێتـەوە (ئـەڵی) یـەکی سـتەنیك وەك سیکارد ئەستوورایی یاساو ناوقەدی سەندیکای دەبڕیەوە

ستەنیك تەنیا نـانی ئێمـە، یـان کرێکارەکـانی بەدەسـتی خـۆی پـێ دەبڕا، بەڵام سەگەکەی داوۆ بەدرێژایی و پانایی کۆمپانیـا بەهەرکەسـێك حەپی با نان بـڕای دەکـرد؟ داوۆ بـە دوژمنـت حـەپی بـا، ئێستاش کـە حەپەی سەگێك دێ، ڕادەجفرم و دەڵێم، خێربێ خوایە؟

سەگ بەکێ حەپی نانی کێ برا؟ هـەر زاڵمێـك زەواڵێکـی هەیـە، ئـەو ستەنیکەی ئێمە لەبەری دەلەرزین ئـەویش لـە ئاسـتی بەڕێوەبـەر سـەد ئەوەندە هـەر دەلـەرزی، ئـەو سـتەنیکەی ئـەو هـەموو ماوەیـە پێکـەوە بووین، قـسەیەکی نـەرمی لەگـەڵ یـەکێکمان نـەکرد کەچـی لەبـەردەمی بەڕێوەبەر وافـس دەبـووەوە لۆچـی لـەخۆی دەبـڕی و نـەرم دەدوا، کـە سەرت لەکاری خوا سوڕدەما، ئەو بەنی ئادەمە تـرش و تونـدو تووڕەیـە چ بە زوویی گۆڕا؟ ئەو ڕووە خـۆش و هـێمن و قـسە نەرمانـەی لـە کـوێ هێنا.

ئێمە لە ستەنیك دەترسـاین و سـتەنیکیش لـە بەڕێوەبـەر، بەچـاوی خۆشم نەم دی بەڕێوەبەر لەکەس بترسێ، بەڵام بیـستم کـە سـەگی پـێ

حەپی و لە فەرەنسا ڕا؟ ئەلی – Allez یان لێ کرد، ئۆبـاڵ بـە ملـی ئـەو کەسەی کە بۆی گێڕامەوە گوتی: گوایە لەسەر دەست پیسی بوو.

پێم وایە دوور نییە ڕۆژێکیشدا دێ داوۆ بە (ستەنیک)یش دەحـەپێ و ئەویش نان بڕاو دەکات، لە کۆمپانیای وەدەردەنێ.

١٩٨٤– هەولێر

# خۆنەدانە دەست

کــە گەیــشتیە نزیــك کابینەکــە، دوو ئــافرەت لــەژێر ســێبەری درەختــەکانی نێــو باخــچەی بــەردەم کابینەکــە هەریەکــەو لەســەر کورسییەك دانیشتبوون، یەکێکیان ئاوێنەو موکێشی بەدەستەوە بوو، هەنگژابووە ڕووی خۆی و مووی هەڵدەکێشا، ئەوەی تریان گۆڤارێکی ڕەنگــاو ڕەنگــی بەدەســتەوە بــوو لــە شــێوەی چــاپ و پــەڕەکانی لەوەدەچوو گۆڤارێکی بیانی بێ.

لەسەر ڕەوشتی شاگردو بەردەستی یانەو ئوتێلە گەورەکان چوویتە بــەردەمیان و بەنــەرمی و لەســەرخۆ گوتــت: ((فــەرموون. چ کارێکتــان هەبوو؟)).

ئافرەتــە ئاوێنــە بەدەســتەکە بــە موکێــشەوە هــەر خــەریکی مــوو هەڵکەندن بوو تی چاوێکی پــڕ نــازی دایتــێ و خــۆی لــە گــوورە نــەبرد. ئافرەتــە گۆڤــار بەدەســتەکەش بــەنازو خانمانــە ســەری هــەر بەســەر گۆڤارەکەوە بوو گوتی: ((بۆچی درەنگ هاتی؟)).

گوتت: ((بمبــوورن. خــاتوون لــەخوارەوە کــاری ترمــان هــەبوو، پــێ ڕانەگەیشتین)).

بــەنازو خانمانــە هەڵــساو پێــشت کــەوت، هێنــدە بــەنازو بــێ باکانــە دەڕۆیشت کە نازو جوانی و مێینەیی لەهەموو بالآی دەچۆڕایەوە.

پێشت کەوت دەوڵەمەندەکان ژن و پیاویــان زۆر حــەز دەکــەن پــێش ناومالّ و ئیــشکەرەکانی خۆیــان بکــەون و ئــەوانیش مــل کــەچ و دەســت لەسەر سینگ بەدوایانەوە بن.

تـــۆش بـــە هێمنـــی و بەردەســـتانە بـــەدوای کـــەوتی و ســـەیری هەڵسوکەوتیت دەکرد، لە ڕۆیشتنەکەیدا دوو مانــات هەڵدەکڕانــد، یــەك: ئــەوەی دەیویــست خــاتوونی و گــەورەیی و خانــەدانی خۆیــت بەســەردا بچەسپێنێ و واقیعــی حــاڵی خــۆی و خۆتــت بخاتــە بەرچــاو. واتــە ئــەو خــاتوون و خــانمی دەوڵەمەنــد و بەدەســەلآت. تــۆش هــەژارو کرێکــاری بەردەست. دووەم: بیرکردنەوەی گەنجانــەت بــوو کــە پێــت وابــوو نــازی ئافرەتانەو جوانیت بەسەردا دەکێشێ.

ڕێگاکــە کــورت بــوو، هــەردووکتان گەیــشتنە بــەردەرگای کابینەکــە، دەرگا هاوینییەکەی کردەوەو گوتی: (فەرموو) وا لەنێو دەرگاکە وەستا بـــوو نەتـــدەتوانی بـــچێتە ژوورەوە، گوتـــت: ((ببـــوورن خـــانم ئێـــوە

فــەرموون)) بەلەنجــەو خۆبادانــەوە چــووە ژوورەوە، گۆڤارەکــەی بــە کراوەیە لەسەر مێزی ناوەڕاستی هۆڵەکە داناو چووە ئەودیوی مێزەکـە، تـۆش بەدوایـەوە بـووی، بەدەسـت خـۆت نـەبوو، تـی چـاوێکت دایـە گۆڤارەکە، لەنێو لاپەڕەکانیدا وێنـەی ئـافرەتێکی ڕووتـت بینـی کـە بـە مۆدێل بۆ هونەرمەندێکی سەروڕیش تووکن، بەڕووتی لەسەر قەنەفەیـەك پـاڵ کـەوتبوو، وێنــە ڕووتەکـە موچـڕکێکی بـە گیانتـدا هێنـا، ئـەوە یەکـەمجارت بـوو لەهــەموو ژیانتــدا وێنــەی ڕووتــی ئــافرەت ببینــی و لەژوورێکدا هەر خۆت و ئافرەتەکەو وێنە ڕووتەکەش بن.

خانمەکە زانی سەیری وێنەکـە دەکـەیت، تـی چـاوێکی پـڕ نـازو بـێ باکانەی تێ کردی و زەردەخەنەیەکی ئافرەتانەی پڕ مانای هێنایە سـەر لێوان، دڵت بەپەلە کەوتە لێدان و سەرت دانەواند.

ئافرەتەکە دەستی گەیاندە (ریکۆدەر)ەکەو (کاسێت)ەکەی گۆڕی و دوگمەکەی داگـرت، ئاوازێـك بـەرز بـووەوە کـە بەدەسـت خـۆت نـەبوو، لەگـەڵ بیـستنیدا هەسـتت کـرد، خـوێنی هــەوەس و گەنجانـە لـەدڵترا بەهەموو گیانتـدا پـەرت بـوو، چـووە بـەردەم چـاڵە بەفرەکـەو دەسـتی خستە سەر دەسکی دەرگای چاڵە بەفرەکەو گوتی: ((چـی دەخۆیتـەوە بیرە، یان خۆشاو)).

کـە گـوتی: ((بـیرە)) ڕاچــەنیت و زمانــت تــێکگیراو دەمێــك هــیچ وەلامێکت بۆ نەدرایەوە.

دووبارە گوتی: ((نەتگوت چی دەخۆیتەوە؟))

گوتت: ((بمبوورە، درەنگمە حەز دەکەم کارەکەم پیشان دەی)).

گوتی: ((درەنگ هاتووی، دەشتەویْ زوو زوو بڕۆیتەوە)).

گوتت: ((بمبوورە کە درەنگ هاتووم)) بەدەنگێکی بەرزو پڕ لە نازی ئافرەتانەو خانمییەوە گوتی: ((نەتگوت چی دەخۆیتەوە. بیرە، یان خۆشاو)).

زۆر جار حەزت دەکرد تۆش جار جارەش سەری خۆت بەپێکی بیرەیەك گەرم کەیت و لەپەنای سەرگەرمی و خواردنەوە، تەوقی زۆر خەم و ڕەوشتی بەرەواژی و نابەجێی نێو کۆمەڵ تێکبشکێنی، بەلآم حەزی هەژاران لەم ڕۆژگارو هەوارە وەك خەونی بەهاران وایە، ڕەنگاو ڕەنگ و دوورە دەستن نەتدەویست و نەتدەتوانی وابکەی کە زۆرتر چاوەڕێت بکات، یان ڕاستتر خۆت بۆ نەگیرا، چۆن چاوەکانی بە ئاشکرا هەڕەشەیان لیْ دەکردی، گوتت: ((کە هەر دەبیْ بخۆمەوە ئەگەر بەزەحمەتی نازانن، با خۆشاو بیْ، من ئێستا وەختی کارکردنمە، لەکاتی کارکردن خواردنەوە کارێکی نابەجێیە)).

لەنێو چاڵە بەفرەکەدا شووشەیەکی مام ناوەندی و ڕەنگاوڕەنگی دەرهێناو لەگەڵ قوتیەك بیرە. شووشە خۆشاوە پرتەقاڵیەکەی بەنازو لووت بەرزیەکەوە بۆتۆ درێژ کرد، قوتیە بیرەکەشی سەر هەڵگرت و قرپەیەکی لێوە هێناو کەفی هەڵچوو، زۆر بە نازو شارەزاییەوە لێوە ناسك و سوورەکانی خستە سەر دەمی قوتیەکەو لەسەر خۆ کەوتە هەڵمژینی کەفی بیرەکە، زۆر بیْ باکانەو بەبیْ ئەوەی یەخەو بەرۆکی خۆی ڕێك بخات، داهاتەوەو لەسەر مێزەکە پاکەتە جگەرەکەی هەڵگرت و دوو جگەرەی دەرهێناو یەکێکی بۆتۆ درێژ کرد.

گوتت: ((ببوورە جگەرە ناکێشم)).

لێوێکی هەڵقرچاندو هیچی نەگوت، جگەرەکی داگیرساندو مژێکی قووڵی لێداو دووکەڵی جگەرەکەی دەردا، دووکەڵ وەك خەرمانە دەوری مانگ لەسەرو چاوی ئالاّ.

دەنگی ڕێکۆردەکەی هەر دەهات و ئافرەتکەش نەرم نەرم لەگەڵ دەنگی مۆسیقاکە خۆی دەلەراندەوە، لەپڕ وەك شتێکی گرنگەی بیر هاتبێتەوە بەپەلە خۆی کوتایە ژووری نووستن و پاش کەمێك گەڕایەوە، لەگەڵ گەڕانەوەکەیدا بۆنێکی تازە بەنێو هۆڵەکەدا پەرت بوو، بەدەست خۆت نەبوو، هەناسەیەکی قووڵت هەڵکێشاو سینەی خۆت لەم بۆنە تازەیە پڕ کرد، بۆنەکە لەم بۆنانە بوو کە لە دوورەوە نێچیر دەگرێ و پەلکێشی دەکات، هەستت بەوە کرد لەگەڵ بۆنە تازەکە دەنگی مۆسیقاکە پتر کارت لێ دەکات، هەردووکیان پێکەوە دەماری گەنجانەو هەوەسیان دەبزواندی، ئافرەتەکە لەسەر قەنەفەیەکی نەرم دانیشت و قاچی خستە سەر قاچی و چۆك و لاڕانی بە ڕووتی لە ڕۆبە هاوینیەکە هاتنە دەرەوە و لەگەڵ دەنگی مۆسیقاکە بە نزم دەیلەراندەوە، بەدەم جگەرە کێشان و بیرە فڕکردنەوە کەوتە پرسیارکردن، گوتی: ((تۆ لەوە دەچی ئەندازیار بی وانییە؟))

لەڕەنگ و ڕوویدا لەوە دەچوو حەز بکات بە (بەڵێ) وەلاّمی بدرێتەوە، ئەگەرچی تۆ پێت وابوو چاکیش دەیزانی کە تۆ لە کرێکارێك زیاتر نی، بەلاّم دیاربوو خانم دەیویست لەپێستی خۆتت بێنێتە دەرەوە، ئەگەر لەسەر درۆش بێ ئەوسا ئەوەی دەیەوێ لەگەڵتی

بکـات، بـەلاّم تـۆ ڕانـەهاتووی درۆ لەگـەلّ خـۆت و خەلّکـدا بکـەی و شەرمیشت بـەم کرێکاریـەی خـۆت نـەبوو، بۆیـە بـە دلّنیـایی و شـانازی بەخۆکردنەوەی گوتت: ((ببوورن... من کرێکارم و ئەندازیار نیم خانم)).

گـوتی: ((ڕاسـت بلّـێ، درۆ مەکـە تـۆ لـەوە ناچـی کرێکـار بـی)) کـە گوتی: ((درۆ مەکە)) تووڕەییەکی لەناکاو هەموو گیانی داگرتـی. بـەلاّم، تووڕەییەکە لـەنێو ئـاو و بـای هۆلّەکـەدا توایـەوە، ناچـار بەسـەر خـۆت نەهێناو گوتت: ((پێویستم بەدرۆ نییـە خـانم)) خۆشـاوەکەت تـەواو بـۆ نەخورایەوە، هەرچـەندە تـامێکی وای لێـدەهات کـەتۆ لەهـەموو ژیانتـدا ئەمە یەکەم جار بوو خۆشاوی ئاوا خەست و بەتام بخۆیتەوە، بیرت لـەم هـەموو نـازو خۆشـییە دەکـردەوە کـە دەولّەمەنـدەکان تێیـدا دەژیـن، خـانووی گـەورە.. ماشـێنی تـازە... ناومـالّی خـۆش و جـوان... پـارەو مولّکی زۆر... ئافرەتی ناسك و تەڕ... بۆنی خۆش و دلّڕاکێشەر..ئاوازی خۆش و دلّبزوێن... خواردن و خواردنەوەی زۆرو بەتام... بەرگی جـوان و گران و پڕ قیمەت... گەشـت و گـوزار... ئەمانـە هـەمووی کـە ئێـوەی هەژارەکان هەر تەنیا بە بەهشتیەکانی ڕەوا دەبینن، پێتان وایە لەسـەر دنیـا کـەس نییـە، زاتـی ئـەوەی هـەبێ لـەم هـەموو خۆشـی و جوانییـە بپۆشێ و بنۆشێ لەبەر خۆتەوە گوتـت: ((بەڕاسـتی هـەبوویی خۆشـە، ئەرێ چی دەبوو خەلّك هەموو هەبوو بوایە؟ نەك وەکو ئێمـە هەنـدێ لـە خانووی کرێ دابنیشێ و نانی لەسـەر کرێکـاری بـێ و بـەزگێك تێـرو بـە دووان برسی؟ هی واش هەبێ...

ئافەرەتەکە هەستی کرد کەوتوویتە نێو دونیای خەیالاّت.

گوتی: ((دالْغە لێ مەدە خۆشاوەکەت بخۆوە!))

گوتت: ((سوپاس خانم درەنگمە حەز دەکەم کارەکەم پیشاندەی)).

گوتی: ((نازانم بۆچی پەلەتە))

دەنگی مۆسیقاکە هەر دەهات و بۆنە خۆش و هەست بزوێنە نێچیرگرەکەش زیاتر جێی خۆی لەنێو دەمارەکانتدا خۆش دەکرد، جوولەو نازی جوانی ئافرەتەکەش دەیویست دەستت لێ بستێنێ، چەندی دەتکرد بیرو ئارەزووت ڕێك نەدەکەوتن.

خاتوون دوا چۆڕی بیرەکەی هەڵداو جگەرەکەی لەنێو تەپلەکەدا کوژاندەوەو گوتی: ((دوام کەوە)).

بەپەیژەکەدا سەرکەوت بەرەو ژووری سەرەوە، تۆش بەدوایدا خشی، لەناوەڕاستی پەیژەکەدا ڕاوەستا، تۆش ناچار ڕاوەستای سەیری سمت و لەشی چاویان داگیرکردی، ئەم لەشە نەرم و جوانە لەژێر ڕۆبی تەنك و پەمەیی، سەد ئەوەندەی تر جوان و دلگرو سەرخۆشکەر بوون، بۆنی خۆش و ژنانەی تەواو سینەی تەنیبوویەوە، مۆسیقاکە یەك بێن تانیان دەدای، ئافرەتەکەش بە هەڵسوکەوت و نازو گفتی ڕێگای بۆ خۆش دەکردی، بەڵام چەندی دەتکرد نەتدەتوانی، خۆ بەگەورە زانین و لووت بەرزی دەوڵەمەندانەو نازی ژنانەی لێك جیابکەیتەوە. کارکردن لەم جۆرە شوێنانە، جلەو قایمی دەوێ، کەمترین هەڵە ئابڕوو چوون و نانبڕانی بەدواوەیە. تۆش بە ئاسانی لەم هاوینە، ئەم کارەت لەم شوێنە بەدەست نەکەوتووە. هەستی نانپارێزی وەك چاودێرێکی هەمیشەیی و موکڕ، لەهەموو شوێنێك، لەهەموو کاتێکدا بەسەر سەرەتەوە بوو،

لێکدانەوەو بیرو بینینی واقیع زوو زوو پلەی گەرمی لەشیان دەگۆڕی و لەژێر ئاوو ئارەقەیان دەخستی و دەیانهێنایەتە لەرزین.

ئافرەتەکە لەسەر دوا پێی پەیژەکە ئاوڕێکی لێ دایتەوە تیشکی چاوەکانی پڕ لەحەزو نازو وەك تیشکی کارەبا دڵی داخورپاندی.

دواجار خۆت لە ژووری نووستنی سەرەوە بینیەوە، تۆو ئافەرتەکە بوون، پرسیت: ((زەحمەت نەبێ خاتوون نەتگوت کارەکەتان چی بوو؟)).

بەنازو بێ باکیەوە گوتی: ((ئەم ئێرکۆندێشنە هەواکەی گەرمەو ژوورەکە سارد ناکات)).

لەپێش ئێرکۆندێشنەکە دانیشتی و خەریك بووی قەپاغی پێشەوەت دەکردەوە، بینیت بەفری گرتووە.

گوتی: ((چییەتی، چاك دەبێتەوە؟)).

گوتت: ((بەڵێ خانم هیچ نییە بەفری گرتووە)).

خەریك بووی بورغی قەپاغەکەت شل دەکردەوە، گوتت: ((دەبێت ماوەیەك لەسەر گەرم کار بکات تاکو بەفرەکەی دەتوێتەوە، پاشان ئیسفەنجەکەی خاوێن دەکەینەوە)).

دەنگی مۆسیقاکە نەرم نەرم دەگەیشتە ژووری سەرەوە، بەلاّم بۆنە خۆش و دڵڕاکێشەرەکە لەگەڵ ئافرەتەکە سەرکەوتبوو، بەهەردووکیان ژوورەکەیان پڕ کردبوو.

بەچاکی بیرت لەسەر کارەکەت جێگیر نە دەبوو، هەڵسوکەوتی ئافرەتەکەت شی دەکردەوە، چەندجار ((جەڕنافین))ەکەت لەدەستی

هەرزەلی بورغیەکانت بۆ شل نەدەکرایەوە، کاتێکت زانی دوو دەست لـە پـشت ڕا لـە ملتـەوە ئـالاَن و گرانییـەك کەوتـە سـەر هـەردوو قولْنجـت، هەستت کرد سینگی ئافرەتەو گرێی مەمکەکانی لـە پـشتت گـیر بـوون، هیچت بۆ نەگوترا، بەهێواشی خۆت لەنێو باوەشی دزیەوەو لەسـەر خـۆ گوتت: ((زەحمەت نەبێ ماوەم بدە ئێرکۆندێشنەکە چاك بکەمەوە)).

کە ئاوڕت دایەوە، چۆکێکی گەیانـدبووە عـەردی و چـۆکەکەی تـری لەکەلەنی ڕۆبەکەی هاتبووە دەرەوەو ناو گەلْ و ڕانی بە ڕووتی و ڕوونی دیار بوو، مایۆ سوورەکەی هێندەی تر دلْکێش و هەست بزوێن تـر بـوو، بـە ئەنقەسـت سـینگی خـۆی نیـوە ڕووت کـرد بـووەوە، لـەژێر شـەوقی گلۆپـە سوورەکەش هێندەی تر دلگرو هەست بزوێن و دەمار پڕخوێنکەر تر دەبوون.

چاوەکانی پڕ نازو حەز بوو بەمنەت بەسەر کردنەوە دەدووان. خۆی بۆ نێو باوەشت شل کرد، تۆش دەستت دایـە بـەر سـینگی و بـە پـشتدا ڕەتـت کـردەوە، چـەند تـۆ گـران دەجـوولاَیی و ڕێـت لێ دەگـرت، ئـەو هێندەی تر جلەوی خۆی لەدەست دەداو بەتاو تر بۆت دەهات. لێوی لە لێوت دەسوی هەستی گەنجی و برسیەتی ئەم هـەموو تەمەنـەو هانـدانی مۆسـیقاو بـۆنی خـۆش و نـازو خـۆ نوانـدن و هاتنـە پێـشی ئافرەتەکـە، هەموویان پێکەوە لەتاری گەنجانەیان دەدای و قەپاغی سەر ئەم هەموو تەپسکردنەو غوردییەیان هەلْدەدایەوە. دەمارەکانت پـڕ خـوێن بـوون و دەتویست وەك مندالێکی ساواو نەدیتکە بکەویتـە ڕنینـی بێـستانی ئـەم ئافرەتـە، ئەمانـە هـەمووی خواسـتی هەوەسـی گـەنجی و تـەوژمی

تەپسکردنەوە بوون، بەلام هەست و بیرو باوەڕو جۆری پەروەردەو شەڕەفی (کوڕ)انەو خودی کەسایەتیت، جلەوی (شەیتنالغاو)یان لەسەر نایی و پەلبەستیان کردی.

ئافرەتەکە کارێکی ئامێرکرانەی لەتۆ دەویست، ئەو دەیویست ئێرکۆندێشنەکە، ژوورەکەی بۆ ساردبکاتەوە، تۆش ژوورەکەی بۆ گەرم دابێنی، زۆرتر دەهاتە پێش.

دیسان دەستت بە سینگیەوە ناو ویستت لەخۆتی دوور بخەیتەوە، کەچی دەستی گرتی و خستیە سەر مەمکەکانی و پتر لێت هاتە پێش، بەهێزترو تووڕەتر لەخۆت دوور خستەوە. لەدوورەوە کە دەستی دەگەیشتە مل و گەردنت دەستی لە بناگوێت گیر کرد، لەم کاتەدا وات هەست کرد کە تۆ ئافرەتێکی هەژارو خاوەن هەتیوی لەماڵە دەوڵەمەندێك بەڕەنجی شان کار دەکەیت و بژێوی منداڵەکان بەکارکردن بەدەست دێنیێ، کەچی خاوەن ماڵی ملەوەز سمێڵ فش فرسەتی بەدەست هێناوەو دەیەوێ دەماری هەوەسی لەباوەشی تۆ خاو کاتەوە، بەدەست خۆت نەبوو، هەوەسی گەنجی و غوردی، گۆڕا بە ڕق و تووڕەیی، تووڕەو بێزار تر ئافرەتەکەت لەخۆت دوور خستەوە، دەتویست خۆت نەدەیتە دەست، ئاخر دەوڵەمەندەکان ژن و پیاویان کەتێر دەخۆن، دڵدەگێڕن و دەیانەوێ دەماری هەوەسی خۆیان بە (کارەکەر) و (ناوماڵ) ە کانیان خاوکەنەوە.

هیچ بیر لەوە ناکەنەوە، ئەم ئافرەتە منداڵی ساواو برسی لەماڵەوە بەجێ هێشتووە، ئەم کوڕە دایکێکی نەخۆش و بێ دەرمانی لەماڵەوە

چاوەڕێی دەکات.

ئافرەتەکە وا گەرم داهـاتبوو، سـەر کوڵمـەکانی پـڕ خـوێن ببـوون و وەك گوڵ گەش گەش‌و گەرم داهاتبوون، چاوەکانی حەزو ئارەزوویان لێ دەتکایەوە و چەندی دەیکـرد خـۆی بـۆ نـەدەگیرا، دیـاربوو چـاوەڕوانی ئەوەش نەبوو کەتۆبە دەنگییەوە نەچی. ئەمانە هەمووی وای لێکرد پتر بەنازو حەزو منەتەوە سینگ بێنێتە پێش.

تۆش خراپت لێ بەسـەرهاتبوو، لـەنێوان حـەزی گەنجانـەو فرسـەتی بەردەسـت و بـاوەڕی کوڕانـەو خـودی کەسـایەتی خـۆت کەوتبوویەتـە کێشە، هەریەکەو بەلایەکدا ڕایاندەکێشای.

ئافرەتەکە هەستی ڕاگرت، تێگەیـشت بـۆی ناچـێتە ژێـر بـارو خـۆی نادەیتە دەست، کشایەوەو دابەزییـە خـوارەوە کـە گەیـشتیە خـوارەوە هەستت کرد، دەنگی مۆسیقا هەوەس بزوێنێکە بـەرزتربووەوە، دیـسان ترپەی پێی لەسەر پەیژە دارینەکە هـات و سـەرکەوتەوە، هـات پـێش و دەستەیەك (دە) دیناری فڕێدایە پێشت و گوتی: ((هەڵیگرە بۆخۆت)).

بەتووڕەیی و ڕقەوە تەماشـایەکی ئافرەتەکـەت کـردو لـەدڵی خۆتـدا گوتت: بەڵێ: دەوڵەمەندەکان تەنیا ئەو (چەك)ە یان هەیە پێی بنـازن و لەهەموو جەنگێکدا دەستی بۆ بەرن و پشتی بێ ببەستن، ئەوان خۆیـان بـۆ هـەموو شـتێك لـەپێناو بەدەسـت هێنـانی ئـەم (چـەك)ەدا دەکـەن، پێـشیان وایـە هـەموو کـارێکیش لەگـەڵ هـەموو کەسـێك و لەهـەموو شوێنێکدا هەر بەم (چەك)ە دەکرێ.

تۆ لـەم خەیالآتانـەدا بوویـت ئافرەتەکـە لێـت هاتـە پـێش و ویـستی

خۆی باوێتە باوەشت، ڕێت لێ گرت و ڕەتت کردەوە، دیسان دەستی خستە بناگوێت و پەنجە ناسکەکانی لە مل و گردنت هەڵسوی و بەنازەوە زللەیەکی نەرمی خێواندە بناگوێت، ئەمجارەش وات هاتە بەرچاو کە (تۆ) کچێکی هەژاری و لەماڵ، یان کارگەی دەوڵەمەندێك کاردەکەی و خاوەن ماڵ و کارگەش تی کردوویەتییەوەو دەیەوێ پرت داتێ، کە تۆش پاش ئەم هەموو هەوڵ و بەرتیل کارییە خۆی نادەیتە دەست، دەیەوێ بەلێدان ناچارت بکاو ئابڕووت بەرێ.

وەك شریتی سینەماو لەیەك چرکەدا، ئەم هەموو ئافرەتە هەژارو ئابڕو براوانەت هاتەوە بەر چاو کە لەبەر هەژاری و بێ کەسی دەوڵەمەندو زۆردارەکان پڕیان داونەتێ و ئابڕویان بردوون و لەپاشاندا لەپێش خەڵك جوێنیان پێداون و بە سووکیان ناوبردوون ((ڕقی هەموو ئەم ئافرەتانە لەگیانی(تۆ)دا کۆبووەوە، ئەویشت لەلا بوو بە هەموو ئەو پیاوە ملەوەزو دەوڵەمەندانە کە پاڕانەوەو گریانی ئێوە مانان هیچ کارێکیان لێ ناکات)).

تۆش هیچ ڕێگایەکت نەبوو بۆ خۆپاراستن، تووڕەیی و بێزاریت گەیشتە ڕادەیەك، دەتویست بەیەك زللە ئەم هەموو هەقە لەم دەوڵەمەندە ملەوەزە بستێنیتەوە، کە ئێستا دەیەوێ ئابڕۆت بەرێ، بۆیە بەهەموو هێزتەوە دەستت ڕاوەشاند، بەلاّم (ئەو) خۆی کێشایەوە، بەئاستەم سەری پەنجەکانت بەر ڕوومەتی کەوت، بە ڕق و بێزاری و دۆڕاویەوە لێت دوورکەوتەوەو زریکاندی و گوتی: ((موخەبەل))

ئەمەی گوت و دابەزییە خوارەوە، تۆش هەناسەیەکی

سەرکەوتووانەت هەڵکێشاو لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆت کرد، لەژێر ئـاوو ئارەقەدا بووی.

پاش کـەمێك تـۆش دابەزیتـە خـوارەوە لەدەسـت شـۆرەکە هەنـدێك ئـاوت بەسـەرو چـاوو مـل و گـەردنی خـۆت داکـرد، ڕیکۆردەکـە هـەر دەسووڕایەوەو دەنگـی مۆسـیقاکە دەهـات، بـەڵام دەنگەکـە وا دەهاتـە بەرگوێت کە دەتگوت ڕیکۆردەکە تێکچووەو خڕەخڕیەتی، دەنگێکـی وا کـەپێت وابـوو، چەکوچـەو لەمێـشکتی دەدەن. نـەك دەنگـە هـەوەس بزوێنەکەی دەمێك لەوەپێش بۆنی خۆشی گوڵاوەکـەش گۆڕا بـوو، وەك بـۆن بۆگەنییـەکی پـیس سـەرو دڵتـی پـێ هەڵدەچـوو، ڕەنـگ و ڕووی ئافرەتەکەش شل و لۆچاوی و خاوو هەڵبزڕکاو بـوو، دەتگـوت هـەر لـەو ماوە کورتەدا دەیان ساڵ گەورە بووە و پیری، جوانی و ناسکیەکەی لێ ستاندۆتەوە. ڕەنگ و ڕووی تەماشاکردنی نـەمابوو، بەڕاسـتی هـەر ئـەو دەم تێگەیشتی کە هەستی واقیع ناسی و بـیرو بـاوەڕی تـووڕەیی چـۆن تـام و بـۆن و ڕەنـگ و ڕووی خۆشـی کـە لەسـەر ڕیشەی دزی و زوڵـم و زۆری و ناپاکی پێگەیشتبێ، دەگۆڕێ و لەبەر چاوو دڵی دێخێ..

کـە سـەرو چـاوی خـۆت سـڕییەوە، چـویتە بـەردەرگاو بـۆ دواجـار سەیرێکی ئافرەتەکەت کرد، بینیـت سـەری خـستووەتە سـەر مێزەکـەو پرچـی بەسـەر گۆڤارەکـەدا پـەرت بـووەو تـەنك و وێنـە ڕووتەکـەی داپۆشیوە. بەردەوام هەنسکی دێتێ، دەرگاکەت بەدوای خۆتدا ڕاکێشاو بە تەنیاو خەمەوە بەجێت هێشت..

هەولێر ١٩٨٥

# مەرگی سەگ

زۆر جار ئاواییەکەی خۆیانی بەم شێوەیە دیبوو، ئەمە جاری یەکەم نەبوو، ئـاوا خـەڵکانێکی لایـدەو بیـانی بـە بـەرگ ورەنگـی جیـاوازەوە، دەڕژانە نێو ئـاوایی و دەوری خەڵکەکـە دەگـیراو شـلۆقی دەکەوتـە نێـو ئـاوایی، بـەلأم ئـەم جـارە ترسـێکی گـران، کـە نەیـدەزانی لـە چـییەوە هاتووە؟ دڵی داگرتبوو، هەرچەندی دەسوڕاییەوەوە خۆی لە ژن و پیـاو منداڵەکان نزیك دەکردەوە، بێفایدە بوو، کەس بەری بەوەوە نەبوو.

بە پەیژەکە دەچووە سەربان و دەهاتەخوارەوە لەدەوری خانوومالْ چـەرخەی دەکـردو دەگەڕایەوەبـەردەم حەوشـە. بەنیگەرانییـەکی زۆر

دەچووە ئەو سەری ئاوایی و خۆی نەدەگرت و زوو دەگەڕایەوە پێش ماڵ. وەردەکەوت. هەڵدەسایەوە. دەوەڕێ.. دەنووسکایەوە. هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی، لەچ جێگایەك و بەچ شێوەیەك ئارام بگرێ. زۆر جار کە بەم شێوەیە ئاوایی دەشڵەژا و تەقە دەکەوتە نێو ئاوایی، زوو دەیقووچاندو بەرەو ئاقار دەیکوتا. هەتا تەقە نە بڕابوایەوەو ئاوایی هێمن نەبوایەوە نەدەگەڕایەوە. ئەمجارە هەر چەندە ناو ناوە تەقەش دەکرا، بەڵام هەر سوڕێك بەدەوری کۆڵا نەکاندا غاری دەداو زۆر دوور نەدەکەوتەوە و زۆری پێنەدەچوو، دیسان دەگەڕایەوە بەر دەرگا. زۆرشتی تازەی دەدی، کەلەوە پێشترو جارانی پێشوو نەیدیبوون. بەرە بەرە گڕە گڕو تۆز تێکەڵ دەبوو، دیوارەکان بەسەر یەکدا دەکەوتن و خشتەکان لەبەر یەك دەهاتن. داری حەوشەکان زۆر بەرز دەهاتنە بەر چاو.

پیکەبێك، لە پێش ماڵەکەیان ڕاوەستابوو، ژن و پیاوەکان ماڵەکەیان دەکێشایەوە نێو پیکەب. ماڵەکەبە نیوە ببوو. پشیلە ڕەشەکە دوو بێچووەکەی خۆی هەڵگرت و بردنیە نێو پێکەبەکە و خۆی لە نێو شت و مەکەکاندا ماتکرد. ژنی خاوەن ماڵەکە بەبێزاریی و گریانەوە وەدەری نا. بۆ جاری دووەمیش دەرییان کرد، بەڵام پشیلە ڕەش بۆ جاری سێیەم بێچووەکانی بردەوە نێو پێکەب و لە نێوان کەل و پەلەکان جێگای بۆ خۆی کردەوە. ژن و پیاوی ماڵەکەش بە بێزاری و سۆزەوە لێی گەڕان.

کە هات پێکەبەکە پڕبێ، ئەویش سەرکەوت ویستی جێگایەك بۆ

خۆی بگریَ، بەلاَم لیَیـان خوڕپییـەوەو وەدەریـان نـا. جـاری دووەمـیش سەر کەوتەوە، بەلاَم ئەم جارە پیاوی ماڵەکە زۆر بە بێزاریـەوە دارەکـی خێوانـدیَ، نووسـکەی لەبـەرەوە نـەهات و بـیَ بـەرگری ولەسـەر خـۆوە کەمێك دوورکەوتەوەو کەوتە تەماشایان.تێکقژقژانی خەڵکەکـەو گرمـەی ڕووخانی خانووەکان و گریانی ژن و منداڵ تێکەلّ ببوە. تـۆزی خـانووە رووخاوەکان بەرە بەرە نزیك دەببوەوە.

پێکەبەکە پڕبوو، ژن و منداڵەکان سوار بوون، بـە تونـدی بـە دەوری پێکەبەکـەدا کەوتــە ســوڕان. ویــستی دیــسان خــۆی هەڵداتــە ســەر پیکەبەکە، بەلاَم نە جێگا مـابوو، نـە ڕێگاشـیان دەدا سـەرکەویَ و تێـدا بمێنێتەوە. پیکەبەکە لەگوندچـووە دەەوەو مـالّو خاوەنەکـەی لەگـەلّ خــۆی بــرد ئــەویش بەنەرمــەغار ســەراودوی نــا. تــۆزی پێکەبەکــەو ماشێنەکانی تـر، تێکـەلّ بـوون. بـاش ڕێگـای بـۆ نـەدەبینرا؟ بـۆییَ لـە لاڕێوە بەدوایدا کەوتە غار، ڕێگـای ماشـێنەکە خـۆلّ بـوو، بـەم هۆیـەوە دەیتوانی لەنزیکەوە بەدوایەوە بـیَ و لـە غـاردان نەکـەویَ تـا پیکەبەکـە گەیـشتە ســەر جـادە قیرکراوەکـە، نێـوانی ئـاوای و جـادە قیرتاوەکـە چارەگە سەعاتێك بـوو. کـە گەیـشتە سـەر جادەکـە، پێکەبەکـە چـاکتر کەوتە ڕێگـە بـرین. ئـەویش هەسـتی کـرد پێییـەکانی لـە دووی نایـەن و چیتر ناتوانیَ سەر لە دوو پیکەبەکە بنیَ و نەهێلّیَ لەبەر چاوی بزر بـیَ! تا دەهات پێکەبەکـە دوورتـر دەکەوتـەوەو خۆشـتر دەڕۆیـشت، ئـەویش هێزی غـاردان و ڕاکردنـی کـەمتر دەبـوو.دوا جـار هەسـتی کـرد نـاتوانیَ چـیترغاردا، خـۆی دایـە لاڕیَ وهـەتا لـە چـاو دیـار بـوون چـاوی لەسـەر

هەڵنەبڕین، بەڵام دوا جار هەستی کرد دوور کەوتنەوە، پیکەبە سپیەکە بووە خاڵێکی بچووك و ئەویش لەنێو ڕەشایی جادەکە توایەوەو ماشێنەکانی دوای ئەویش هیچ شوێنێکیان بۆ ئە و نەهێشتەوە تا بینینی ئەم خاڵەشیان ڕەشکردەوە. کەمێکی تر لە جادەکە دوور کەوتەوەو خۆی لەسەر پێیان نەگرت و وەرکەت.

هەستی بە ماندوو بوون و برسیەتی نەدەکرد، بەڵام گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا هاتبوو، کە یەکەم جار بوو بەم شێوە ئاڵۆزی دڵ و دەروونی بگرێتەوە. کە پێکەبەکە ئاوایی بەجێهێشت، کێشتانێکی درەنگ بوو، بەڵام تاوەکو تاریکی نەکەوتە عەردی، لەو جێگایەی کە وەرکەوتبوو هەڵنەستایەوە. کەتاریك داهات، ئەو ناوە بەجارێك چۆڵ بوو، جادەکە نە ڕێبوار نەماشێن هیچی پێدانەدەڕۆیشت. ئەو ناوە چۆڵ بوو،هەر چەندانێکی وەك خۆی تێك دەسوڕان، نەیدەزانی ڕوو لە چ لایەك بکات. کەمێك بەسەر جادەکەدا ڕۆیشت و چاوی بڕیە ئەو ڕێگایەی کە پێکەبەکەی قووتدا، جادەکەی بێ سەروبن هاتە بەرچاو، بەلای خوارەوەدا ئاوڕی دایەوە، دیسان جادەکە نەدەبڕایەوە بێ سەروبن بێ کۆتایی، جادەکە هێندەی تر دڵی تەنگکرد. ڕووی بە لای ئاواییەکەدا وەرگێڕا. هیچ هەست و خوستێك لەو دەورو بەرە نەدەهات. دوو سێ سەر سوڕایەوەو دوا جار نا ئومێدانە، بەو ڕێگایەی بە دوای پێکەبەکەدا غاری دابوو ڕوەو ئاوایی گەڕایەوە. خەریك بوو ئاواییەکە نەناسێتەوە، نە ڕووناکیەك، نەهەست و خو ستێك، نەدەنگی منداڵێ، نە ژنێ، نە پیاوێ، نە ئاژەڵێ، کەس، هیچ کەس هەست و نەستی لە ئاوایی

نابیندریٚ، نا بیستریٚ، گلۆپەکانیش بە دار تێلەکانەوە نا سووتێن! ئـەم تاریکی و بیٚ هەست و خوستییە هێندەی تر دڵی تـەنگ و پەسـت کـرد. هاتـەوە بـیری، کـە یەکـەم جـار گلۆپـەکان داگیرسـان و ئـاوایی ڕووناك بۆوە، ئەوان هەموویان ئاواییان بەجێهێشت و هەلاّتن کەڵەشێرو مریـشك قاز دەستیان بە بانگدان و قیقەقیق و قیژەقیژ کرد. کەر کەوتە زەڕین و زۆڕە زۆڕ. منداڵـەکانی ئـاوایی تێـك دەسـوڕان و زاق و زیقیـان بـوو. ڕوونـاکی کارەباکـە، ماوەیـەکی باشـی ویـست تـا لەگـەڵ دەروونـی ئاژەڵەکان و خەڵکی ئاوایی ڕێکەوت و ڕاهاتن.

ئێـستا، نـەڕووناکی مـاوە نـە ئـاودەنگ. بـە بـۆن شـوێن ماڵەکـەی خۆیانی دۆزیەوە. سەربان و دیواری حەوشەو خانووەکـان، هـەموو وەك هەموو ماڵە ببوونە خشتی بەسەر یەکدا ڕووخاو و کەڵەکە کـراو. چـووە بن داری حەوشەو دارەکەی زۆر بڵند هاتە بەر چاو، ئەوەی لە ئاوایی بـە پێـوە مـابووەوە، تـەنیا دار تێـل ودرەختـی حەوشـەکان بـوو، دار مێوەکانیش، کەپریان ڕووخا بوو و نیشتبوونە سەر زەوی و لە ژێر خۆڵ و خشت، نیوە دیار بوون. کەمێك بەسـەر خـشت و خۆڵەکـەدا بـازی داو هاتوو چوو، لە پڕ گوێی لە دەنگێکی هاو ڕەگەزی خۆی بوو، لەو سەری ئاوایی، ڕووەو دەنگەکە چوو، کە تەواو لێـی نزیـك بۆوە،ناسـیەوە. ئـەو بەستەزمانەیە، کە زۆر جار لەگەڵ یەك بەشەڕهاتبوون و ببوەنە قانـدڕی یەك و هەر جارەی تووشی یەك هاتبان، دەبووە شەڕە ملەیان و دەمیان تێك دەنا. هەتا لێکیان نەکردبانایەوە، یەکتریان دەشێلا، بەلاّم ئەمجارە هەردووکیان، هەر لە دوورەوە کەمێك پێك حەپین و لێـك مـۆڕ بوونـەوە.

تەواو لێك نزیك نەكەوتنەوە، ماوەیەك بەرانبەر یەك وەستان، هیچیان ئەو ڕق و تووڕەیەی جارانیان نەمابوو، لەگەڵ یەك نەكەوتنە شەڕ ئەمە یەكەم جار بوو، تووشی یەك دەبوون و سواری ملی یەك نەدەبوون. هەردوولا مەیلی شەڕیان نەما بوو، بەلام پێكەوەش هەڵیان نەدەكرد. دوا جار هەر یەكە بە لایەكدا لێك دوور كەوتنەوە. گەڕایەوە سەر خشت و خۆڵی ڕووخاوی خانووەكەیان و ماوەیەك لە ژێر دارەكەی حەوشە وەركەوت. چاوەكانی خستە سەر یەك. پشیلەكەی هاتەوە بەرچاو، یەكەم جار بوو ئیرەیی بە پشیلەكە دەبرد. دەهاتە بەرچاوی كە ئێستا لەگەڵ تەواوی ئەندامانی خێزانەكەیان پێكەوەن، بەلام نەیدەتوانی، بزانێ لەكوێن چۆنن و چی دەكەن. دەهاتە بەر چاوی كە پێكەوەن، هەر تەنیا ئەو بەتەنێ لێرە بەجێ ماوە. لەپڕ دوقەی مریشكێك بە ئاگای هێنایەوە، هەر زوو بەرەو دەنگەكەی چوو. دوو سێ كۆمەڵە خشت وخۆڵ لەو لایەوە، مریشكێك لەسەر كۆمەڵە خشتێك هەڵقونجابوو. یەكەم جار بە هەشتاوی بە نیازی خواردنی سەراودووی نا. مریشكەكە بەسەر كۆمەڵە خشت و دیوارە بەسەر یەكدا تەپاوەكان، كەوتە باڵەفڕەو بە دوقەدوق و قیقەقیق، بێدەنگی شەوەكەی شكاند. پێیەكانی خۆی توند نەدەی لە غاردان بەدوای مریشكەكەدا، هەرچەندە لە بەیانیەوە هیچی نەخواردبوو، دیسان ئارەزووی خواردن و هێزی برسێتی ئەوەندە نەبوو، لە غاردان ساردنەبێتەوە، هەتا مریشكەكە دەگرێ. بیست هەنگاوێك بەدوایدا ڕایكردو پاشان سارد بۆوە. مریشكەكە، بە دوقە دوق چووە سەر بڵندترین كەلەكە خشت. بەرانبەر

بە مریشکە کە وەرکەوت. مریشکەکە ترس دڵی پڕ کردبوو، بێدەنگ نەدەبوو، بە دوقە دوق و قیقە قیق ئەو ناوەی پڕکردبوو. ئەم گۆڕانە کتوپڕو هەمەلایەنە ئارەزووی دڕندایەتی و شەڕ و زوڵم و زۆری لە دڵدا کوشتبوو. لەگەڵ ئەم هەموو برسییەتیەش ئارەزووی خواردنی مریشکەکەی نەما بوو. هەر چەندە مریشکەکەش لە ترساندا بێ دەنگ نەدەبوو قیقەقیقی دەهات، ئەو دەنگە زۆر دڵتەنگی دەکرد، بەلاّم دیسان پێی خۆش نەبوو ئەم گیانلەبەرەی ئاواییەکەی خۆی بێ دەنگ بکات، ئەم ئاو دەنگیەی پێ خۆش بوو. سەبر سەبرە مریشکەکە ترسی دەڕەویەوەو جێگۆڕکێی دەکرد. ئەمیش دوو سەر سوڕاو لەگەڵ مریشکەکە لێك نزیك بوونەوە. هەر چەندە مریشکەکە هەر بە ترسەوە دەجوولاّ، بەلاّم ئەو هەتا پێی دەکرا جووڵەیەکی نەدەکرد تا مریشکەکە لێی بکەوێتە گومان و دەست بکاتەوە بە قیقەقیق. حەپەیەکی تر هات. ئەمجارەش بە دوای دەنگەکە داچوو، ناسیەوە، کۆنە قاندرەکەی خۆی بوو. لە دوورەوە مۆڕەیەکیان بۆ یەك کرد،کەمێك بەرانبەر یەك وەستان، دوا جار هەردوو تیوا تیر ڕووەو مریشکەکە هاتنەوە. کە مریشکەکە چاوی بەدووان کەوت، بە توندی کەوتە قیقە قیق کەچی هەردووکیان، لە دوورەوە وەستان و لێی نەچوونە پێش. مریشکەکە دیسان جێگۆڕکێی کرد و چووە سەر بڵندترین کۆمەڵەخشت. ئەمانیش هەردووکیان دوور بە دووری بۆ دڵنیایی ڕووە و ئەو وەرکەوتن.

ئەم شەو هیچێکیان خەویان لێ نەکەوت. بەیانی زۆر بەشڵەژاوی وبێزاریەوە لە نێو ئاوایی لێك دوور مرو مۆییان دەکرد، بەلاّم خواردن

نەبوو، ئاو نەبوو. هەتا نیوەڕۆ بەسەر خشت و خۆڵەکان بازیان دەدا و تێك دەسوڕان. پاش نیوەڕۆ، تینوێتی زۆری بۆ هێنان. لە کوێ قوڕ و تەڕاتیەك هەبوو تێی دەسوڕان و زمانیان لێ دەسوی و پێکۆڵیان لێ دەکرد. مریشکەکە، دەندووکی لێ دەکوتا. پاش نیوەڕۆ هەر سێکیان بێ ئەوەی ئاگاییان لەخۆیان بێ و ڕێك بکەون. هەر تەنیا برسیەتی و توێنیەتی ڕێگای لە ئاوایی چوونە دەرەوەی پێ گرتنەبەر. گەرچی نەشیان دەزانی ڕوو لە کوێ دەکەن و بۆ کوێ دەچن؟ مریشکەکە نەدەگەیشتە ئەوان، ئەوانیش لە ڕۆیشتندا زۆر توندو خۆشڕۆ نەبوون. ماوەیەکی باش لە ئاوایی دوورکەوتبوونەوە، بەمەرجێك هەر تەنیا دار تێل و درەختی حەوشەکانیان لێ دیار بوو، بەلاّم لەملایەوە، لە پێشیان هیچ ئاوەدانیەك دیار نەبوو. خەریك بوو تاریك دادەهات، سۆزی شوێن ئاوایی و بێ هێزی و برسیەتی و تینوێتی هەنگاوی پێ شل کردن. بە ناچاری ڕووەو ئاواییە بێ ئاوەدانیەکەی خۆیان گەڕانەوە! هەتا دەهات برسێتی و تینوێتی و بێ هێزی پتر بێ هیوای دەکردن.

هەردووکیان جار جارە بە چاوی برسیەتییەوە سەیری مریشکەکەییان دەکرد، بەلاّم هیچیان بۆیان نەدەکرا، مریشکە برسیەکەی ئاوایی خۆیان بکەنە خۆراکی برسێتیان. سۆزی یەك ئاوایی و دەردی برسێتی و خەمی بێهاودەنگی، هەر سێکیانی کردبووە هاوەڵ و کەمێك سەبووریان پێك دەهات و دڵیان بەمە خۆش بوو. ڕۆژی سێیەم مریشکەکە، لە پەل و پۆ کەوت، هەردووکیان بە دیاریەوە هەڵتوتکان، مریشکەکە دوقە دوق و قیقەقیقی نەمابوو، بە ئاستەم سیخەسیخەکی لە

سینگیەوە دەهات. پێش نیوەڕۆ تەواو بێدەنگ بوو، پاش نیوەڕۆ، ملـی خوار بۆوە. هەردووکیان لەدەوری دەسوڕانەوەو بونیان دەکرد، لەگـەڵ ئەم هەموو برسێتییەش هێشتا هیچیان ئارەزووی خواردنیان نـەدەکرد. بێدەنگی و لە جووڵەکـەوتنی مریـشکەکە خـەمێکی تـازەی بـۆ هێنـان و ئەوانی زیاتر لێك نزیك کردەوە. پێکەوە زۆر سوڕان و گەڕان، زۆر جاری تـر ماوەیـەکی بـاش لـە ئـاوایی دوور کەوتنــەوە، بـەڵام دوا جـار هــەر دەهاتنەوە نێو کەلاوەکە و خشتی خانووە ڕووخاوەکان. هەر چـیەکیان دەخوارد برسیەتی و تێنوێتیان نەدەشکا! گیا و پەلکە مێـو، کاغـەز و پەڕۆ هیچ دادی نەدەدان. پێکۆڵی تەڕاتی و عەردی جێ حەوشەکان پـتر مانـدوو و تینـووی دەکـردن. دوا جـار ئـەوانیش هــەردووکیان لەپــەلوپۆ کـەوتن و لـەژێر دار سـنەوبەرەکە بەرانبـەر بەیـەك، چـاو کـز و برسـی و تێنوو و بێهیوا، لەپو لـەپ کـەوتن. مریـشکەکە دوو ڕۆژ بـوو لـە جووڵـە کـەوتبوو، ئـەوانیش پێـنج ڕۆژ بـوو ئاویـان نـەخواردبۆوە، شـتێکی ئـەو تۆشیان نەخواردبوو بەری دڵیـان بگـرێ. ڕۆژی شەشـەم پـاش نیـوەڕۆ، ئەوانیش هەردووکیان کەوتبوونە گیانەڵا. قاندڕەکەی نووسکە نووسـکی سەرە مەرگی بوو، بـە ئاسـتەم نـوزەی دەهـات و پـەلی دەجـووڵا. زۆری نەخایاند، ئەویش وەکو مریشکەکە بە بەرچاویەوە لە جووڵە کـەوت. دوا جـار هێـزی دایـە بـەر خـۆو هــەر چـۆنێك بـوو، خـۆی گەیانـدە لاشـەی مریــشکەکەو هێنــای لــە تەنیــشت تــازە مردووەکــەی هــاوەڵی داینــا. بەدیاریانەوە، لـەپ و لـەپ خـۆی گەیانـدە عـەردی، خۆخێوانـدنێك، کـە جارێکی تر بۆی هەڵنەستێتەوە، هەرچـەندە برسـێتی و تێنـوێتی هێـزی

لەبەر بڕیبوو، توانای حەپەی نەما بوو، بەلاَم ئەو بەدیار لاشەی هاوەڵەکانییەوە ڕۆژانی ڕابردووی بیر دەهاتەوە. شتێك نەبوو لە نێو هەموو بیرەوەریەکان بەدڵی نەبێ. کەسێك نەبوو، لە نێو هەموو خەڵکەکەی نێو ئاوایی، ڕقی لێی ببێتەوە. تەنیا ئەو دوا هاوەڵی بوو، کە ببوونە قاندڕی یەك، هەر جارەی لیك ڕاست هاتبان، یەکتریان دەشێلا، بەلاَم ئەوەتا ئێستا فرمێسك بۆ ئەو و بۆ خۆشی و بۆ مریشکەکەو هەموو خەڵکی ئاوایی دەڕێژێ. دیسان پشیلەکەی هاتەوە بیر، کە دوا جار بە سواری پێکەب لەگەڵ هەموو ئەندامانە خێزانەکەی، بوونە خاڵێك و لەنێو جادە ڕەش و بێسەرو بنەکە توانەوە، بیرکەوتنەوەو بیر هاتنەوەی نەدەپسایەوە، کەچی نە بەخۆی و نە کەسیش دەزانێ چ ساتێك ئەوەیش بووە، سێیەمین لاشە.

١٩٨٧/٦/٥ هەولێر

# کاری بێ کاریی

خۆزگە ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن پێناسەی خەڵك بخوێنەوەو تایبەتمەندییەکانیان بزانن‌و پرسیاران لەخەڵکی بکەن، هەر تەنیا بۆ خۆیان دەخوێدەوەو دەپرسی‌و کات‌و شوێنی هەرپرسیارێکیشان دەزانی!

نەك وەکو مامۆستا بەخۆی و دەنگە زڕەکەیەوە رووی تەواوی خەڵکیت بەلادا وەرچەرخێنی‌و بەپرسیارێك و دوو وازت لێ نەهێنی‌و ئێخەت بەرنەدا. ئاخر پیاو کە بێ کار بێ چ وەڵامێك ئەم جۆرە کەسانە بداتەوە.

– پێت نەوتم ئێستا چ کارێك دەکەی؟

پێم خۆش بوو هەر پرسیارێکی لێ کردبام‌و گریی هەگبەی هەر نهێنییەکی پێ کردبوومایەوە، بەس تەنیا ئەو پرسیارەی نەکردبا، بۆیە ویستم هەر چۆنێك بێت خۆ لەپرسیارەکەی لابدەم‌و وابکەم پرسیارەکەی سەر بکات‌و منیش وەڵامی نەدەمەوە. بەڵام مامۆستا هێندە پێ داگرو جارِس‌و بوو، ئەمجارەش بەدەنگێکی بەرزتر پرسیەوە: ئەریێ پێت نەگوتم ئێستا چ کارێك دەکەیت؟

سەیرم کرد مامۆستا سەرێکی بەپرسیارکردنەوە هێناوەو نایەوێ بەبێ وەڵام بگەرِێتەوە. ناچارو بەنادڵیەوە گوتم:

– هەر کارەکەی پێشان.

کە گوتم (کارەکەی پێشان) مەبەستم ئەوەبوو وا لەمامۆستا بگەینم‌و وای بێنمەوە یاد کەپێشتر لەبارەی کارەکەی من شتێك دەزانی‌و پێویست ناکات چیتر پرسیارم لێ بکات‌و بەو هیوایەی لەکورتی ببرِێتەوە.

بەڵام، دیاربوو مامۆستا دەیویست وەختم پێ رابوێری‌و زانیاریەکانی خۆی لەسەرمن نوێ بکاتەوە، بۆیە بەگەرمیەوە درێژەی پێداو وتی:

– ئا.. ئاراست دەکەی،چۆنە کارەکەتان گران نییە؟

چار نییە! مامۆستا رشتە لەسەر پرسیارەکانی‌و واز ناهێنی. ناچار منیش وەکو مێخزنجیر بەدوای رِستی پرسیارەکانی داخشیم.

– نەخێر مامۆستا

: خۆ هیچ کارێك بێ ئەزیەت نابێ، بەڵام،رەنگە کارەکەی ئێوە لەو

کارە گرانانە نەبێ.

: ترسی گواستنەوەو شتی ئاواتان نییە؟

—نەخێر ئێمە مانان ناگوێزرێینەوە،نەك هەر ناگوێزرێینەوە بەڵكو ئازادیشین.

: بەڕاستی خراپ نییە پیاو لەشاری خۆی كاربكات و ترسی گواستنەوەو شتی ئاواشی نەبێ.

—بەڵێ.... بەڵێ وایە.

: لەگەڵ ئەم زیادەیا چۆن بووی، مانگانەكەت گەیشتەچەند؟

— ئەم زیادەیەئێمەی نەگرتەوە.

: هەه... ئەی كەواتە موخەسەساتتان چەندە؟

— رۆژانەین موخەسەساتمان نییە.

: باشە رۆژانەكەتان چەندە؟

— بەخوا كەم شتێك دەبێت.

: دایمین، یان موەقەت؟

— بەخوا بڵێم چی؟ ماوەیەكی زۆرە ئەم كارە دەكەم.

: بەڵێ... بەڵێ دیارە موەقەتن،هەرسێ مانگ، شەش مانگ جارێك بۆتان تازە دەكەنەوە.

مامۆستا زۆر بەسەربەستیو بەدەنگێكی بەرز یەك بەدوای یەك ئەم پرسیارە قورسسانەی بەچرۆچاومدادەدا.

بەجۆرێك زۆربەی خەڵكی ناو پاسەكە گوێیان بۆ پرسیارەكانی مامۆستاو وەڵامەكانی من شل كردبوو. منیش هەر چەندە زۆریشم لەبار

خۆش نەبوو، دیسان نەدەکرا هەر زوو و وابەئاسانی (پێناسە) ی خـۆمی لەدەست بنێم،هەر چەندە هیچ پێناسەیەکیشم نەبوو، ناچار بەم وەڵامە خۆ کردانە لەسەر خۆ وەڵامی مامۆستای خۆش لوتفم دەدایەوە.

: نەت گوت بەڕێوەبەرەکەتان کێیە؟

– قوربان بەرێوەبەرمان نییە

: مەبەستم لێپرسراوەکەتان؟

– لێپرسراویشمان نییە.

: هەڵبەت دایەرە نییە؟

– نەخێر.

: کەواتە شەریکەش نییە؟

– بەڵێ، شەریکەش نییە.

: لەوانەیە ئەهلی بێت کارەکەتان؟

– نەخێر ئەهلیش نییە.

بەدەنگێکی بەرز کە توورەییەکی باشی پێوە دیاربوو گوتی:

:ئەی کەواتە جەنابی ناموبارەکتان چ کارێکی ناموبارەك دەکەن؟

– ئەوانەی تائێستا لەنێو پاسەکەدا ئاگایان لـە مـشتومڕەکەی ئێمـە بوو دایانە پڕمەی پێکەنین.

– قوربان نەمگوت هەرکارەکەی پێشان.

: کارەکەی پیشان.. کارەکەی پێشان، ئاخر ئەوکارە چ کارێکە؟

– مامۆستا (کاری بێ کاریی).

: کاری بێ کاریی یانی چی؟

مامۆستا تائێستا بەهەڵە لەمن گەیشت بوو چاوە کزو کوێرەکانی لەپشتی شووشە ئەستوورەکانی چاویلکەکەیەوە زۆر بەوردی بەقەدو باڵامدا گێڕا، کە تێگەیشت پاش ئەم هەموو چەنەچەنە سەر چیغ چووە بە یەکجاریش لەدوایین وەڵامم یەکجار پەست ببوو کە گوتم (کاری بێکاریی) یەکارم، شەرمو تووڕەییەکی توند گرتی‌و هەموو خوێنی بەدەنی لەچرو چاوی کۆکردەوە. هەستم راگرت‌و سەیرەکەم مامۆستا تەواو ترشاوەو پتر بدوێ دەبێ سەروگوێلاکی یەکتر بکوتینەوە بۆ ئەوەی کارنەگاتە شەڕە شەق، پاسەکە رایگرت، هەرچەندە هێشتا هەڵوەستەیەکی ترم مابوو بگەمە جێگای خۆم، بەنەرمی خشکەیەکم بۆکردوو مامۆستام بەهەڵپەنمایی بەجێ هێشت‌و بێ خودا حافیزی دابەزیم.

١٩٧٥/٧/٥ هەولێر

بـــژاردن

رۆژی دوایی، كێشتانێ پۆلیس دەوری ماڵی (مام مارف)یان گرتبوو، ماڵەكەیان دەپشكنی، نەمام مارف دیار بوو! نەخاتوونی خێزانی نە منداڵەكان، خەڵكەكەش دەمیان گیرابوو، چاویان ببووە پرسیار؟!

* * *

– مارف عەلەكە سێودین بریندار.

وەڵام، نەبوو! دیسان بانگیان كردەوە:

– مارف عەلەكە سێودین بریندار.

دەبوو وەكو هەموو خەڵكەكە كەبەسۆڵی خۆی رانەگات! كەجارێك بانگیان كرد، مارف.. چوار جار گوتبای، بەڵێ.. بەڵێ بەگم ئەوەتا

لێرەم!! کەچی هێندە بەساردی هاتە وەڵام، بەئاستەم خۆی لەناوەکەی بەخاوەن کرد.

پۆلیسی بەردەرگا بەتوندی تێی خوڕیەوە.

– چییە؟ بۆ وا بەساردی وەڵام دەدەیتەوە و لەسەرخۆ دەڕۆی؟!

پەلەکە خۆ ناچیتە سەر چاکی؟

زۆر وەڵامی توند و رەقی بەبیردا دەهاتن، بۆ ئەوەی وەڵامی پۆلیسەکەی پێ بداتەوە، بەڵام دواجار هاتە سەر ئەوەی، کەباشترین وەڵام، لەم کاتەدا بێ دەنگی و بەهەند هەڵنەگرتنی قسەکانیەتی، چووە بەردەم لێپرسراوەکە و لەناخەوەش هەستی بەململانێیەك دەکرد، کەتەواو بەرووییەوە دیاربوو.

– مارف عەلەکە سێودین بریندار ئەتۆی؟

وەك لەخەوێکی گران بەئاگا هاتبێ سەرێکی بۆ لێپرسراوەکە لەقاند.

– لەگەڵ تۆمە! بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ جەنابت مارف عەلەکە سێودین بریندراری؟!

بەتیژی و پڕ ماناییەوە چاوی بڕیە نێوچاوی لێپرسراوەکە و بەرق و بێ دەنگییەوە تێڕاما!!

– چیتە؟ دەڵێی وەك ناوەکەت برینداری؟! یان لەخۆشیا ودمت گرتووە؟!

کە لێپرسراوەکە گوتی: (دەڵێی وەك ناوەکەت برینداری) ئەمەشی بەئاوازێکی وا گوت: کەهەتا هەڵدەگرێ سووکایەتی پێ کردن بوو!!

مام مارف چیرۆکی ئەم (بریندار)ی یەی هاتەوە یاد، کەزۆرجار لەباوکی و پیرەکانی ئاوایی بیستبوو کەبەشانازی دەیان گێڕایەوە: تورکەکان چووبانایە هەر ئاواییەك، دەستیان لەهیچ نەدەگێڕایەوە، ژن و پیاو و پیر و منداڵیان دەکوشت، پارە و زێڕیان دەبرد، پڕیان دەدایە

ناموسی ژنان! هەر گوندە و بەرگرییان لەئاوایی و ماڵی خۆیان دەکرد. زۆری نەمابوو، تورکەکان لەگەڵی ئاوابن، پێنج کەس رێگایان لێ گرتن. سێودین هەر زووو بریندار بوو، گوللەیەکی بەر تەنکەی زگی کەوت، ریخۆڵەی بەگوڕێ وەربوو. کەچی ئازایانە هەر خۆی بەپژدێنەکەی، توند برینەکەی خۆی پێچاپەوە و دەستی لەشەڕ هەڵنەگرت! زۆریان لەتورکەکان کوشت، لەو پێنج کەسە سێ کەسیان لێ شەهید بوو، دوو کەسیان مانەوە، ئەم دووەش (سێودین بریندار) و (عەلی ئاگر) بوون.

ئەم ناوی (بریندار) و (ئاگر)ەشیان هەر لەم شەڕ و بەرگرییەدا بەسەردا بڕا. سێ شەهیدەکەش دوو برازا و مامێك بوون، ئێستاش، ئەو بەرەبابە ناوەکانیان بەبنەماڵەی شەهیدان بەناوبانگن. (عەلی ئاگر)یش تفەنگەکەی ماهو زەڕ بوو. هەرچەند فیشەکەکی دەتەقاند، گڕۆز ئاگرەکی لێ بڵند دەبوو. بەم بۆنەیەوە ناویان لێنا (عەلی ئاگر). مام سێودینیش بەبرینداری هەر شەڕی دەکرد. هەتا لەزۆرلاوە خەڵکیان هاتنە یاری و تورکەکانیان شکاند و نەیانهێشت بچنە نێو ئاوایی، لەم رۆژەوە مام سێودین بە (سێودین بریندار) بەناوبانگە و ئەم (بریندار)یش لەوەوە بۆ (مارف)ی کوڕەزای ماوەتەوە. ئەویش وەتی هەیە شانازی پێوە دەکات. کەچی، ئێستا ئەم لێپرسراوە زۆر بەتانە و تیزەوە وشەی (بریندار)ی دەربڕی!!

مام مارف وەك زۆرجاری دی، ئەم چیرۆکەی بەپەلە بیرهاتەوە و ناوی (بریندار)ی بەدوو ئاوازی لێك جیا دەهاتە بەر گوێ! ئاوازی سەربەرزی و شانازی پێوەکردن! ئاوازی پڕ لەتانە و تیز و سووکایەتییەوە!

تا ئێستا هەر بێ دەنگ بوو! دیسان لێپرسراوەکە بەسەری دا قیڕاند:

– بۆ دەنگ ناکەی، چییە ! لەگۆڕستانەوە هاتووی؟ جـەنابت مـارف عەلەکە برینداری؟ !

دەفتـــەر نفوســـەکەی لەباخـــەڵیا گـــوێی بـــەدەرەوە بـــوو، کـــاتبی بەردەستی لێپرسراوەکە دەستی گەیاندێ و دەری هێنا و سەیری کرد و گوتی:

– بەڵێ گەورەم خۆیەتی، مارف عەلەکە سێودین بریندار!

لێپرسراوەکەش سەیری دەفتەر نفوسەکەی کرد و گوتی:

– وەرە پێشەوە ! وەرە نانێك بخـۆ دەی بکـە خێـر! چـل و شـەش هەزارت بۆ دەرچووە، هەر دوعای خێر بۆ (حکومەت) بکە؟ !

قـــسەکانی لێپرســـــراوەکە وەکـــو چـــەکوچ لەمێـــشکی دەدران و دەزرینگانەوە، نەهیچی بۆ دەگوترا و نەهیچیشی پێ دەکرا! !

فەراشـــەکە بـــەتووڕە و توندییـــەوە لەدەســـتی رووهـــات و پەنجـــەی گەورەی دەسـتە چـەپی لـە (ئیـستەمپا) کەهـەڵ سـوی و لـە سەرچـەند کاغەزێکی بەرز و نزم کردەوە. کەفەراشەکە دەستی بەردا، وای هەسـت کرد، تۆقێکی گرانی لەدەست داکەلانراوە.

– بڕۆ لەبەرچاوم گوم بە ! هێندە فەساڵێکی جوانت نییـە ! تـا پیـاو سەیرت بکات! روحت فلسێکی سووتای ناهێنێ، چـل و شـەش هـەزارت بۆ دەرچوو، چل و شەش هەزار!

قسەکانی لێپرسراوەکە دەت گـوت، گوللەیـە بەروحیـەوە دەنـدرێن، بەچاوە پڕ خوێنەکانی زۆر بەرقەوە لەلێپرسراوەکە وردبۆوە، بەدەسـت خۆی نەبوو، هەتا دەهات رقی لێیان ئەستوورتر دەبوو.

* * *

کەگونیەی پارەکەیان پیشان دا، ئەفسەری پۆلیسەکە گوتی:

– با دوو پۆلیست لەگەڵ دابـێ. هـەتا ماڵـەوە.. نـەکا پیـاو خراپێـك

لێتی بستێنێ؟!

تا ئێستا یەکەمجار بوو دەهاتە دەنگ، بەناڕەزاییەوە گوتی:

– پێویستیم بەپۆلیس نییە!

ئەفسەرەکە گوتی:

– ئاخر لێتی دەستێنن؟!

بەنەرمی و توڕەییەوە گوتی:

– لەمێژە لێیان ساندووم!

پۆلیسەکە گوتی:

– بەگم، بەخوا ئەم پیرەمێردە لەخۆشی ئەم هەموو پارەیە تێکچووە و هوڕێنان دەکا.

* * *

گونیەکەی بەکۆڵی دادابوو، (وصل)ی پارەکەی بەدەستەوە بوو، گەیشتە بەر دەرگای دەرەوە.

پۆلیسی بەر دەرگا لێی پرسی:

– ها.. خالۆ چەندت حەڵاڵ کرد؟!

وەڵامی نەدایەوە.

پۆلیسەکە لە (وصل)ی پارەکە روو هات و سەیرێکی کرد و شەپێکی کێشا بەسەری خۆی دا و هاواری کرد: (چل و شەش هەزار...!) رووی بەلای پۆلیسەکەدا وەرگێڕا و گوتی:

– زۆرە...!

پۆلیسەکە گوتی:

– ئەی گوایە هێشتا ناڕازی خالۆ؟!

ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و گوتی:

– چۆنە! بیدەم بەجەنابت؟!

پۆلیسەکە گوتی:

– نا.. خالۆ.. نا! ئەمە خواردنی ئێمە مانـان نییـە! حـەلاڵی خۆتـە قوربان!!

مام مارف گوتی:

– نەوەڵڵاهی بەڕاستمە دەی دەم پێت! بەڵام، بەمەرجێ؟!

پۆلیسەکە هەر بۆ رابواردن و بەفزولیەتەوە گوتی:

– کام مەرج؟!

خالۆ فرمێسك وا بـەری چـاوی گرتبـوو رەنـگ و رووی پۆلیـسەکەی بـەروونی نەدەهاتـە بەرچـاو کـەمێك سـەری لەپۆلیـسەکە بـردە پـێش و گوتی:

– بەمەرجێك!

پۆلیسەکە بەتەوسەوە پێکەنی.

خالۆ گوتی:

– پێمەکەنە! ئەوەی لەناو ئەم تەلیسە دایە و لەماڵـەوەش هەرچـیم هەیە، تـەنیا دەسـتی ژن و منداڵەکـەم دەگـرم. ئـەوەی هەمـە بـۆ تـۆی بەجێ دێڵم، هەر بەمەرجێك!

پۆلیسەکە تەواو مەرەق گرتبووی، دیسان گوتی:

– کام مەرج.. خالۆ! کام مەرج؟!

خالۆ هەلی بۆ وەدەست هات، تـا ئـەوەی کەلـەناوەوە ئـازاری دەدا، کەمێکی لێ وەدەرنێ، گوتی:

– بەمەرجێك بمگەڕێنێتەوە جێگای خۆم!!

پۆلیــسەکە وەك ئــەوەی لەقەوچــەی درابێتــەوە، تــەس بــۆوە و سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد و بەترسەوە گوتی:

– برۆ.. خالۆ برۆ تۆ بەڵات بەدەمەوەیە!

مام مارف بەدەنگێکی لەجاران بەرزتر گوتی:

– نە خالۆ.. نە! بەڵام بەدەمەوە نییە! بەڵام بەکۆڵەوەیە!

* * *

دەڕۆیشت و تەلیسەکەی بەکۆڵەوە بوو، وای هەست دەکرد، هەموو ئازار و خەمی دنیا بەدوای خۆی رادەکێشێ، باری هێندە گرانە، لەوەش تاڵتر لەناوەوە هەستی بەئازارێك دەکرد، ئازارێك کەرەنجی هەزار ساڵەی بەتەنیا وشەیەك لەچاوقووچانێکدا دۆڕاندبێ، یان بەزۆر و زۆرداری لێیان ساندبێ!!

تا دەهات لەئاواییە هاوچەرخەکە نزیك دەبوویەوە، هەتا نزیکتر دەبووەوە، گرنگتر رێگای لەبەر دەڕۆیشت و پتر هەستی بەئازار دەکرد و پێی وابوو، بەدەست و پێ سندم کراوی و قامچی کوت بەرەو زیندانێکی هەمیشەیی دەبەن!

خانووەکان بەدوو ریز لەتەك یەك دروست کرابوون، کەلەدوورەوە سەیری ریزە خانووەکانی دەکرد، ئەو رۆژەی دەهاتە بەرچاو کەلەشکر هاتە ئاواییەکەیان و هەرچی خەڵکی ئاوایی مابوونەوە، بەژن و منداڵ و پیرەوە، هەموویان لەبەردەم ئەشکەوت دا، بەدوو ریز ریزکردن و ئەفسەرێکی تورگانی، فەرمانی بەچەند سەربازێك دا، ئەوانیش لێیان دانیشتن و دایاننە بەر دەستڕێژ! لەگەڵ دەنگی تەقە و زیرە و ناڵەی بریندارەکان لەخەیاڵەکەی دابڕا و خانووەکانی نزیکتر هاتنە بەرچاو. لەلا پەڕگەی رۆژهەڵات خانووێکی بەرکەوتبوو، خەڵکەکە هەموو حەوش و باخچەیان بۆ خۆیان کردبوو، ئەسپیندار و مێو و گوڵیان لەحەوش و بەردەمماڵەکانیان چاندبوو، دەوری خانووەکان دەت گوت: رەزێکی بڕاوەیە و تازە بنی داوەتەوە و نەمامی دەرداوە، هەر تەنیا خانووەکەی (مام مارف) بوو. لەدوورەوە وەك شاخە بەردێکی سپی و

خوێناوی رووت دیار بوو، هەتا پەنجەرەی ژوورەکانیشی جام نەکردبوو.

هەر ئەوە بوو، لەم تازە هەوارە دەستی هیچ کارێکی نەدەگرت، خێزانەکەی زۆرجار پێی دەگوت:

— مارف.. تۆ لەئاوایی.. جگە لەرەز و حەوشەی مزگەوت و مەکتەب دەوروبەری هەموو کانییەکانی ئاوایشت کردبووە دار داری بەردار و گوڵەباغ! ئێستا بۆ وا دەمارت شل بووە و دەستت هیچ کارێك ناگرێ؟؟

لەوەڵام دا دەیگوت:

— نازانم! ئافرەت نازانم!! هەست بەغەریبی دەکەم! وا هەست دەکەم ئێستا هەر تەنیا بۆ یەك شەو رێمان کەوتۆتە ئێرانە! لەوەش خراپتر وا دەزانم، ئێرە بەندیخانەیە! لەراستیش دا هەر بەندیخانەیە و لەبەندیخانەش خراپتر!!

خێزانەکەی دەی گووتەوە:

— چار چییە؟ دەبێ خۆت لەگەڵ ئەم ژینە تازەیە رابێنی و بجوڵێی، بۆ خۆمان نا! دڵت بەم منداڵانە بسوتێ!

— ئافرەت! منداڵی چی؟ دەڵێن: بولبول لەقەفەس بێچووە هەڵناهێنێ؟!

— پیاوەکە! ئاخر هێلکەی ئێمە تروکاوە و گوناهی ئەم منداڵانە چیە؟

— نازانم! ئافرەت نازانم! هەر هێندە دەزانم و وا هەست دەکەم، پیرە دارێکی هەزار ساڵەم و لەرەگ و ریشەوە دەرهاتووم و خەریکە وشك دەبم!!

— پیاوەکە، خۆ بەخۆشی خۆمان نەبوو! ئێمە و هەموو خەڵکی ئاواییەش، بنە گوێزێکمان بەهەموو کلوری دنیا نەدەگۆڕییەوە، دوایی چیمان لەدەست دێ؟!

— ...؟!؟

* * *

مـــام مـــارف پـــشتی بـــەدیواری ژوورەوە دابـــوو، ئـــاوڕێکی بـــەلای گونیەکەدا دایەوە، کەزۆر بێ باکانە لەگۆشەی ماڵەوە دانابوو.

خێزانەکەی هەستی بەوە کرد مام مارف سـەیری گونیەکـە دەکـات، فرسەتی بەدەست هێنا و گوتی:

– بیبە ! ! تۆش وەکو ئـەم خەڵکـە، تەسـلیمی حکومـەتی بکـەوە و لـەبانکی دانـێ ! بـا لەکنـە خۆمـان نـەبێ ! هـەموو خـانوو و عـەرد و ڕەزەکانمان، ئەوەتا لەنێو ئەم گونیە لەعنەتییەدایە !

ئەویش ئاوا بەبێ باکی فڕێت داوەتە ئەو گۆڕەی ! !

مام مارف سەری بەرزکردەوە و زۆر بەگلەیی و پڕ ماناییـەوە چـاوی بڕییە چاوی خێزانەکەی و هیچی نەگوت.

خـاتوون کەچـاوی مـام مـارفی وا پـڕ خـوێن و تـوڕە و بێـزار بینـی، بەچاکی زانی چیتر لەگەڵی نەدوێت.

* * *

دنیا تاریك داهاتبوو، مام مارف هەر لەجێگای خۆی دانیشتبوو هـەڵ نەدەستا.

خێزانەکەی بەخۆی نەوەستا و گوتی:

– دە هەستە، پیاوەکە هەستە.. ناوی خوای بێنە، نوێژەکەت بکـە، نانەکەت بخۆ ! بەم دانیشتنە چیمان بۆ ناکرێ؟ !

(بەرد جوڵا، دار جولا مام مارف نا.. ! !)

ژنەکەی دیسان بەپاڕانەوە و گلەیی رووی تێکرد و گوتی:

– خۆ هەر ئێمە بەتـەنیا وانـین؟ ! سـەدان.. هـەزاران مـاڵ و ئـاوایی وەکو ئێمەن ! دە هەستە بۆ خاتری ئەم منداڵانە، قسەیێ بکـە، پـاروە نانێ بخۆ.. ! !

مام مارف ژنی یەکەمی بەدوو گیانی، لەگەڵ ژن و پیر و منداڵەکانی ئاوایی وەختی خۆی بەر دەستڕێژی سەربازەکان کەوتبوو.

لەم ژنەش کۆزی ساوابوو، ئەگەر زوو لێی تێك نەچووبا !

کۆزی ساوا نەبووایە؟ منداڵەکانی مابان. ئێستا خۆی بەپشت ئەستوورتر و بەهێزتر دەزانی دەیتوانی چاکتر شان بداتە بەر باری رۆژگار و بەر پێی خۆی روونتر ببینێ ! !

پاش کەمێك بێ دەنگی، دیسان خاتوون لێی پاڕایەوە، ئەمجارەیان بەناز و خۆشەویستی رۆژانی بووکێنی ! بەزمانێکی پڕ لەناز و پاڕانەوە گوتی:

– دە هەستە.. پیاوەکە هەستە ! !

(مردووی قەبرستانان هاتە دەنگ و جوڵا مام مارف.. نا ! ! )

منداڵەکان تەواو هەستیان بەحاڵی باوکیان کردبوو، لەدەوری سفرەی خواردن کۆبوونەوە و کڕ دانیشتبوون و دەستیان بۆ نان نەدەبرد ! !

* * *

رۆژی دوایی.. کێشتانێ، پۆلیس دەوری ماڵی مام مارفیان گرتبوو، ماڵەکەیان دەپشکنی، نەمام مارف دیار بوو نەخاتوونی خێزانی و نەمنداڵەکان، خەڵکەکەش دەمیان گیرابوو، چاویان ببووە پرسیار؟؟

## ئـاگـاداری ...

بەرێزان مـن (**مەولود ئیبراهیم حەسـەن**) هەموولایـەك ئاگاداردەكەمـەوە، كـە مـافی چـاپكردنەوەی ئـەم كتێبـەو هـەموو چـاپكراوەكانم، لەهـەموو رووێكـەوە بـەپێی یاسـا پارێزراوەو هەموو چاپكردنەوەیەك‌و وەرگرتن وەرگێڕانێك دوای رەزامەنـدی بەنوسـراوی ئێمـە دەبێـت‌و هـەركار پێكردنێـك لـەدەرەوەی یاسـاوە لێـرە بـەدواوە بەرپرسیاریەتی یاسایی بەدواوەیەو مافی نووسەر بەهـەموو شێوەیەك پارێزراوە..

لەگەڵ رێزو خۆشەویستی

**نووسەرو لێكۆڵەر**

**دكتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**٢٠١٧/٨/٢٠**

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەرو لێکۆڵەر

## پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر مولود ئیبراهیم حەسەن

**لێکۆڵینەوەکان:**

١- قەدەغە شکێنی - دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢- گەڕان بەدوای نەمرییدا نامەی ماستەر، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢.

٣- پێکهاتەی ئەفسانی کوردی تێزی دکتۆرا ، دەزگای رەنج، سلێمانی،٢٠٠٧.

٤- نەورۆزی کورد.. لە ئەفسانەوە بۆ بەجیهانی بوون.

٥- ساواك بۆچی (حەسەن زیرەك)ی کوشت.

٦- فێربوونی زمان بەلەبەرگرتنەوە ٢٠١٣.

**کۆکردنەوە**

١- هێلکەی نامێ، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ئینستیوتی کوردستان هەولێر، ٢٠٠٦.

٢- هێلکەی نامێ، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ئینستیوتی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣- تێرنەخۆرە، بەرگی یەکەم، بەشی سێیەم، دەزگای بەردخان، هەولێر، ٢٠٠٨.

٤- زیاتر لەعەشقێك، بەرگی یەکەمین، بەشی چوارەم، دەزگای بەدرخان، هەولێر، ٢٠٠٨.

**کارە ئەدەبییەکان:**

١- وریابن خەوتان لێ نەکەوێ، چیرۆك بۆ مێر منداڵان، بەغدا، ١٩٨١.

٢- گۆرانی ئازادی، چیرۆك بۆ مێر منداڵان وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئیسماعیل محەمەد فەهمی سەعید، نیگار: هونەرمەند گرفتار کاکەیی، دەزگای بەدرخان، هەولێر، ٢٠١٢.

٣- خۆت لەمن بزرمەکە،شیعر، بەغدا،١٩٨٥

٤- بەردەژن،کورتە رۆمان، هەولێر، ٢٠٠١

٥-پیری کیوان، کورتە رۆمان،وەزارەتی رۆشنبیریی، سلێمانی،٢٠٠٤.

٦. پێڵاوی شنگالییەکان شیعر، دەزگای بەدرخان، ٢٠١٥

٧- مەرگی سەگ، کورتەچیرۆك، ٢٠١٧

**کاری کلتووری:**

١- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ئەربیل، ١٠ بەرگ، بەڕێوەبەری گشتی ئینسکلۆپیدیا ، دەزگای بەدرخان، چاپی لبنان، ٢٠٠٩

# پێرستی چیرۆکەکان

**بخوێنە خەمت نەبێ ........................................... ٩**

**سەرهەڵدانەوە ........................................... ٢١**

**ئایشە گوڵ !! ........................................... ٣٩**

**خـــاچ ........................................... ٥٤**

**لەسەرت دەنووسم ........................................... ٧١**

**سەگەکەی ستەنیك !! ........................................... ٨١**

**خۆنەدانە دەست ........................................... ٩٣**

**مەرگی سەگ........................................... ١٠٩**

**کاری بێ کاریی ........................................... ١٢١**

**بـــژاردن ........................................... ١٢٩**